# داوای بەجینۆسایدکردنی ئەنفال دەکەین، کەچی درامای کوردی ئەنفال دەکرێ



## تایبەت بە هونەری بەدرخان

لەبارەی وەستاندنی دراماکەو ساردکردنەوەی ئەو لەکاری هونەری سالار سوڵتانی دەرهێنەر گوتی: لە راستیدا دەمەوێ زۆر بە راشکاوی ئەوە بڵێم هەتا لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیش باسم کردووە، ئەوە دەستێکی سیاسی لەپشتە، موزایەداتی سیاسی لەپشتە، ئیش لەسەر ئیفلیجکردنی رەوتی هونەرە، یانی ئەنجامی ئەوەی لەزمنی موزایەداتی سیاسیەوە، ئەنجامەکەی ئیفلیجکردنی لایەنی رۆشنبیری و فەرهەنگی میللەتێکە، ئەم نارەزایی دەربڕینە حاڵەتێکە رێکخراوەو بەداخەوە ئەمە تیرۆرە، بەڵام ئەو تیرۆرەیان خەتەرناکترە، تیرۆری فکر و هونەر، دیاردەیەکی زۆر زۆر خەتەرە، کاتەکەی رێکخراوەو هاوکاتە لەگەڵ ئەو بەزمەی گۆڤاری وێران و ئەو هەلایەی هەیە لەسەر گۆڤارێک کە دابخرێ و ئەو بەزمەی بە دەزگای سەردەم و ئاراس کراوە، ئەوانە پێمان دەڵێ کە کۆمەڵگای کوردی لە قەیرانێکی زۆر گەورەو خەتەرناکە، بەداخەوە هیچ روونکردنەوەیەک لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە نییە، ئەوە زۆر زۆر ترسناکە، بەراستی هێزێک هەیە لەپشتی ئەوەو هێزەکە هێزێکی کۆنە پەرستەو هێزێکە بەراورد ناکرێ لەگەڵ ئەوەی بڵێم پێش ٢٠٠٠ ساڵ خەڵک وا بیری نەکردۆتەوە، لە ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا لە یۆنان خەڵک کتێبی لەسەر تەنزیمی فکری نووسیوە، بەراستی ئەوە زۆر ترسناکە لە ٢٠١٠ ئەوە لە کۆمەڵگای کوردی روودا، نوکتەیەکت پێ بڵێم لەناو هەرێمی کوردستانی عێراق ٥ ملیۆن کەسێکین نزیکەی ٧٠٠-٨٠٠ کەناڵی راگەیاندنمان هەیە بەهەموو جۆرەکانیەوە، کەچی کە دێتە سەر پرسی ئەوەی گوایە کارەکەی ئێمە باسی خۆشەویستیمان کردووەو خۆشەویستی کارێکی بێ حورمەتی کردنە بە کەسوکاری ئەنفال، بەراستی ئەوە زۆر خەتەرە، قسە لەسەر هەر چ پرسێک دەکەی بۆت دەخەنە خانەی حەلال و حەرامەوە، دەڵێ نەکەی دەست بۆ ئەمە بەری حەرامە، ئەی بۆ یەک ئینسانی سیاسی و هاوڵاتی کورد، بۆ کەسێکی حزبی و هونەرمەندێک لەسەر "وادی الذئاب" کە زنجیرە درامایەکی تورکیەو پارساڵ نمایشکراوە و ئەمساڵیش نمایش دەکرێتەوە لە کەناڵە عەرەبییەکان، زنجیرە درامایەکی تورکیە بێ حورمەتی بە خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکان یەک کەس نایەتە وەڵام، کاکە ئەوە موشکیلەیە، هاوکاتە لەگەڵ ئەو قەیرانە سیاسییەی هەندێک لایەنی سیاسی بەدەستیەوە دەناڵێنن، لەدوای ئەو هەڵبژاردن و شتەی لەو دواییە کراوەو باجەکەشی هونەر و هونەرمەندان دەیدەن، لێتان ناشارمەوە تا دەمرم خەریکی کاری هونەری خۆم دەبم، باکم نییە، زۆر تینم بۆ بێ دەچم لە دەرەوە کار دەکەم، هەر کێشەم نییە، بەڵام بەراستی دەبێ خەڵکی وڵاتەکە خۆی و ئەوانەی کەسی بەرپرسن لەم شتە بکۆڵنەوە، نەیەڵن ئەم حاڵە رووبدا، رۆژانە دەیان کاردەکرێ لەسەر بێ حورمەتیکردن بەو میللەتەی ئێمە، کەس کاری لەسەر ئەوە نەکرد، رێکخراوێک هەیە بەناوی رێکخراوی "هەڵوێست" بەیاننامەیەکیان دەرکردووەو ناوی خۆشیان ناوە رێکخراوی مەدەنی کار لەسەر ئەوە دەکەن داکۆکی لە مافی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال دەکەن، کە من دەستخۆشیان لێ دەکەم، بەڵام رۆژێک لە رۆژان ئەو رێکخراوە بەرێزە نەهات کار لەسەر ئەو کۆمەڵە ئەنفالچیە بکا کە لەناو هەرێمی کوردستان ماوەو هەندێکیشیان قسەیان دەخوا لەزۆر جێگا، بۆ نایەن ئەو کەسانە بدەنە دادگا، ئەوانە ئەنفالچی بوون بۆ نایەی ئیش لەسەر ئەوە بکەی، یان من بەو رێکخراوەم گوتووەو دەشیڵێمەوە لەهەر جێگەیەکی دنیاش بێ باسی دەکەم، ئیشی ئەو رێکخراوە لای من هەرواشە لەوە زیاتر هیچیان نەکردووە، ساڵانە یەک وتار دەخوێننەوە لە ٤/١٤ یادی ئەنفال و تەواو.

**بۆ قسەکردنی زیاترو خستنەڕووی راستییەکان، هەفتەنامەی بەدرخان هونەرمەندانی کوردستان و دەرهێنەری دراماکەی دواندووەو لە لاپەڕە ١٢ راپۆرتێک لەوبارەیەوە بخوێنەرەوە.**


هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٤٠) شەممە ،
ئایاری ٢٠١٠/٥/٨ زایینی
بەرانبەر بە گوڵانی ٢٧١٠ی کوردی
ساڵی دەیەم

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

بەدرخان
Bedirxan
بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش




## سمکۆ محەمەد:

بەهاوکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و دەزگای بەدرخان ئینسکلۆپیدیای ئەنفال دەردەکەین

ل٣



## کۆبوونەوەیەک سەبارەت بەئینسکلۆپیدیای سلێمانی

رۆژی ٢٠١٠/٥/٣ لەهۆڵی سەنتەری رۆشنبیری زانکۆی سلێمانی، بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ کۆبونەوەیەکی سەرەتایی سەبارەت بەچۆنیەتی دەستبەکاربوون بۆ پرۆژەی نووسینی ئینسکلۆپیدیای شاری سلێمانی سازکرا. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا کە چەندین پسپۆڕو شارەزای بوارە جیاجیاکان وەک لیژنەی باڵای ئینسکلۆبیدیای سلێمانی پرسوڕایان پێبکرێت و هەر لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەکۆبوونەوەکانی داهاتوو کرا کە چۆن دەستبکرێت بەم پرۆژە گەورەیە کە باس لەتەمەنی شاری سلێمانی لەهەموو بوارەکاندا لەماوەی ٢٠٠ ساڵی رابردوودا دەکات.
پێشتریش دەزگای بەدرخان پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای شاری هەولێری گرتەدەست و لەماوەی چەند ساڵێکدا توانی لەچەند بەرگێکی قەشەنگدا بیخاتە بەردەستی خوێنەران.



## خۆشەویستی پشتی قوتابییانی زانکۆ دەشکێنێت

ل١١

دوو لێکۆڵەری فەرەنسی لە کوردستان:

## لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان رەفتاری مرۆڤەکان جیاوازن

ل٢





## وەڵامێک بۆ د. شێرکۆ عەبدوڵڵا

ل٢

## کتێبی "خۆشەویستی لە وڵاتێکی لەتکراو"




باس لە تراژیدیای مرۆڤی پێشمەرگە دەکات، ئەم کتێبە لە نووسینی خانمی رۆماننووسی ئەمریکی "جین ساسۆن"ەو لەساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "ڤێنتێج" بڵاوکراوەتەوەو بۆتە مایەی سەرنجراکێشانی هەموو خوێنەرانی ئینگلیزی بۆ ئەو تراژیدی و کارەساتەی، کە لەساڵانی هەشتاکان بەسەر گەلی کورد هاتووە، "د. ئازاد حەمە شەریف"یش، لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی بەزمانی ئینگلیزی لەسەر ئەم رۆمانە بۆ حەوتەم فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن ئامادە کردووە.

**لە ژمارەی داهاتوودا چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەل لەبارەی ناوەرۆکی ئەو کتێبە لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕ د. ئازاد ئەحمەد شەریف بخوێنەوە.**

## سەید مەعروفی باداوەی شاری هەولێر



هەر کەسێک لە کەسایەتی ئاینی و نەتەوایەتی میلەتەکەی خۆی بێئاگا بێت ، هەرگیز ناتوانێ پێشکەوتن و بەرزڕاگرتنی ئاستی نەتەوەکەی خۆی لە هزر و بیری خۆیدا پەروەردە بکات. گوێ نەدانو بێ ئاگا لە ڕابردوو دەبێتە مایەی فرامۆشی ون کردن لە ئاینده ! دەڵێن شانازی بەکێلی قەبرەوە ناکرێت ، وەلێ لە سەدەکانی ڕابردووی ئەم گەل و نیشتمانەدا ، سەرهەڵدان یان پتەوبوونی یەک ڕیزی و تەبای، بڵاوبوونەوەی هەر ئاین و مەزهەبێک ، یاخود شکانی هەر لەشکر و داگیرکەرێک بە کارێکی پڕ لە شانازی بۆ نەوەی ئێستاو باب و باپیرانمان دەگەڕێتەوە .ئێمەی کورد خاوەن سەدان کەسایەتی ئاینی و نەتەوایەتین ، وەک سامانێکی نەتەوایەتیمان بۆ دەگەڕێتەوە ، هەر بۆیە زۆر لە مێژوونووسانی بیانیش گەواهی ئەوە دەدەن ! خاوەن شارستانیەتێکی تایبەتمەندی خۆمان هەبووە، ئەوە تا حەزرەتی ئیبراهیم ، لەبەر یەکتاپەرستی خۆی ، لە پاشای وەخت جیابووەتەوەو بۆ عەرەبستان کۆچی کردووە خەریکی بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی بووە ، دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگای هاونەژادی خۆی ، بەتەواوی بۆتە عەرەب و هەر لەبەر ئەمەشە، کە نەمرووديش بە سامی نەژاد لەقەڵەم دراوە و قورئانی پیرۆزیش ئەم بۆچوونەی بەم ئایەتەی خوارەوە سەلماندووە:( ماكان ئیبراهیم یهودا ) واتا حەزرەتی ئیبراهیم لە یەهود و لە نەژادی سامی نە بووە ، باو باپیرانی یەهودەکان باوەڕیان بە ئیبراهیم هێناوە . تەنانەت پێغەمبەریش ( محەمەد) د.خ، کە لە نەوەی حەزرەتی ئیبراهیمە فەرموویەتی !"العرب منی وانا لست من الاعراب " واتە عارەب لەمنن ، و من لە عارەبان نیم . تەنانەت ڕیوایەتێک هەیە، کە پێغەمبەری مەزن فەرموویەتی: " پاش من خەلیفە لە قورەیش بێتە هەڵبژاردن ، گەر لە نێو قورەیشدا کەسێکی شایستە پەیدا نەبوو ، ئەوا لە قەحتانەکان هەڵبژێردرێت ، خۆ ئەگەر لە ناو قەحتانەکان پەیدانەبوو ، لە نێو عەجەماندا بگەڕێن ". لێرەدا ئاماژەی بۆ ڕەگ و ڕەچەڵەکی خۆی فەرمووە.

ل١٠

## ١٨ خەڵات دابەش کراو سێیەمین فێستیڤاڵی کورتە فیلمی هەولێر کۆتایی پێهات




### تایبەت بە هونەری بەدرخان

دوای چوار رۆژ لە نمایشی بەردەوامی کورتە فیلمەکان و سازکردنی کۆڕ و سیمینار دەربارەی رەوشی سینەماو فیلمسازی لە کوردستان، ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە ٢٠١٠/٥/٦ بە ئامادەبوونی وەزیری رۆشنبیری و رێکخەرانی سێیەمین فێستیڤاڵی کورتە فیلمی هەولێرو هونەرمەندان و رۆشنبیران کۆتایی هات بە سێیەمین فێستیڤاڵی داربەڕووی زێڕین و خەڵات بەخشرایە فیلمە براوەکان.
لە سەرەتادا شاخەوان ئیدریس بەڕێوەبەری فێستیڤاڵ لە وتەیەکیدا باسی لە سازکردنی ئەو فێستیڤاڵە کردو سوپاسی تایبەتی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە یارمەتیدەر بوونە بۆ فێستیڤاڵەکە، دواتر شەوکەت ئەمین کورکی سەرۆکی لیژنەی داوەرانی سێیەمین فێستیڤاڵ لە وتەیەکیدا گوتی: وەکو لیژنەی هەڵسەنگاندن زۆر ئازادانە بڕیاری خۆمان داوەو بە گرنگیشەوە مامەڵەمان لەگەڵ فیلمەکان و ئاستیان کردووە.
دوابەدوای ئەوانە بە سەرپەرشتی لێپرسراوی راگەیاندنی فێستیڤاڵ "مەسعودی مەلا هەمزە" بڕوانامەی رێزلێنان بەخشرایە ١٣ دەزگای راگەیاندن، ئەو دەزگایانەی رۆژانە ئامادەو بەشداربوونە لە گواستنەوەی چالاکییەکانی فێستیڤاڵ.
پاشان دوو بڕوانامەی رێزلێنان و خەڵات لەلایەن رێکخراوی مافی مرۆڤ بەخشرایە دەرهێنەری هەردوو فیلمی "منداڵە بێنازەکان" لە دەرهێنانی رەنجدەر رزگار و هاورێیانی ڤان کوخ لە دەرهێنانی زانا حەمەغەریب".
پاشان دەستکرا بە دابەشکردنی خەڵاتەکانی سێیەمین فێستیڤاڵی کورتە فیلم، بڕوانامەی رێزلێنانی لیژنەی داوەران بۆ دیکۆمێنت بەخشرایە دیکۆمێنتی کۆچ لە دەرهێنانی پەرویز مستەفا، خەڵاتی داربەڕووی زێڕینی دیکۆمێنت بەخشرایە ئاسۆ حاجی بە دیکۆمێنتی "بابا چاوش".
لە بەشی دووەمی خەڵاتەکان بڕوانامەی رێزلێنانی لیژنەی داوەران بۆ فیلمە دەرەکییەکان بەخشرایە هەریەک لە کورتە فیلمی "ئەگەر بڕۆم- دەرهێنانی سالم سەلاواتی، بان لەرزان- دەرهێنانی ئارۆش رەسافی، خەڵاتی داربەڕووی زێڕینیش بۆ کورتە فیلمی دەرەکی بەخشرایە کورتە فیلمی دەنگەکان.
بڕوانامەی رێزلێنانی لیژنەی داوەران بۆ کورتە فیلمەکانی ناوخۆ بەخشرایە هەریەک لە "کورتە فیلمی گوێز- دەرهێنانی سۆران ئیبراهیم، کورتە فیلمی ئەم شەو بێ تۆ- دەرهێنانی حەمید قەوامی"، خەڵاتی داربەڕووی زێڕینی کورتە فیلمەکانی ناوخۆ بەخشرایە هەوار شەریف بە کورتە فیلمی گوڵەکانی دەریا.
جگەلەو خەڵاتە سەرەکییانە بڕوانامەی رێزلێنانی لیژنەی داوەران بۆ بوارە تەکنیکی و هونەرییەکان بەخشرایە باشترینەکان، کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو، باشترین ئەکتەری منداڵ لارا سیروان- گوڵەکانی دەریا، باشترین ئەکتەری ئافرەت- تەرزە سدیق- هەناسە، باشترین ئەکتەری پیاو- عومەر چاوشین- گوڵەکانی دەریا، باشترین مۆنتاژ- جەیران شێروانی- رامان، باشترین وێنەگر بەهاوبەشی هاوکار فەرهاد- فرۆکەی رەش و سپی و بڕوانامە، حەمید قەوامی- ئەم شەو بێ تۆ، باشترین سیناریۆ بە هاوبەشی جوبرائیل ئەبوبەکر- دەنگی رووناکی، بیلال شاکر- دەنگە نەبیستراوەکان".
شیاوی گوتنە ئەم فێستیڤاڵە لە رۆژانی ٢و٣و٤و٥و٢٠١٠/٥/٦ لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر سازیکردبوو.

**بۆ زانیاری زیاتر لە لاپەڕە (٨) راپۆرتێک لەم بارەیەوە بخوێنەرەوە.**



## ئاراستەی سێیەم

سمکۆ عەبدولکەریم

### هەم دەردەو هەم دەرمانە

تەوافوق هەم دەردە هەم دەرمانە، دەردە بۆ ئەو میللەت و نەتەوانەی کێشەی ڕەگداکوتاویان لە نێواندا هەیەو نایانەوێ چارەسەری بکەن، دەرمانیشە بۆ ئەو نەتەوانەی بە بیرو بۆچوون و ئایدیای جیاوازەوە لە سنوورێکی جوگرافی هاوبەشدا بەیەکەوە دەژین.

زۆرجار تەوافوق دەبێتە هۆی ئیفلیجکردنی هەموو شتێک لە وڵاتدا، چونکە لە وڵاتێکی تەوافوقیدا دەبێت بۆ دەرچوواندنی هەر بڕیارو جێبەجێکردنی هەموو پێکهاتەکان بەیەکەوە لەسەر مەسەلەکان هاودەنگ و هاوڕابن، بە پێچەوانەوە هیچ ناکرێ و کەسیش ناتوانێ هیچ بکات، تا ئەو کاتەی هەموو پێکهاتەکان بە یەکەوە لەسەری ڕێکدەکەون، بەدەر لەوە هەموو ئەو مەسەلانە بە هەڵپەسێردراوی دەمێننەوە.

زۆرجاریش دەرمانە، بە تایبەتی بۆ ئەو میللەت و نەتەوە جیاوازانەی لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا بە یەکەوە دەژین و بە درەنگەوە کەوتوونەتە سەرێ و دەیانەوێ پەیڕەوی دیموکراتییەت بکەن. بەڵام پێیان ناکرێ.

لەم نێوانەشدا، هەرچەندە زۆرن ئەوانەی لایان وایە هێشتا کاتی نەهاتووە کۆتایی بە سیستمی تەوافوقی بهێنرێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو دەنگانەی دژی دیموکراسی تەوافوقین لە زیادبووندان، پێیان وایە کاتی ئەوە هاتووەو بایی ئەوەش تێگەیشتووین و پێگەیشتووین بتوانین ئازادانە تەعبیر لە راو بۆچوونەکانی خۆمان بکەین و یەکتر قبوڵ بکەین، بەڵام چەندی دەیهێنین و دەیبەین ئەو هەموو سەرە بەرانە لە مەنجەڵەکیدا ناکولێ.

بۆیە باشتر وایە دەست بە تەوافوقیەکەوە بگیرێ، تا ئەو کاتەی دەتوانین لە یەک کاتدا هەم دۆست بین هەم نەیار، هەم ململانێی یەکتر بکەین، هەم یەکتر قبوڵ بکەین و دان بە مافەکانی یەکتردا بنێین، بەدەر لەوە پێم وانییە پێداگری لەسەر ئازادی بێ قەیدو شەرت بمانگەێنێتە کەنارێکی ئارام، لە کاتێکدا ئارامی ناوچەکە زۆر لەو دیموکراسییەتە بێ قەیدوشەرتە پیرۆزترە، کە هەموان بە حەقی دەزانین.

ناشکرێ هەموو شتێک بکەینە قوربانی ئازادی و دیموکراسییەت، ئەو دیموکراسیەتەی هەندێ کەس و لایەن تا ئەو شوێنە باوەڕییان پێی هەیە کە لە بەرژەوەندی خۆیاندایە، دوای ئەوە ئامادە نین بە هیچ شێوەیەک پابەندی بنەما دیموکراتییەکان بن، بەڵکو تەنیا بۆ ئەو مەسەلانە دەگەڕێنەوە سەر سیستمی دیمکوراسی کە پێویستیان پێی هەبێت.

بۆیە هەموو ئەوانەی پێداگری و بانگەشە بۆ کۆتایی هێنان بە تەوافوقی سیاسی دەکەن گوێز لە هەمبانەی خۆیاندا دەژمێرن.

# وەڵامێک بۆ دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا ... ئافەرم دکتۆر

**بەدرخانپەروەرێک**

بە کورتەیەک ختوکەی سێ بابەت دراوە، بەڵام کاک دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، گۆرانی شاعیر دەڵێ:"بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار. وەکو عەکسی قەمەر وایە لە گۆماوێکی لیخندا".

تۆش بە پێچاوپێچەکانتا هاتوویت و چەند قۆناغێکت بڕی تا گەیشتییە قەناعەتی کاری ئێستات، وتار و نوقورچەکانت ئەوەندە بێ وەڵام بوون نە کەسی گەیاندە کەشەڵانی فەلەک و نە کەسیشی لە کورسییەکەی دابەزاند.

تەنها چەندساڵێکە"بەدرخان"یادەکانی لە دەرەوەی وڵات دەکاتەوە، یادکردنەوەکانی دیکە هەمووی لەکوردستان بەڕێوەچوون، ئەویش بە هیممەت و هەوڵدانی بێ وچانی دەزگای بەدرخان و ڕۆژنامەنووسان بووە، تەنهاش قەتیس نەبووە لەوەی ڕۆشنبیرانی بەشدار بباتە هەندەران یان نا.

ئەوە تەنها چالاکییەکە لەدەیان چالاکی دەزگاکە، کە ڕەنگبێ هەندێ برادەری کەم توانا چاویان چالاکییەکان نەبینێ و بە هەندی وەرنەگرن، ئەویش چونکە رووخان ئاسانترە لە بنیاتنان و ئەوەش کاری کردبێتە سەر بەڕێزت، کە بە نیو دێڕ جێگەی"بەدرخان"بکەیتەوە لە نووسینێکداو بەو شێوەیە، کە بەڕاستی من بە توانجی نازانم و ئەوەندەی بە بەهێزی دەزگای"بەدرخان"ی دەزانم، دەزگایەک تا ئێستا ١١٠ کتێبی چاپکردووەو خاوەنی "١٤٠" ژمارەی هەفتەنامەی "بەدرخان"ە، سەرپەرشتیاری گشتی کاری ئینسکلۆپیدیای هەولێری کردووەو بە شانازیشەوە ئەو بەرهەمە لە بڵاوکراوەکانی ئەو دەزگایەیە"بەدرخان" و ئەگەر فێستیڤاڵی دووەمینی بەدرخانیش نەبوا لە دهۆک لە ٢٠٠٥/٤/٢٢ هەرگیزاو هەرگیز ژمارەکانی (١٢،١٠)ی ڕۆژنامەی دایک "کوردستان" نەدەدۆزرایەوە. هتد

لەکاتێکدا زۆر حەزدەکەین. داواکاریشین لە بەڕێزت لە نزیکەوە"بەدرخان"بناسی. ئاگاداری سەرمایەو مانگانەی کارمەندەکانی و تەنانەت مانگانەی سەرۆکی دەزگاکەش بیت و لێی وردبیتەوە. ئەوکاتە بڕیار بدەی، کە ڕۆژنامەنووسی کورد لەلایەن هەندێ لە بەرپرسانی حکومەت و حزبەکانەوە چۆن تەماشا دەکرێت.

هەوڵدان بە گەیشتنی یادی"بەدرخان"بە جیهان، سەربەرزییە بۆ ڕۆژنامەنووسی کورد، کە دەتوانێ سنووری کوردستان تێپەڕێنێ و ناساندنەکە بەرفراوانتر بکات، کە تاکوئێستا زیاتر لە"١٥٠"ڕۆژنامەنووس لەڕێگەی ئەو دەزگایە، یا قەلەندەرخانەیە، چۆتە ئەورووپاو وڵاتانی دیکە.

"ئەشکەوتی جاسەنە"ش خۆی پرسیارێک دروستدەکات، ئەوە چۆن بەبیرهاتەوە؟ دوای ڕاپەڕین بە "١٩"ساڵ!!.

کاک دکتۆر بیریشت نەچێت، کە چۆن حکومەت ترسی ئەوەی هەیە، کە خەڵکان ببات بۆ هەندەران و هەندێک بە فرسەتی بزانن و داوای پەناهەندەیی بکات و بچێتە ئەو بۆنانەو بڕیاری نەگەڕانەوە بدات و متمانەی حکومەت لای ئەو وڵاتانە لەدەست بدات، بەڵام دەزگای بەدرخان باکی نەبووەو تاکەیەک کەسیش لە هەموو سەفەرەکان جێنەماوە.

* کاک دکتۆر ئێستا نەناسینی یەکتر و ڕاستەوخۆ"ئەشەدوبیللا پێداکێشان" زۆر کەسی ئیشکەرو دڵسۆزی لەبەرچاوی خەڵک خستووەو زۆر کەسی بەرزکردۆتەوە، کە هەرگیز ناگەنە ئەو ئاستەی، کە لە تەنیشت ناوەکەیانەوە دەنووسرێت، دیارە هەر ئەوکەسانەش هەڵەی وا دەکەن، کە سیخورمەیان لێدەدرێ، بەڵام یەک زەڕڕە کار لە پۆستیان ناکات.

* بەکوردی و بەکورتی بە بیانییەک دەڵێین: بەیانیان چی دەخۆی؟ دەڵێ: پارچەیەک کێک یا سەموون و شیرێک و نەختێ سەوزەو شتی لەو بابەتە. بە کوردێک بڵێی چی دەخۆی دەڵێت: خواردنێکی سووک"تێکوشینێک بە گۆشتی"حەیوان یا گۆشتی مریشک" یا سەروپێ، ئێمە وای تێگەیشتووین" چی بکەین. هەندەران بۆ زۆرکەس قورس نییە. چی بکەین لە"بەدرخان"یان گەورە کردووە، کە ئەو ئیشە کەسی تر ناتوانێت بیکات. ڕۆژانە فڕۆکەخانەکان ببینە دەیان وەفد دەڕوات، وەفدی شوێنێکەو فەرمانبەری وەزارەتێکی دیکەی لەگەڵدا دەڕوات...هتد

منیش لەکۆتاییدا دەڵێم: نە سەروپێی بەیانیان و نە بیرکەوتنەوەی ئەشکەوتی جاسەنە بەوشێوەیەو نە تەقەکردنیش لە حەمید، کە بە سەرسەختی شەڕی دەرچوونی بەدرخان و کتێبەکانی دەزگاو هەفتەنامەی"بەدرخان"دەکات و یادی"بەدرخان"یش دواناخات لەناو سنووری کوردستان و دەرەوەی سنووریش.

خۆزگە، نووسەرە قۆشمەچییەکان، لە نزیکەوە لە ئازارەکانی دەزگای بەدرخان دەگەیشتن، بۆ نووسینێکی دیکە، بمێنن بەخێر.



# بەیادی جاران



**لە ئەرشیفی د. محەمەد کاکەسوور**

ئەم خشتەیەی سەرەوە، مێژووەکەی بۆ ساڵانی ١٩٤٨ تا ١٩٥٢ دەگەڕێتەوە، خشتەی نمرەکانی خوێندنی سەرەتایی (د. موحسین محەمەد حوسێن"ـە، کە زۆر زیرەکانە قۆناغەکانی خوێندنی تەواوکردووە.

ئەو قوتابییە لێهاتووە هەر زوو پێشبینی ئەوەی لێدەکرا کە بە یەکێک لە بوارەکان ببێ بە پسپۆڕو میللەتەکەی سوودی لێوەربگرێ و شانازی پێوە بکات. هەرواش دەرچوو.

هەفتەنامەی بەدرخان بەشانازییەوە هەرجارەو خشتەو نمرەی یەکێک لەو مرۆڤە سەرکەوتووانە بڵاو دەکاتەوە، کە بڵاوکردنەوەی ئەو دیکۆمێنتانە گەواهین بۆ راستی و دروستی قسەکانمان.

بەدرخان ئەمە یەکەمجاری نییە ئەم بەڵگەنامانە بڵاودەکاتەوە، بەڵکو بەبەردەوامی بێپەروا کار لەسەر ئەم تەوەرەیە دەکات و بڵاویان دەکاتەوە.

## دوو لێکۆڵەری فەرەنسی لە کوردستان:

# لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان ڕەفتاری مرۆڤەکان جیاوازن

**لەمیانی ساڵڕۆژی دیداری بە بۆنەی ١١٢ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی لە شاری سلێمانی، چاومان کەوت بە "گاسپەر چیکارۆ"ی فۆتۆجورنالیست و "ئارسەر سەلاحەدین"ی سۆسیۆلۆجیست، کە دوو خوێندکاری زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسین، کە ماوەیەکە لە کوردستان نیشتەجێن و خەریکی چەند کارێکی ڕۆشنبیرین، بە پێویستمانزانی بیاندوێنین...**

**ئا: عەبدولرەحمان مەعروف**

*** چۆنە بەیەکەوە کاردەکەن؟**

- ماوەی ٦ ساڵە یەکتری دەناسین و لەبەرئەوەی لەیەک بوار کاردەکەین هەستمان کردووە بەیەکەوە دەگونجێین و یەک حەزی هونەریمان هەیە بۆ هونەر و کارکردن لەو مەجالەدا، یەکەم جار لە زانکۆی سۆربۆرن یەکترمان ناسی، لەوێ بەیەکەوە دەستمان کرد بە سەرەتای کارەکانمان و هەستمانکرد شتێک هەیە ئەویش شێوازی ئیشکردنی ئێمە زۆر لەیەکتر نزیکە لەبەرئەوە بڕیارماندا بەیەکەوە چەند کارێک بکەین.

*** لە فەڕەنساوە بۆ کوردستان، چۆن بەراوردێک لەنێوان ئەو دوو کلتوورە جیاوازە دەکەن؟**

- بەڕای من ئەسڵەن هەڵەیە ئەگەر بتەوێ بەراوردێک بکەی لەنێوان کۆمەڵگای فەڕەنسی و کۆمەڵگای کوردی، وەکو ئەوە وایە بتەوێ کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ کۆمەڵگای تورکیا جیا بکەیتەوە، بەردەوام لێکچوون و جیاوازیش هەیە، سەبارەت بە ئێمە هەموو ئەو جیاوازییانەی ئێمە دەیبینین لەنێوان کۆمەڵگاکاندا ئەوە خۆشی ئیشەکەی ئێمەیە.

*** لە هاتنە کوردستانتان چ شتێک سەرنجی ڕاکێشاون؟**

- ئەگەر تەنها لە سێ شارەکەی کوردستان وەڵامەکەم کورت بکەمەوە، دەڵێم لەهەر شارێک دەڕۆی بۆ شارێکی دیکە ئەوە سەرنجی ڕاکێشام کە لە هەر شارێک دەچیتە شارێک جۆرە کەس و ڕەفتار و کلتوورێکی دیکە هەیە، خۆی لە خۆیدا ئەم کلتوورە جۆراوجۆرانە لەو شوێنە بچووکە سەرنجڕاکێش بوو، بەم شێوەیە دەتوانین نەزرەیەکی جیاوازترمان هەبێ، لەبەرئەوەی تۆ هەموو شتە جیاواز و ڕەنگاورەنگانە دەبینی، بەدڵنیاییەوە دنیابنی تۆش بۆ هەموو ئەو شتانەی هەیە بە جۆرێکی دیکە دەبێ.

*** بۆچی بۆ لێکۆڵینەوەکەتان کوردستانتان هەڵبژارد، پێشتر هیچ شتێکتان لەبارەی کوردستانەوە دەزانی؟**

- پێش ئەوەی بێینە کوردستان، بە دڵنیاییەوە زانیاری زۆر باشمان هەبوو لە کوردستان، لانی کەم لەڕێگای بێرنارد کۆشنەر و خاتوو میتران، ئێمە ئەو شتانەمان پێگەیشتووە کە لەسەر کورد گوتوویانەو نووسیویانە، پێشتر زۆر شوێن گەڕاوین وەکو ئازەربایجان و پاکستان و ئێران و تورکیا و ئەوانە، هەموو ئەوانە بۆ خۆیان بە شێوەیەک لە شێوەکان لەناو هەموویان کوردستان بۆ ئێمە ئاسانتر و خۆشتر بوو بۆ ئیشکردن تیایدا، هەستدەکەین زیاتر لە خەڵکەکە نزیکین بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکە، لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کوردستان تاقیگەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی ئایدیاو ئیش و پرۆژەکانی خۆتی تیا جێبکەیتەوە، لەبەرئەوەی هەم ئەمینەو هەمیش هەڵکەوتەی کۆمەڵایەتی شوێنەکەش ئەوە هەڵدەگرێ ئیشی تیا بکەی، یەکەمجار ئەو حەزی سەفەرکردنەمان بۆ کوردستان لای ئێمە سەریهەڵدا بیرمان دەکردەوە کە تەلەفزیۆن باسی کوردستان ناکا، ئەگەر باسیشی بکا ئێمە نیمانە لەبەرئەوەی سەرقاڵی خوێندن و شتین، دووەم شت ئەگەر لە ئینتەرنێت بگەڕێی بەدوای زانیاری بۆ کوردستان دیسان ئەنتەرنێتمان وا فراوان نەبوو بتوانین وا بەکاری بێنین، باسی ڕۆژنامەش بکەیت لە فەرەنسا، ڕاستە ڕۆژنامەی زۆری تیایە، بەڵام ڕۆژنامەکان دابەش بوونەتە سەر ڕاست و چەپەکان و ئەوانەش بە ئاسانی بۆت جیا ناکرێتەوە، کە کامیان ڕاست دەکاو کامیان ڕاست ناکا، لەبەرئەوە بڕیارماندا بەپێی خۆمان بێین و کوردستان ببینین و تیایا بژین بزانین چۆنە.

*** زۆرجار دەگوترێ گەشتێک بەقەد ئەوە وایە ١٠ کتێب بخوێنیتەوە، تۆ چی دەڵێی؟**

- بەڵێ ڕاستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ١٠ کتێبەکەش بخوێنبتەوە خراپ نییە.

*** بەو کارەت چ خزمەتێک بە کۆمەڵگای فەڕەنسی دەکەیت؟**

- بەدڵنیاییەوە خزمەتە بە فەڕەنسا، لەبەرئەوەی لە کۆتاییدا کە دەگەڕێینەوە کارەکانمان چاپ و بڵاودەبێتەوە، لەبەرئەوە بمانەوێ و نەمانەوێ خزمەتێک دەکا بە بیری فەڕەنسی، لانی کەم خزمەتە بەو کەسانەی شتەکەی ئێمە دەبینن، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیارەکە بەدەست خۆمانە کە ئایا خزمەت بکەین یان نەیکەین، چونکە لە کۆتاییدا ئێمە بۆ کاری تایبەتی خۆمان هاتووین بەڵام لە کۆتاییدا تێکەڵ دەبێ و دەکەوێتە بەردەستیان.

**تێبینی:** هەڵبەتە، خوێندکارەکان لەچەند وشەیەک زیاتر زمانی کوردیان نەدەزانی، بەڵام بەسوپاسەوە "سۆران نەقشبەندی"ی وەرگێڕو فۆتۆگرافەر وەک وەرگێڕێک هاوکاری کردین.



ئارسەر سەڵاحەدین



گاسپەر چیکارۆ

# مۆنتینیگرۆو کۆسۆڤۆ لە ماستەرنامەیەکی شیکاریدا

**ئا: بەدرخان**

ڕۆژی ٢٠١٠/٥/١ لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی کۆلێژی یاسای زانکۆی کۆیە تاوتوێی ماستەرنامەی خوێندکار (سەمەد محەمەد حوسێن) لە ژێرناونیشانی (شێوازی ریفراندۆم لە پێکهێنانی دەوڵەتدا،نموونەی مۆنتینیگرۆو کۆسۆڤۆ _توێژینەوەیەکی یاسایی شیکارییە) کرا.

لیژنەی گفتۆگۆی ماستەرنامەکە کە پێکهاتبوو لە:

پ.ی.د.پشتیوان عەلی عەبدولقادر_لە زانکۆی سەلاحەدین وەک سەرۆکی لیژنەکە و پ.ی.د.نازم یونس عوسمان لە زانکۆی دهۆک و پ.ی.د. عەبدولفەتاح عەبدولرەزاق مەحموود لە زانکۆی سۆران وەک ئەندامانی لیژنە و پ.ی.د. مارف عومەر گوڵ لە زانکۆی سلێمانی وەک ئەندام و سەرپەرشتیار.

لە گفتوگۆی ماستەرنامەکەدا کە ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکارانی بەشی یاسا ئامادەیبوون، دوای نزیکە (٤) سەعات گفتوگۆکردن لەنێوان لیژنەی سەرپەرشتیار و خوێندکار(سەمەد محەمەد حوسێن) ماستەرنامەکە بەپلەی زۆر باشە وەرگیرا .

شایەنی باسە ئەمە یەکەم جارە لە هەرێمی کوردستان ماستەرنامەیەک لە سەر ریفراندۆم لە پێکهێنانی دەوڵەتدا تاوتوێ دەکرێت، بەمەش کتێبخانەکانی کوردستان و خوێندکارانی بەشی یاسای زانکۆکانی هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەکی گرنگی پڕ زانیاریان دەست دەکەوێت.

بەناوی دەزگای بەدرخان پیرۆزبایی لە خوێندکار سەمەد محەمەد دەکەین.



خوێندکار سەمەد محەمەد

### هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی لەشاری هەولێر

# ئەوانەی ڕەخنە لە کاک کۆسرەت دەگرن، نە هیچ لە دیموکراتییەت نە لە دەنگدان نەگەیشتوون



دکتۆر سەپان
sapanov@hotmail.com



لەکاتی پەردەلادان لەسەر ئینسکلۆپیدیای هەولێر

دوو مانگ بەسەر هەڵبژاردنی "٧ ئازاری ٢٠١٠" ڕەت بووە، هێشتا لەملاو لەولا چ لە شێوەی لێدوانی ڕۆژنامەوانی یان گوتار نووسین باس لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی شاری هەولێر دەکرێ. لە هەموو ئەو نووسینانەش، ئەو بەڕێزانە کەمی وەدەستهێنانی دەنگ بۆ پاڵێوراوانی یەکێتی دەخەنە ئەستۆی کاک کۆسرەت، هەر لەبەر ئەوەی جەنابیان لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە ڕاسپێردرابوو، سەرپەرشتی هەڵبژاردنی هەولێر بکات. بەگوێرەی نووسین و بڵاوکراوەکان کۆسرەت ڕەسول دۆڕاندوویەتی.

پێش هەموو شتێک، ئەوانەی ئەم نووسینانە دەنووسن یان ئەو لێدوانانە بۆ ڕاگەیاندن دەدەن، لەنێوان هەڵبژاردن و قومارکردن لێیان تێکەڵ بووە. من تێناگەم خۆ کاک کۆسرەت قوماری لەسەر شاری هەولێر و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەکردووە تا دۆڕاندبی. مرۆڤ لەخەبات، لە خزمەت و تێکۆشان بۆ میللەتی خۆی قەت نادۆڕێنێ، بەڵکو بەردەوام براوەیە و کاک کۆسرەتیش ئەوەی لەسەری بووە کردوویەتی، تێناگەم بۆ دەبێ بە دۆڕاوی دابنێین. بۆ خەتای خۆیان دەخەنە ئەستۆی کاک کۆسرەت و لە ڕاستییەکان ڕادەکەن. ئێمە ئەگەر بڕوامان بە دیموکراتییەت هەبێت، پێویستە لەو ڕاستییە باش تێبگەین، بەوەی ئەمڕۆ لایەنێک دەنگی زۆر دەهێنێ و بەیانیش لایەنی دیکە. لەم گۆڕینەش تەنیا خەڵک و جەماوەر سوودمەند دەبن و لە کۆتاییشدا هەر ئەوانن بڕیاردەدەن، دەنگی خۆیان بە کامە لیست یان حزب بدەن. بۆ ئەم هەڵبژاردنانەی کوردستانیش، هیچ سەرکردەیەکی کورد، وەک کاک کۆسرەت قوربانی نەداوە، خەباتی بۆی نەکردووە و شەهیدی بۆی نەداوە، جا بۆ دەبێت ئەو دۆڕاو بێت، لەکاتێکدا باش دەزانین، جوینەوەی ئەم ڕستەیە، دەبێتە برینداربوونی سەدان هەزار کەس لە هەولێر، بەوەی دەنگییان بەخۆڕایی چووە.

ڕاستە ئەنجامی هەڵبژاردن لە هەولێر و تەواوی کوردستان، بۆ سەرکردایەتی یەکێتیی چاوەڕێ نەکراو بوو. چاوەڕێنەکراوبوو، چونکە، دەیان دەزگای گرنگ لەناو یەکێتیی هەن، بەکاری خۆیان هەڵنەستان و نەیانتوانی ڕاپۆرتێکی واقیعانە پێشکەش بە سەرکردایەتی خۆیان بکەن. هۆی دیکەش زۆرن لەوانە چاک دەزانین، سەرکردایەتی یەکێتیی جگە لە کاک کۆسرەت ڕەسول، زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی دیکەیان، چ لەبەر پیری چ لەبەر هێنانە پێشەوەی خزموکەسی خۆیان، ئاگایان لە میللەت نەماوە و نازانن ئێمە چۆن دەژین و پێویستمان بە چ هەیە. ئەمە ڕاستییێکی تاڵە و دەبێ قوتی بدەین و هەزمی بکەین، لەکاتێکدا کەسمان لەناو یەکێتیی نە لە شار، نە لە شاخ و نە لە هەندەران، خەباتمان بۆ ئەمجۆرە بەڕێوەبردنەی حکومەت و دەستەڵاتی کوردستان نەکردبوو. یەکێتیی نەخۆشە و پێویستی بە یارمەتی دکتۆر هەیە و باشترین یارمەتی و دەرمانیش، پێشنیازەکەی کاک کۆسرەت ڕەسولە کە دەڵێ: جگە لە جەنابی مام جەلال، پێویستە تەواوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، کە تەمەنیان لە ٦٠ ساڵ زیاترە خانەنشین بکرێن و گەنج بێنە پێشەوە، چونکە هەر هەموو ئەوانەی ئێستا لەسەرکردایەتی یەکێتیین، خۆیان لە تەمەنی کەمتر لە بیست ساڵییان ڕۆلی بەرچاویان لەبزووتنەوەی ڕزگاری کوردستان هەبووە. ئەمەش لە مام جەلالەوە دەستپێدەکەین و بە سەعدی پیرە کۆتایی پێدێنین.

کاک کۆسرەت باش دەزانێ، ئەگەر سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانی بە گەنج بدرێ زۆر باشتر خزمەتی گەل دەکەن. ئەگەر لە کۆنگرەی داهاتوو پشتگیری لەو بیرۆکەیە نەکەن، با سەرکردایەتی یەکێتیی باش بزانن، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، بەدوور نازانرێ هێشتا کەمتر دەنگ بێنن.

لەلایەکی دیکە، ئەو بەڕێزانەی ڕەخنە لە کاک کۆسرەت دەگرن، ئەوان ڕاست دەفەرموون، بەوەی شاری هەولێر زیاد لە ٢٥ ساڵە بە شاری کۆسرەت ڕەسول ناسراوە، ئەم ناسینەش نە بە بڕیاری جەنابی کۆسرەت خۆی بووە، نە بە بڕیاری کەسێکی دیکە، نە خۆی ویستوویەتی، نە بەڕادان، نە بە بەرنامە و پلانیش بووە، بەڵکو لە ئەنجامی خەباتی دوور و درێژی ئەو، لەخۆشەویستی ئەو بۆ هەولێر و دانیشتوانی، لە نزیکی ئەو لە خزموکەسی شەهیدانی شار، لە خزمەتکردنی ئەو بە هەژارانی هەولێر و تەواوی کوردستان، شاری هەولێر، بە شاری کۆسرەت لەقەڵەم درا. ئەم ناسین و پلەو پایە جەماوەرییەش، لە ئەنجامی خەباتی پێشمەرگایەتی و داستانەکانی لەژێر سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی ئەو لە هەولێر و دەوروبەری ئەنجام دەدران، بەو بەخشرا و ئەویان گەیاندە ئەمڕۆ.

هەر خەڵکی هەولێر بوون، کۆسرەتیان یەکەم کەس لە کاتی ڕاپەڕین لە هەولێر بینی و هەر ئەوانیش لەکاتی کۆچڕەو ئەویان دوا کەس لە شاری هەولێر بینی. هەر خەڵکی هەولێرن تا ئێستاش جاربەجار ئەو لە شەقامەکانی خۆیان دەبینن یان دەچنە ماڵی و ئەویش وەک هەمیشە خزمەتییان دەکات و گوێ بۆ گلەیی و گازاندەکانیان ڕادەگرێت و بەگوێرەی تواناش یارمەتییان دەدا. هەر دەرگای ئەویش لە هەموو دەرگای بەرپرسانی تەواوی کوردستان بۆ خزمەتکردنی ڕەشوڕووتان کراوەتر بووە.

ئەم ڕەفتار و کارە جوانانەیە، جەنابی کۆسرەتیان لەناو خەڵک خۆشەویست کرد، چونکە لە ڕاستیدا ئەو هیچ جیاوازییێکی لەگەڵ ئێمەدا نییە و ئەو یەکە لە ئێمە. سەدان ساڵە کوردستان، پێویستی بە سەرکردەیەکی لەشێوەی کۆسرەت هەبووە، لەبەر هیچ نەبێ، چونکە ئەویش وەک تەواوی کوردستان بە هەژاری گەورە بووە و سەرکردایەتی بە میرات بۆ نەماوەتەوە.

کۆسرەت هیچ جیاوازییێکی لەگەڵ کوڕی دیکەی خەڵک نییە و وەک ئەوان ژیاوە، وەک ئەوان لە گەڕەکە شەعبییەکان گەورە بووە، وەک ئەوان بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول کردووە، وەک ئەوانیش شەهید و




ئینسکلۆپیدیای هەولێر ... لەو شاکارانەی کە پشتگیری کردووە

قوربانی داوە، وەک ئەوانیش ئازا و لە خۆشی و ناخۆشیش ئەوانی لەبیر نەکردووە.

ئەو کەسانەی نەزانن لە سێتاقان، لە تەیراوە و شێخەڵلا چ باسە، با هەر خۆیان وەک سەرکردە لەقەڵەم بدەن، خەڵک ئەوانی خۆش ناوێت. هەولێری ئەو کەسانەیان خۆشدەوێت، بە منداڵی لەم گەڕەکە شەعبییانە گەورە بووبن و وەک کوڕی ئەوان هەڵسوکەوت دەکەن.

کۆسرەت ڕەسول لە پێشمەرگەیەکی سادە، بەڵام زۆر ئازا، گەیشتە لوتکە و بوو بە گەورەترین سەرکردەی میللی شاری هەولێرو تەواوی کوردستان. بوون بەسەرکردەش، کەس بە پیاوەتی یان بەخۆڕایی بەوی نەبەخشی، بەڵکو بەدەستی هێنا و لەلایەن جەماوەرەوە پێی بەخشراوە...

کاک کۆسرەت ڕەسول نەک هەر دۆست و ئەندامانی یەکێتیی بەسەرکردەی خۆیانی دادەنێن، بەڵکو تەواوی کەسانی هەژار و ڕەشوڕووتی ئەم گەلەی ئێمە بە سەرکردەی خۆی دادەنێن، چونکە شتی هاوبەشیان: لە ئازایەتی، سادە و ساکاری، تێکۆشەری لەناو هەموویان تەنیا لەگەڵ ئەو زۆرە.

کۆسرەت قەت لەهیچ نەترساوە و لەخەباتی پێشمەرگایەتیش لەدژی ڕژێم، خۆی بەردەوام لە پێشەوەی هێرشەکان بووە، ئەم ئازایەتییەش بوو وایکرد، لەلایەن جەماوەرەوە نازناوی قارەمان لە تەواوی کوردستان و بە درێژایی مێژووی کورد و کوردستان تەنیا بەو ببەخشرێ. ئەو خۆی خەڵکە و خەڵکیش ئەوە و ئەویش لە ئێمەیە، بۆیە دەبینین، قەت ڕۆژێک بەردەمی ماڵی کاک کۆسرەت لە هاتوچۆ نەگیراوە، تاسە لەبەردەم ماڵی ئەو دروست نەکراوە. ئەو لە گلۆپی سووری نەداوە و تا ئێستاش دەوەستێ و ترافیک ناشێوێنێ. بەڕێزان، ئەم ڕەفتارانەن، ئەویان لە خەڵکی دیکە جیاکردۆتەوە.

ئەوانەی لێدوانی ناڕاست و بێبنەمای زانستی لە ڕاگەیاندنەکان دژی کاک کۆسرت دەدەن، نایانەوێ لە جەوهەری گرفتەکان تێبگەن. ئەوان نایانەوێ تێبگەن، بەوەی هۆی گەورەی کەمهێنانی دەنگ یان ڕێژەی کەمی بەشدابووان پێش هەموو شتێک پەیوەندی بە تێنەگەیشتن لە ڕۆلی هەڵبژاردن لە کوردستان هەیە. ئێمە قەت لە سیستیمی دیموکراتییەت پێشتر نەژیاوین، بۆیە جارێ نازانین چۆن خەڵک بۆ سندوقی دەنگدان بەرین. نازانین چ بکەین، بۆئەوەی زۆرترین کەس دەنگ بە ئێمە بدات، نازانین چۆن ڕاگەیاندن بۆ بەرژەوەندی خۆمان بەکاربهێنین. بە ئاشکرا و بەنوێژی نیوەڕۆ تەزویر دەکرێ و ئێوارەکەشی تەققەی خۆشی دەهاوێین و سەرچۆپی هەڵپەڕکێی فێڵ دەگرین. ئەمانە هەمووی لە کوردستان دەکرێ، چونکە لەو بڕوایەداین، لە هەڵبژاردن ڕەوایە چەند جارێک دەنگ بدەین و فێڵ لە یەکتر بکەین. ئەوانە لە کوردستان نوێن و ئێمە پێویستە لە هەڵەکانی خۆمان فێر بین و دەرسی لێوەربگرین.

ئەوانەی لەوبڕوایەدان خەتای کەم دەنگهێنانی یەکێتی لە هەولێر لە ئەستۆی کاک کۆسرەتە، باشە بۆ پرسیارێک لەخۆیان ناکەن: ئەگەر کاک کۆسرەت لەکاتی هەڵبژاردن لە هەولێر نەژیابا و سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی یەکێتی نەکردبا، لەوکات یەکێتی چەند دەنگی دەهێنا؟ ئەوە پرسیارێکی زۆر گرنگە و پێویستە هەموو لایەک هەڵوەستەی لەسەر بکات. ئەوەی بە ئەنجامی هەڵبژاردینیش ڕازی نییە یان تێی ناگات، دیارە جارێ خۆی لە هەڵبژاردن و دیموکراتییەت نەگەیشتووە، ئەگینا ئاشکرایە لایەک دەبێت لە لایەکی دیکە دەنگ زۆرتر بێنێ. زۆرجار ئەم زۆرییە بە یەک دەنگ لابەلا دەکرێتەوە...

نامەوێ باس لەوە هەربکەم، بەوەی ئەگەر هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد لە شاری هەولێر بکرێ، یەکێتی بە هیممەتی کاک کۆسرەت زۆرترین دەنگ دەهێنێ.



جەماوەری کوردستان لە پێشوازی کاک کۆسرەت

---

## قەڵەم



حەسەن یاسین

### ئاگاتان لە وتاری ئایینی بێت!

بێگومان مەبەستم لەو وتارە ئایینیانەیە کە هەموو ڕۆژانێکی هەینی مەلاکان لە مینبەری مزگەوتەکانی وڵاتەکەمانەوە پێشکەش بە موسڵمانانی نوێژکەر و لەڕێگەی بڵندگۆی مزگەوتەکانیشەوە پێشکەش بە خەڵکی،بەنوێژکەر و نەکەری، دەکەن . سیاسییەکانمان غەدرێک لەخەڵک دەکەن ئەگەر پێیانوابێت وتاری ڕۆژانی هەینیی مەلاکان کاریگەرییان بەسەر خەڵکەوە کەمە یان هەر نییە .کاریگەرییەکە وەک ڕۆژی ڕوون دیارە و ڕۆژانە هەموومان هەستی پێدەکەین، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی خۆمان، بەگوێرەی پێویست، ئەو کاریگەرییە لەبەرچاو ناگرێت، ئەوا نەک هەر غەدر لەخەڵک، بەڵکو لەمەلاکانیش دەکات ! مەلایەک کە بەحسابی خۆی و خەڵکیش، بەو مەبەستە وتاریان لە ڕۆژی هەینیدا پێشکەش دەکات تا ڕێنمایییان بکات، کەچی دەردەکەوێ ئەو مەلایە خۆیشی و زۆرینەی مەلاکانی دیکەش لەزۆر ڕووەوە پێویستییان بە ڕێنمایی هەیە.مەلاکان پێویستیان بەوە هەیە بەبەردەوامی خولیان لەبارەی زانستە شەرعییەکانەوە بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەر تەنیا بەو زانیارییانەوە نەگیرسێنەوە، کە لەرابردوودا فێریبوون و ڕەنگە ئێستا، بەتایبەتی لێکدانەوە و تەفسیرە کۆنەکان، بەکەڵکی ئەمڕۆ نەیەن . مەلاکان پێویستیان بەوە هەیە بەردەوام سەفەر بکەن و دنیا ببینن، لەنێو جغز و بازنەیەکی زەمەنی و جوگرافیی دیاریکراودا گیر نەخۆن، چونکە سەفەرکردن بۆ هەموو مرۆڤێک بایەخێکی گەورەی هەیە و هۆیەکی کاریگەریشە بۆ چاوکرانەوەی زیاتری مرۆڤ، کەبێگومان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بۆچوونەکانی دەبێت . مەلامان هەیە سەر زەمان و بن زمانی باسی ئەوروپایە، کەچی خۆی یەک وڵاتی ئەوروپیی نەدیوە !تۆ دیقەت بدە مەلایەک یان هەر کەسێکی دیکە خۆی وڵاتێکی نەدیتبێت و بێت باسی ئەو وڵاتە بەخراپە بکات و خەڵکیش ڕای خۆیان لەسەر قسەی ئەو مەلایە لەبارەی ئەو وڵاتەوە بینا بکەن، دەبێ ئەمە چ زیانێکی گەورە بە ڕای گشتی لە وڵاتی ئێمەدا بگەیەنێت ؟ بەڵام ئەگەر سەفەر بۆ مەلاکان ڕێکبخرێت، کە هەم سەفەری دنیادیتن بێت، هەم سەفەری بەشداریکردن لە خولی تایبەت، کە خولەکە هەم لەرووی تیۆرییەوە بێت و هەم لەرووی مەیدانیشەوە بەشداری بکەن لەگوێگرتن لەوتاری هەینی لەوڵاتی جیاجیادا بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە مەلاکانیان دوورن لەکەوتنە ژێر کاریگەریی ئیسلامییە توندڕەوەکان، ئەوا ئەو کاتە مەلاکانی ئێمەش خۆیان بەدوور دەگرن لە وروژاندن و باسکردنی زۆر بابەتی وا کە ئێستا خۆیان و خەڵکی پێ سەرقاڵ دەکەن . ئیدی ئەو مەلایانەی سەفەریان کردووە و خولیان بینیوە دەکەونە باسکردنی ئەو بابەتانەی کە پێویستن لەسەر مەلایەک لە وتاری ڕۆژی هەینیدا بەنوێژکەرانی بگەیەنێت!

ئێوارەی ڕۆژێکی هەینی لەمانگی یەکی ئەمساڵدا، لەتەلەفزیۆن بینیم و گوێم لەوتاری هەینیی مەلایەک بوو، کە گوایە باسی زیانەکانی عەرەق خواردنەوەی بۆ نوێژکەران دەکرد، کەچی لەپڕ ئەو مەلایە گوتی ( کێ دەڵێ ئەو تەیارە ئەسیوپییەی لەو ماوەیەدا کەوتە خوارەوە سایەقەکەی سەرخۆشنەبووە ؟ ) .دیقەت لەسافیلکەیی ئەو مەلایە بدەن . مەلایەک هیچ زانیارییەکی لەسەر سروشتی هێڵەکانی فڕۆکەوانیی مەدەنی نەبێت و بێت نوێژکەران بە هەڵەدا ببات . مەلایەک ئەوە نەزانێت کەفڕۆکەوان سایەقێکی تەکسی نییە ( لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموویان )، دوور بێت لە چاودێری تا بەکەیفی خۆی مەی بخواتەوە . مەلایەک ئەوە نەزانێت کەهەموو فڕۆکەیەک دوو کاپتنی هەیە و هەمیشە یەکێکیان یەدەکە و لەئامادەباشیدایە .مەلایەک نەزانێت سنووری وتارەکەی ئەو ڕێی پێنادات هەر لە خۆیەوە خۆی هەڵداتە نێو بابەتێکەوە کە هیچ پێوەندییەکی بەبابەتی وتارەکەی ئەوەوە نییە .مەلایەک هەر لەخۆڕا و بێئەوەی هیچ شارەزاییەکی لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی هەبێت و بێت تەنها لایەنی سێکس لەشیعر یان چیرۆکێکدا ببینێت . وەک ئەو مەلایەی دژ بە گۆڤاری ( وێران ) وێرای هەڵلایەک بنێتەوە و بەناوی بەرگریکردن لە (ڕەوشت ) و ئایین خۆی لەبەر چاوی ڕۆشنبیران ناشیرین بکات . مەلایەک نەزانێت وتاری ڕۆژی هەینی بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆی ئەودا و ئەگەر پێی هەڵناگیرێت با لەئەستۆی خۆی بکاتەوە .ئایا ئەو مەلایە هەر خۆی بەرپرسە لەهەڵەیەکی وا، کە بەرانبەر بە خەڵک دەیکات و بەسەرچیغیاندا دەبات ؟ نەخێر ئەوە ئیشی دەزگایەکی ڕەسمیی وەک وەزارەتی ئەوقافە ئەو کارە لەئەستۆ بگرێ و ئەوە ساغ بکاتەوە هەموو مەلایەک مافی ئەوەی نییە وتاری هەینی پێشکەش بکات، بەڵکو تەنیا ئەوانە بۆیان هەیە کە لەو ئاستەدان ! دەشزانم وەزارەتی ئەوقاف لەو بارەیەوە هەوڵیداوە، بەڵام پێویستە هەنگاوەکانی لەو ڕێگەیەدا گورجتر بکات .

# د.ئیسماعیل شوکر: دوای پەرلەمان خەریکی نووسینەوەی یادەوەرییەکانم دەبم

**مامۆستای زانکۆو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق "د. ئیسماعیل شوکر" لە دیدارێکی تایبەتی بەدرخاندا، باس لە هەولێرو چەندین رووداوی گرنگی مێژوویی هەولێر و رۆڵی قارەمانیەتی ئەو شارە دەکا..**

**ئا: حەمید بەدرخان**

*** لەڕووی ژیان و گوزەران و کوردایەتی، هەولێری ئەوکات و ئێستا چۆن بەراورد دەکەی؟**

- پێموایە بەنسبەت ژیان بەراورد ناکرێ، چونکە لە ساڵانی ١٩٧٥ تا هەشتاکانیش چەند مامۆستایەک ئۆتۆمبێلیان هەبوو، لە بازار دەهاتینەوە دەمانزانی ئۆتۆمبێلەکان هی کێیەو لە دوورڕا دەمانبینی، بەڵام ئێستا هەموو ماڵێک ژیان و گوزەرانی زۆر زۆر خۆشە، هەرچەندە میللەت لە حکومەتەکەش رازی نییە، بەردەوام هەموو دەیەوێ حکومەت بچێ یەکەو ١٠ دەفتەر دۆلاری بداتێ، بڵێ برۆ گەنجە بۆ خۆت ژنی پێ بینەو ماڵی پێ بکەو مەزرەعەکیشی پێ بکەو لە ماڵی خۆت دانیشە، لەڕووی ئابوورییەوە بەراوردناکرێ، بەڵام هەندێک کارهەیە پێویستە زیاتر بکرێ و لە کۆنەوەش تا ئەمڕۆ هیچ دامودەزگایەک دروست نەبووە لە ماوەی ٢٠ ساڵ بتوانێ خواست و ویستی هەموو نەتەوەکەی خۆی جێبەجێ بکا، نەک هەر ئەوە ئێمە کێشەی ئەوەمان تا ئێستا نیوەی کوردستان ساغ نەبۆتەوە ئایا سەر بە هەرێمی کوردستانە یان سەر بە بەغدایە، کێشەمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ماوە، خەڵک بە ئاسوودەیی دەژی، من شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە لە ساڵی ١٩٩٠ ئێمە ٤ برا بووین و ٥ ئامۆزاشمان هەموومان سەرباز بووین ئەو حاجیەی دەبینی "کەسێک لە کاتی دیدارەکە دانیشتبوو" نەدەوێرا لە ماڵی خۆی بێتە دەرەوە دەیانکردە جەیشی شەعبی، هەموومان سەرباز بووین، ئێستا گەنجێک هەیە سەربازی بکا؟ کەس هەیە بڵێ ماڵت لەکوێیە؟ ئەو ئاسوودەییەی ئێستا لە کوردستان هەیە ئەگەر بە پارە بفرۆشرابایە خەڵکی بەسرا پارەی هەموو نەفتەکەی دەدایێ تەنها ئەو ئاسوودەیی و ئارامیەی لە کوردستان هەیە بیدەنێ لە بەسرا بتوانێ پێی بژی، لێت ناشارمە چوار ساڵ لە بەغدا بوومە تا ئێستا بەغدام نەبینیوە، لە گرینزۆن و شەقامی فرۆکەخانە زیاتر.

*** دوای خانەنشین بوونت لە بەغدا چ پرۆژەیەکت لە دەست بۆ هەولێری بکەی؟**

- بۆ هەولێر شانازی بەوە دەکەم کە هەر مامۆستای زانکۆم، بڕیارمداوە ئەگەر زانکۆکانی کوردستان هەریەکێکیان پێویستی بەمن بێ ئامادەم وانەی خوێندنی باڵایان پێ بڵێم، دووەم کاریشم ئەوەیە حکومەت و حزبەکەی خۆم لەهەر شوێنێک و لەهەر کاتێک پێویستی بە زانیارییەکانی من هەبێ چ لەڕووی دارایی، مێژوویی، خزمەتکاری بێ من خۆم بە خزمەتکاری میللەتەکەی خۆم دەزانم.

*** ناتەوێ نامەی دکتۆراکەت بەزمانی کوردی چاپ بکەیت؟**

- ئەوە ئیشی من نییە، چونکە ئەگەر بیکەمە کوردی دەستکاری بکەم، بەڵام ئەگەر یەکێک هەبێ بیکاتە کوردی زۆر زۆر سوپاسی دەکەم و یارمەتی دارایی‌یشی دەدەم، مومکینە هەندێک شتی بۆ زیاد بکەم و خەریکی شتێکی دیکەشم دەمەوێ ئەو چوار ساڵەی لە بەغدا بوومە زیاتر لە ٢٠ دەفتەری ٢٠٠ لاپەڕەییم پڕکردۆتەوە ئەوەش بکەمە بەرهەمێکی چەند بەشی بۆ ئەوەی کەوا چاپی بکەم، ئەگەرنا دادەنیشم دەست بەخوێندنەوەی خۆم دەکەمەوە، لەوە زیاترم نییە.

**بەشی سێیەم و کۆتایی**




# دەرسیم دیبەگەیی: لە پرۆسەی ئەنفالدا ناوی هەموو بەشدارانم بەدیکۆمێنت سەلماندووە

**دەرسیم رەحمان فەرحان، ناسراو بە "دەرسیم دیبەگەیی"، لە ساڵی "١٩٦١"دا لە شارۆچکەی دیبەگە لە دایکبووە، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە، بۆ خوێندنی ئامادەیی چۆتە شارەکانی بەغداو هەولێر، ساڵی "١٩٨٢" خولی پەروەردەیی بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان لە ئامۆژگاری مامۆستایانی هەولێر تەواوکردووە.**
**لە کۆتایی ساڵی "١٩٧٧"دا یان سەرەتای ساڵی "١٩٧٨"دا پەیوەندی بە "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان"ەوە کردووە، لە رۆژی یەکشەممەی رێکەوتی "١٩٨٦،٣،٢"دا، لە لایەن "منظومة استخبارات المنطقة الشمالیة"دا، لە قوتابخانەی ئەرخەوانی کچان لە هەولێر دەستگیر دەکرێت.**
**دواتر سزای دە ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنن و رەوانەی زیندانی ئەبوغرێبی دەکەن، تاوەکو لە رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی "١٩٨٨/٩/١٤"دا، دوای دەرچوونی لێبووردنی گشتی ئازاد دەکرێت.**
**دوای راپەرین رێگای هەندەرانی گرتۆتە بەرو لە وڵاتی دانیمارک گیرساوەتەوە. لەوێ لە کۆلێژی بازرگانی دبلۆمی وەرگێرانی لە زمانەکانی دانمارکی- کوردی- عەرەبی وەرگرتووە، لەو دواییانەدا "د. دەرسیم" خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی- مێژوویی بووە دەربارەی کوردستانیەتی شاری موسڵ، دەربارەی ئەو بابەتەو چەند بابەتێکی دیکەی گرنگی مێژوویی دواندمان..**

**ئا: بەدرخان**

لە بەشی دووەمی دیدارەکەی دەرسیم دیبەگەییدا...دا نووسەر باس لە پرۆژەیەکی دیکەی خۆی دەکا، کە ئەویش کارکردنە لەسەر ئەنفال و بە بەڵگەنامەیی خستنەڕووی کارەکە، هەروەها باسیش لە کۆمەڵێک بابەتی دیکەو پرۆژەی خۆی دەکا...

*** پرۆژەیەکی نوێت لەبەردەستە بۆ ئەنفال، ئەو پرۆژەیە چییەو چۆنە؟**

- لە راستیدا ساڵی ٢٠٠٦ دەمویست بۆ یادی ئەنفال و بە تایبەتی ٤/١٤ وتارێک ئامادە بکەم و شتێک بنووسم لەسەر ئەو یادە، دوو سێ مانگ مابوو دەستم کرد بە نووسینی بابەتێک کرد، هەر نووسیم و بینیم نووسینەکەم وفراوان دەبێ، وایلێهات تەشویق بووم و بیرۆکەکەم گۆڕی، کە بیرۆکەکەم گۆڕی گوتم ئەوە گەیشتە ٢٠-٣٠ لاپەڕ، خۆ ئەگەر بیکەمە ٥٠-٦٠ لاپەڕ دەبێتە نامیلکەیەک، بەڵگەنامەی باشم هەیە، کەرستەی باشم هەیە، لەبەرچی هەوڵنەدەم بیکەمە نامیلکەیەک، پەشیمان بوومەوەو نەمکردە وتار، لە یادی ئەو ساڵەدا هیچم نەنووسی، بەرە بەرە شتی باشم دەستکەوت گەیشتە ١٠٠ لاپەڕەیەک، دواتر گەیشتە ١٥٠ لاپەڕەیەک، شتی زۆر چاکم دەستکەوت هەموو بەڵگەنامەکانی دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالکردنی بارزانییەکان و زۆر شتی دیکەم دەستکەوت، ئەوانە وایلێکردم کە زیاتر هەوڵ بدەم نووسینەکەم فراوانتر بێ و بە بەڵگەنامەوە بیسەلمێنم کە ئەنفال کێ کردوویەتی و کێ پێی هەڵساوە، ئەوەبوو هەموو دام و دەزگا حزبی و حکومی و میلیشیاو سەربازی هەر هەموویم کۆکردەوە لەگەڵ کورتەیەک لە پێکهاتەی دامەزراندنی ئەمنی عام، سەرەتای دامەزراندنی "استخباراتی عەسکەری و لە یەکەم بەڕێوەبەریانەوە تاکو دوا بەڕێوەبەریان لە ١٩٨٨ کە ئەنفالیان کردووە، پێکهاتەی سوپای عێراقی هەر هەموو فەیلەقەکان کە حەوت فەیلەقی هەبوو، هەر حەوت فەیلەقی، حەرەس جمهوری دوو فەیلەقی هەبوو، فەیلەقی باکوور و باشوور، حەرەس جمهوری خاس، ئەمنی خاس، باسم لە هەمووی کردووە، هاتوومە هەر تیپێک فەرماندەی تیپەکە کە ئەنفالی کردووە ناوەکەی، ژمارەکەی.

*** لەو لێکۆڵینەوەیەدا چی نوێت دۆزییەوە کە پێشتر باس نەکرابێ و وەکو بەڵگەنامە لە دادگا سوودی لێوەربگیردرێ؟**

- پێموایە ئەو لێکۆڵینەوەیەی من شتی زۆر نوێی تێدایە، وەکو ئەوەی ئەوانەی ئەنفالیان کردووە هێزی سوپا، هێزی موخابەراتی، هێزی جاش، مەفرەزە خاسە، هەمووی بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی یەکە یەکە دەرمهێناوە، یەکە یەکەی ناوەکانیانم نووسیوە، هەر فەرماندەیەکی سەربازی یان حزبی یان جاش یان مەفرەزە خاسە، ئەمن، ئیستیخبارات، ئیستیخباراتی عەسکەری، ئەوەی ئەنفالی کردووەو بەشداری ئەنفالی کردبێ یاخود باڵادەستترین ئەنجوومەن و هێز لە عێراقدا ئەنجوومەنی قیادەی قوتری و قەومی عێراقین، یاخود ئەندامەکانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقی کە لە ١٩ ئەندام پێکهاتوون، هەموو ئەوان کۆبوونەوەیان کردووە لەدوای کۆبوونەوەکانیان بڕیاریانداوە کە چۆن ئەنفال و کیمیاباران بکەن، لەسەر بڕیار و بەشداری ئەوان ئەو شتانە کراوە، هەموو ناوەکانم نووسیوە، ناوی فەرماندەی فەیلەقەکان، ناوی فەرماندەی فرقەکان، ناوی فەرماندەی لیواکان، بێتەوە سەر جاشەکان، هەر جاشێک بەشداری هەر ئەنفالێکی کردبێ و چووبێتە سەر هەر دێیەک، هەر شتێکی کردبێ بە گوێرەی بەڵگەنامەکان ناوەکەیم دەرهێناوەو ژمارەی فەوجەکەی هەموویم نووسیوە.

*** لە دوایین دادگاییدا کورد هیچ سوودێکی لەو بەڵگەنامانەی تۆ وەرنەگرت؟**

- ئەو پرسیارە کۆمەڵێک شتی بیر هێنامەوە، لە دادگایی کردنی تاوانبارانی کیمیابارانی هەڵەبجە هەڵسام کۆمەڵێک بەڵگەنامەو ناوی فڕۆکەوانەکانی بەعسم دایە برادەرانی پارێزەری داکۆکیکار لە کەیسی هەڵەبجە، ئەوان سوودی باشیان لێ بینی و توانیان کۆمەڵێک لەو کەسانەی لە دام و دەزگاکانی عێراقی و لە چەکی کۆکوژی کاریان دەکرد یاخود چەکی کۆکوژیان بەرهەم دەهێنا، ئەو ناوانەم پێیان داو برادەرانی دادگا هەوڵیان دا ئەو کەسانەی لە بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژی بەشداربوونەو رۆڵی سەرەکیان بینیوە داوایان لە دادگا کرد، کە فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەربچێ، یاخود هەندێکیان لەلایەن ئەمریکیەکانەوە دەستگیر کرابوون نەیاندەزانی ئەوە لە بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژی بەشداربوونە، دوای ئەوەی بەڵگەنامەکانم دانێ ئەوان سکاڵایان لەسەر تۆمارکردن لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و داوایان کرد ئەوانە لە گرتووخانەکانی ئەمریکا تەسلیم بەو دادگایە بکرێن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێ، هەروەها سەبارەت بە فڕۆکەوانەکان ناوی بەشێکی زۆر لە فڕۆکەوانەکانم دانێ، ئەوان دیسان داوایان لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی کرد کە ئەو فڕۆکەوانانەی بەشداربوونە یا گومانی بەشداریکردنیان لێ دەکرێ سەبارەت بە کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەو کوردستان فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەربچێ و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێ و لەدواییشدا تیمی پارێزەرانی داکۆکیکار لە کەیسی هەڵەبجە بە سەرۆکایەتی کاک گۆران ئەدهەم سوپاسنامەیەکی بۆ ناردم و دەستخۆشی ئەوەیان لێکردم کە هاوکاریم کردوونە بەو بەڵگەنامانەی بۆم ناردوون و بۆ کەیسەکە سوودی هەبووە.

*** بۆ پرۆژەی کتێبەکەی موسڵت، بەنیازنی چاپی دووەمی کتێبەکە بکەیتەوە؟**

- ئێستا کە هاتوومەتە هەر بەو نیازە هاتوومەتەوە، لەبەرئەوەی چاپی یەکەم لە دوو بەرگدا کردم و هەردوو بەرگەکە ٨٣٢ لاپەڕە بوو، لە ٦ بەش پێکدەهات، بەشی یەکەمیان تایبەت بوو بە کورتەیەک سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ و دابەشکردنی ویلایەتی موسڵ و لکاندنی زۆرەملێیانەی ویلایەتی موسڵ بە عێراق و حکومەتی شێخ مەحمود و حکومەتی عێراقی پاش لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە، هەڵسام سەرچاوەی زۆر باشم دەستکەوت ئەو نووسینەم فراوان کرد، ئێستا گەیشتۆتە نزیکەی ١٣٠٠ تا ١٤٠٠ لاپەڕ، بە تایبەت بەشی یەکەمی ک ٨٩ لاپەڕ بوو، ئێستا گەیشتۆتە نزیکەی ٣٢٠ لاپەڕ زیاتر.

*** دوای چاپکردنی ئینسکلۆپیدیای هەولێر، پێشنیازی ئەوەت کردووە ئینسکلۆپیدیا لەهەموو کتێبخانە نێودەوڵەتییەکان هەبێ، ئەو پێشنیازە چۆنەو بۆ؟**

- لە سەردانێکم بۆ لای بەڕێز کاک کۆسرەت دەستخۆشی ئەوەم لێکرد کە هەوڵی ئەوەی داوە لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و رۆشنبیر و دکتۆر و رۆژنامەنووسی هەولێری کە ئینسکلۆپیدیای هەولێریان لە ١٠ بەرگدا بەچاپ گەیاندووە، دەستخۆشیم لێکردو پێشنیازی ئەوەم کرد کە ئەوە ئینسکلۆپیدیا لەناو کوردستان و چاپ و بڵاو کرایەوە، بەڵام کارێکی باشیشە و چونکە وەکو سامانێکی نیشتمانیە و شتی زۆر باشی تیایە، خەڵکی کوردستان ئەوەی بتوانێ بیکڕی دەتوانێ لەرێگای پەرتووکخانە گشتییەکان بیخوێنێتەوە، بەڵام خەڵکی دەرەوەی وڵات و هەندەران لێی بێ بەشن، بۆیە پێشنیازم کرد ئەگەر بێتوو هەر وڵاتێک ئینسکلۆپیدیای هەولێری بۆ بچێ ئەوا کوردانی هەندەران لێی بێ بەش نابن و سوودی لێ وەردەگرن، چونکە ئینسکلۆپیدیا بریتیە لە بانکێکی زانیاری و زانیاری زۆری تیایە، خەڵکەکە دەتوانن سوودی زۆری لێوەرگرن، ئەو پێشنیازەم کردو ئەویش زۆر زۆری پێ باش بوو، پێمگوت بەلای کەمەوە ئەگەر نەتانتوانی بۆ هەر وڵاتێک هەر دە بەرگەکە بنێرن ئەوا داوا لەو برادەرانە بکەن کە سەرپەرشتی و هاوکار و هاوبەش بوونە لە بەچاپگەیاندنی ئەو ئینسکلۆپیدیایەلەرێگای سیدییەکانەوە بیخەنە سەر ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان تاکو کوردانی هەندەران بەئاسانی بتوانن بیخوێننەوە و بێ بەش نەبن لەو سامانە.

**بەشی دووەم و کۆتایی**


دەرسیم دیبەگەیی


ئەو نەخشەیەی کارمەندانی دەزگای بەدرخان بەخشیانە سکرتاریەتی بەڕێز مام جەلال

# پڕۆژەی ئینسکلۆپیدیای ئەنفال دەخرێتە بەردەم وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان

**فوئاد عوسمان**



ڕۆژی ٤/٢٩ د.مەجید حەمەئەمین جەمیل وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان پێشوازی لە حەمید ئەبوبەکر بەدرخان لێپرسراوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و سمکۆ محەمەد نووسەر و ڕۆژنامەنووس کرد.
لە دیدارێکدا لێپرسراوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای ئەنفالی پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کرد و کورتەیەکی لەبارەی پرۆژەکە ڕوون کردەوە و وتی: دوای ئینسکلۆپیدیای هەولێر، پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای ئەنفالمان وەکو پرۆژەیەک پێشنیاز کردووە، تاکو بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان ئەنجامیبدەین، کە تایبەت دەبێت بە وێنە و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مەرگەساتی ئەنفال و سەرجەم دۆسیەکانی تایبەت بەم پرسانە، سەرباری بە دیکۆمێنتکردنی دۆسێی دادگاییکردنی سەرانی ڕژێم و مەحزەری دادگایی کردنەکانیان.
ڕاشیانگەیاند کە ئینسکلۆپیدیاکە بە زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی دەبێت و دوای خرانە بواری جێبەجێکردنەوە، بە دوو ساڵ تەواو دەکرێت.
لەلایەن خۆیەوە وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان، دوای ئەوەی دەستخۆشی لە هەر هەوڵێک کرد، کە بۆ زیاتر ناساندنی مەرگەساتەکانی گەلی کورد دەدرێت ئاماژەی بەو هەوڵانە دا، کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان دەیدات، بۆ ناساندنی کەیسەکانی ئەنفال و کیمیاباران لە نێوەندە عەرەبی و جیهانییەکاندا.
لە تەوەرێکی تری دیدارەکەدا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ئاماژەی بەو مۆنۆمێنتانەی کە لە هەولێر و چەمچەماڵ و بارزان و مۆنۆمێنتی ژنی ئەنفال کرد کە وەزارەت خستویەتیە بەرنامەی کاری خۆیەوە، کە تیایدا سەرجەم دیکۆمێنتەکانی تایبەت بە ئەنفالی تێدا نیشاندەدرێت.
وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان هیوای سەرکەوتنی بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان خواست و هەموو هاوکاری و کارئاسانیەکی بۆ نیشاندان.

# سمکۆ محەمەد: ئینسکلۆپیدیای ئەنفال دەردەکەین

**دوابەدوای بەئەنجام گەیاندنی و چاپکردنی ئینسکلۆپیدیای هەولێر، کە ئەو بەرهەمە ڕاستەوخۆ بە پاڵپشتی و لەژێر سەرپەرشتی ڕێزدار کاک کۆسرەت ڕەسول بە ئەنجام گەیشت، لە درێژەی هەوڵەکانی خۆیدا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە بەرنامەیدایە کار بۆ ئامادەکردنی ئینسکلۆپیدیای ئەنفال بکا، بۆ ئەو مەبەستە هەریەک لە "حەمید بەدرخان سەرۆکی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەردخان و سمکۆ محەمەدی نووسەر و ڕۆژنامەنووس" لە ڕێکەوتی "٢٠١٠/٤/٢٩" سەردانی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانیان کردو ئەو پرۆژەیەیان بۆ باسکردو ئەویش پاڵپشتی تەواوی خۆی بۆ دەربڕیون، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی ئەو پرۆژەیە لە دیدارێکی بەدرخاندا سمکۆ محەمەد باس لە پرۆژەکە دەکا...**



### ئا: مەسعودی مەلا هەمزە

*** بیرۆکەی پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای ئەنفال چۆن گەڵاڵە بوو؟**
- بەر لەوەی ببێتە پرۆژەی ئینسکلۆپیدیا، ئێمە بیرمان لەوە کردەوە چۆن کەیسی ئەنفال هەروەک چۆن لە دادگا هەیەو ئەوانەی دەستیان لە ئەنفال هەبووە چ لە سەرکردایەتی حزبی بەعس و چ لەوانەی دیکەش کە درانە دادگاو کەیسەکە کۆبووەوە، بیرمان لەوە کردەوە چۆن کەیسی ئەنفال وەک قەزیەیەکی کوردی و ئینسانی گەورە کۆبکەینەوە، ئەم گفتوگۆیە درێژەی کێشا تا ئەو ڕادەیەی باسم لەوەکرد من ئاگادارم و پیاچوونەوەم بەو ئیشانە کردووە کە یەهودی و ئەرمەنییەکان کردوویانە، وەک چۆن ئەوانیش بەر لە ئێمە لە چەند قۆناغی جیا جیا ئەنفالکراون، خۆیان کۆکردۆتەوە بە شێوەی ئەکادیمی و مەیدانی، دوای ئەوە بووە پرۆژەیەک لە شکلی ئینسکلۆپیدیای هەولێر چۆن نووسراو ئەو جووڵانەوە ڕۆشنبیرییەی لە هەولێر هەیە چۆن گەڵاڵە بوو، دەزگای بەدرخان کردیە ئینسکلۆپیدیایەک، بەو شێوەیە بیکەین، بەڵام ئەوە بۆ خۆی پرۆژەیەکە ناکرێ بە تەنها بیکەی، چونکە قورسە، هەڵبەتە حەمید بەدرخان لەڕێگای پەیوەندییەکانی خۆیەوە لەگەڵ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال ئیتیفاقمان کردو ٢٠١٠/٤/٢٩ لەگەڵ جەنابی وەزیر قسەمان کرد، تەبەنی کرد و بڕیارە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و دەست بکەین بە ئیش کردن.

*** میکانیزمی کارکردن لەو پرۆژەیە چۆن و بە چ شێوەیەک دەبێ؟**
- میکانیزمی کارکردنەکەمان وا داناوە، دانانی ئارمێک بۆ پرۆژەکە، هەژمارکردن و ئامارکردنی ئەو نەخۆش و تووشبووانەی لە ئەنجامی پرۆسەی ئەنفال و جینۆساید دووچاریان بووە، بەوێنە هەمووی کۆدەکرێتەوە، گەڕان و سووڕانی مەیدانی لە لایەن چەند تیمێکەوە، چونکە ئێمە چەند تیمێکمان هەیە گەڕۆکە بە مەبەستی زانیاری سەردانی هەموو ئەو ناوچانە دەکەن کە بەر پرۆسەی ئەنفال کەوتوون، هەروەها بێتەوە فۆڕم دەدەینە کەسوکاری پاشماوەی ئەنفال، هەروەها تیمێک دروست دەکەین لە چالاکوانان و شارەزایانی پرۆسەی ئەنفالی یەهودی و ئەرمەنەکان، تیمێک بەدوای کەیسی ئەنفالی یەهودی و ئەرمەنەکان بگەڕێ و ئەوان چۆن ئیشیان کردووە ئێمەش بەهەمان شێوە ئەکادیمی و مەیدانییەکە ئیش بکەین، چونکە وەک پێویست داتامان لەبەر دەست نییە، ئەو کتێبانە دەدۆزینەوە کە ئەوان کۆیان کردۆتەوەو ئیشیان لەسەر کردووە، تا بزانین ئەوان چۆن ئیشیان کردووە، کۆکردنەوەی ئەو دانپیانانەی لەسەر بابەتەکە هەیە لەلایەن پسپۆڕ و سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری دەرەوەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، یانی هەر کەسێک شتێکی لەسەر ئەنفال نووسیوە، بۆ نموونە "هادی عەلەوی، ئەدۆنیس، ڕەزای فائید، سەڵاح فەزڵ" و کۆمەڵێک لەو ناوانە شتیان لەسەر ئەو مەسەلەیە کردووە، هەروەها ئەو دیکۆمێنتانەی هەبوون پەیدایان دەکەین، جگە لەوە کۆکردنەوەی هەرچی وێنەو دیکۆمێنت و دەستنووس و پاشماوەی جلوبەرگ و کەلوپەل و دەستنووس، هەموو ئەوانە لە بەرگێکدا کۆدەکەینەوە و چاپیان دەکەین.

*** بە بڕوای ئێوە ئەنفال کەی ئەنجامدراوەو ئێوە کار لەسەر کام سەردەمەکانی ئەنفال دەکەن؟**
- ئەنفال مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەر لە چلەکانیش هەبووە، هەروەها لە شەستەکان و حەفتاکان و دوای ئەوەش هەبووە، خەڵکێکی زۆر براوە، ئەنفال تەنها ناوچەی گەرمیان و بالیسان و بادینان نەبووە، شەبەک و بارزانی و یەزیدی و مەسیحییەکانیش تووشی ئەنفال بوونە.

*** دەڵێن شیعیەکانیش ئەنفال کراون، ئەو پرۆژەیە تایبەتە بە کورد یان ئەوانیش دەگرێتەوە؟**
- نەخێر پرۆژەکە تایبەتە بە کورد، شەبەک و فەیلی دەگرێتەوە، چونکە ئەوان کوردن و بۆ ناوچەی دیکە گوازراونەتەوە، ئێمە دەبێ بچینە ناوچەی شەبەکەکانیش لەوێ وێنەو دیکۆمێنت پەیدا بکەین، شایەدحاڵەکان و ئەوانەی لەناو ڕووداوەکە بوونەو شتەکان دەگێڕنەوە، هەموو ئەو شتانە کۆدەکەینەوە، ئەو بابەت و لێکۆڵینەوانەی لە ماڵپەڕەکان هەن و کەسێکی شارەزامان داناوە لە بواری ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی، ئەو کەسە هەموو ئەو شتانە داونلۆد دەکا کە لەسەر ئەنفال نووسراوە بەهەر زمانێک بێ، هەڵبەتە ئەم ئینسکلۆپیدیایە تەنها بە زمانی کوردی دەرناچێ، چەند بەرگێکی بە ئینگلیزی و عەرەبی دەردەچێ، ئەمەش بۆ ناساندنی قەزیەی ئەنفالە بە دەرەوەی خۆمان، چونکە لەناو کورددا ئێمە خۆمان دەزانین.

*** کەواتا ئامانجی سەرەکی لەو پرۆژەیە چییە؟**
- ئامانجی سەرەکی ئەوەیە خۆت کۆدەکەیتەوە، لێرەو لەوێ کتێب و گۆڤار بڵاوئەبێتەوە، هەڵبەتە ئەوانە کاری شەخسیە دەستیان خۆش بێ، بەڵام کارەکەی ئێمە کارێکی دەستەجەمعیەو بۆردێکی لە پشتەوەیە، لە ئەساسەوە دەبێ بگوترێ ئەم بیرۆکەیە هی من و کاک حەمید بەدرخانە، بەڵام گروپێکی دیکە لەناو ئەو بیرۆکەیە بەنیازین پرسیان پێبکەین، بۆ نموونە "عەدالەت عەبدوڵڵا، عارف قوربانی، لەتیف فاتیح فەرەج، مەجید ساڵح، تەها سلێمان، د. محەمەد ئیحسان، عەلی سیاسی و دەرسیم دیبەگەیی و هەموو ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە پرۆژەی ناساندنی ئەنفال و دیکۆمێنتەکانی سەر ئەنفال، هەروەها ئەو گروپە یاساییەی بەغدا کە بەرگریان لە مەسەلەی ئەنفال کرد لە دادگای فیدرالی عێراقی، لەگەڵ ئەوانە دادەنیشین ئەوگروپانە هەموویان لەگەڵمان ئیش دەکەن، بەڵام خودی بیرۆکەکە هی ئێمەیەو ئێمە دەچینە ژێرباری قورسەکەوە، چەند تیمێکشیمان داناوە بۆ گەڕان لە ناوچەی بارزان و گەرمیان و بالیسان و شارەزوور و بادینان و شەبەک و فەیلییەکان و خانەقین و هەموو ئەو شوێنانە، تیمەکە دەگەڕێن و شت کۆدەکەنەوە.

# خەرمان بەرەکەت

## ئینسکلۆپیدیا پەروەرێک





عەبۆ، یەکەم قاوەخانە بوو کە یاریی بل
هەولێر - ڕەوەست نەوزاد
١٢٥ ساڵ لەمەوبەر دروستکرا

لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ژمارە ٥١٥٩ی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٠/٤/٢٦ لە بابەتێکی ڕۆژنامەنووس "ڕەوەست نەوزاد" بەناونیشانی "عەبۆ، یەکەم قاوەخانە بوو کە یاریی بلیاردو شەترەنجی تێدا دەکرا" لە ناوەڕۆکی هاتووەو دەڵێ: "بەپێی زانیارییەکانی ناو ئینسکلۆپیدیای هەولێر قاوەخانەی عەبۆ...هتد"، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا کارێکەو بۆ یەکەمینجارە پاش دەرچوونی ئینسکلۆپیدیای هەولێر نووسەرێک بابەتێک وەردەگرێت و بەئەمانەتەوە بڵاوی دەکاتەوە، مەبەستیش لەو نووسینە تەنیا دەستخۆشییە لە "ڕەوەست نەوزاد"و ماندووبوونی ٥ ساڵەشمان کە لەگەڵ ئەو پرۆژەیە بەسەربرد.

## مرۆ (١٢٦)



**حەمید بەدرخان**

# مرۆڤایەتی دەتانگرێ

پێشتر لە ڕژێمە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکاندا، بۆ ڕەواندنەوەی ترس لە مرۆڤی ڕاستگۆو بیرمەندو خاوەن هەڵوێست، چەند ڕێگایەکیان بەکاردەهێنا، لەوانە "چاوسوورکردنەوە، تیرۆرکردن، هەڕەشە، وەلانان، بوختان بۆ دروست کردن و چەندین شتی دیکەی قێزەون، وەلێ هەموو جار مرۆڤە بچووکە بوودەڵەکان زیاتر سوودمەند دەبوون، لەوانەی بەجدی ژیانیان کەوتبووە مەترسییەوە بەتایبەتی دەروون بەرزەکان و ئەو کەسانەی، کە هەرگیزاو هەرگیز نەدەترسان و هەردەم لەسەر هەڵوێستەکانیان سووردەبوون و گوێیان بە قسەی زل و بێ ناوەرۆکەکان نەدەدا لە بەرامبەر ئاغاکانیان و دەسەڵاتداران، لەولاشەوە ئەو مرۆڤانەی کە هیچ مەترسییان لەسەر ژیانیان نەبوو، دەچوون خۆیان دەشاردەوەو خۆیان لەنێو ژنان و پیاوەئاساکانی وەکو خۆیان هەڵدەکێشاو پاش ڕۆژێک لە ڕاگەیاندنەکان بڵاودەکرایەوە، کە فڵان کەس ڕفێندراوە، شوێن بزر کراوە یان هەڕەشەی لێ کراوە... هتد.
ئەمڕۆش لە سەردەمی تەکنەلۆژیاو ژیاندۆستی و ژیانخۆشی کەسانێک هەن سەدان سیناریۆ و بەزم و باڵۆرە دروست دەکەن، کە چۆن بتوانن ئەو سیناریۆیانە دروست بکەن بۆ ئەوەی تێیتەقێنن بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەوێشەوە داوای پەنابەری سیاسی بکەن، یا هەندێ لە نووسەرە دەم گەرم و ئاگریناوییەکان، کە چۆن خۆیان ون دەکەن و لە پاشان دێنە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و دەڵێن ئەم سیناریۆیە خۆمان دروستمان کردبوو بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، یا هەندێ نووسەر کە بەم چەشنە دەچن بۆ دەرەوەی کوردستان و بەو مەرجەی لەگەڵ هاوسەرە جیابووەکەی ئاشت ببنەوە، هەرواش دەرچوو. ئەمەیان خێری تێدابوو، پاش ئەوەندە ساڵە لەیەکتر جودابوونەوە ئەو هەڕەشەلێکراوە کە خۆی گەیاندە ئەوروپا لەم چەند ڕۆژانەی ڕابردوو مانگی هەنگوینییان دووبارە کردەوە.
من وەکو ڕۆژنامەنووسێک دژی هەڕەشەو شوون بزرکردن و هەر کارێکم کە دووربێ لە ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی، بە تایبەتی توێژی ڕۆژنامەنووسان هاوپیشەمن، بەڵام بەوێژدانم ئەو بەزمەی ئێستا لەنێو کایە سیاسی و ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسییەکان دەبینم دوورن لە بەها پیرۆزییەکانی مرۆڤایەتی و ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی.
وریابن، ئەمڕۆ یا سبەی کۆمەڵگای کوردەواری لێتان قبووڵناکات و بارگەو بنەتان توور دەدات، چونکە هەموو کەسێکی بەشەرەفی ئەم کوردستانە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە کارکردن لە بەرامبەر بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی کارێکی ئەوەندە قورسە، کە مەحاڵە مرۆڤ بتوانێ لە ئاست ئەو بێسەروبەرییەدا بێدەنگ بێ، چونکە مرۆڤ کائینێکی گەورەو بەڕێزە، هەر پێشێلکارییەک دژی هەست و نەستی کۆمەڵانی خەڵک دەبێتە هۆی بێزاری و ناڕەزایی جەماوەر، بۆیە لە کۆتاییدا، دەڵێم واز لەو کارە قێزەونانە بێنن، ئەگەر نا مرۆڤایەتی دەتانگرێ، ئەو هەموو بەزمە بەیەکتری ئیتیکی ڕۆژنامەوانیتان تێکدا، توخوا ئەخلاقی سیاسی تێکمەدەن.

# هەق

**د.محەمەد کاکەسوور**



هەق لە "الحق"ی عەرەبییەوە وەرگیردراوە. مانای جۆربەجۆر دەدات بەهەقی نێوان خەڵکی دەوترێت، بۆ مردن بەکاردەهێندرێت، لە کاتی سەرەخۆشی کردن لە کەس و کاری مردوو دەوترێت مردن هەقە ناهەق نییە، کەچی ناوی خوداشە، کە نەمرە بۆ نموونە لەم کوردستانەی خۆشماندا خەڵک هەیە ناوی "عبدالحق"ە.
لەکاتێکدا دەوترێت کەس لە سەرووی یاساوە نییەو یاسا لەهەموو کەسێک بەرزترە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ وشەی هەق بەم شێوەیە نییە. بۆ نموونە کەسێک دەڵێت من لەسەر هەقم، بەڵام کەس ناڵێ من لەسەرووی یاساوەم. یان دەوترێ هەقم هەیە یان هەقی منە. لەوانەیە باشتربێ بووترێ هەقم لەگەڵدایە یان لە هەق دەگەم، چونکە ئەگەر بە بەرزی تەماشای یاسا بکەین دەبێ بەهەمان شێوەش بە بەرزی لە هەق بڕوانین.
یاسا پارێزگاری لە هەق دەکات، ئەگەرچی هەندێک جار گرووپێک خاوەن هەقن لە بابەتێک لە بابەتەکان، بەڵام ناتوانن مافی خۆیان بسەلمێنن بۆ نموونە کورد. زۆر هەقی پێشێل کراوە، کەچی نەیتوانیوە پارێزەرێکی باش بێت بۆ مەسەلەی کورد بە باشی لە خەڵکی بگەیەنێت و هەقەکانیشی بەدەست بهێنێت، چونکە کورد هەقی زۆرە بە بەراورد لەگەڵ ئەو بەشە کەمەی بەدەستی هێناوە.
لە کوردەواری دەوترێت هەق و ڕەق، پێویستە هەق بوترێ و کاری بۆ بکرێ چ بە نەرمی و چ بە ڕەقی بێت، ئەگەر پێویست بکات، خۆ ئەگەر بەنەرمیش بێت و بەدەست بێت باشتر دەبێت.

# مەدالیای ئیفتیخار و شۆڕەسوارانی هەولێر



بزەی هاتێ گووتی،
ڕووناکە ئاسۆم
وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەتت نییە "مێدالی ئیفتیخارە"
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم
کەتۆتۆرای لە چاوان وەک خەوی من
لەبسکت ڕشترە مانگە شەوی من
بڕۆمە جنوون بەلەیلاکەی
خۆت مەنازە
کەناوبانگی پتر ڕۆی ئەوی من

**ئا: عەبدولوەهاب شێخانی**

مام ئەسعەد عەلاف:. کوڕی شارە دێرینەکەی قەڵاو منارە لەگەڕەکی خانەقا سەرەتای ساڵانی "٦٠" لەگەڵ کاک عەبدولقادر بیرێژی و مام خەلیفە حەمەد مەسیفی خەزووری کاک فەرهاد ئەسعەدو مام مەولوود باوکی عەریف عەلی و مام خدر شەنگەو کاکە حەمەدی شێخ عەبدولکەریم و مستەفا تەنەکەچی برای عەبدولقادر بیرێژی شەهیدی هەولێریان کاک ئیبراهیمە فەندی و حەمە ڕەئوف تیزاوی، کە زۆر زیرەک و لێهاتوو بوو لە سیاسەت و کوردایەتی، ئەوانە هەر هەموو ڕۆژ کۆدەبوونەوەو باسی کوردو کوردستان و شۆڕش و ئێزگەی دەنگی کوردستانیان دەکرد، بەڵام لەبەر "هانی هانی" هەرکەس دەهات بزانێ چەندی تێگەیشتووە لە پچرپچڕی دەنگ و باسی ئێزگەی کوردستان بە زۆر لە چاپخانەی "حوسێن مەحموود عەلافی" دادەنیشتین و ئەو باس و خواسانەیان دەکرد. هەروەها مام ئەسعەد لە شۆڕشی ئەیلوول بە بەردەوامی یارمەتی کەس و کاری پێشمەرگە و پێشمەرگەی دەدا وەکو یارمەتیدانی عەریف عەلی مەولوود لە ڕێگای باوکییەوە مام مەولوودی دوکاندار لە تەنیشت مەحموود چاپچی هەر لە گەڕەکی خانەقا هەروەها یارمەتی بۆ بەڕێز براهیمە فەندی دەنارد لە ڕێی فەرهادی کوڕی شەهید ئیبراهیمە فەندی. هەروەها یارمەتی میرزا ڕەسوول ڕۆستەمی دەدا. لەبەر ئەوەی خێزانی مام ئەسعەد عەلاف خۆشناو بوو، خەڵکی گوندەکانی بناری سەفین سووری خوێناو بوون وەکو گوندی قەراسنج، سارتکە، خۆران و بیرێژی، ئەوانیش خزمانی خێزانی هەر هەموویان پێشمەرگە بوون، وەکو شەهید ئەحمەد عەبدوڵڵا خۆرانی ناسراو بە ئەحمەدە شەل، مەحموود عەبدوڵڵا خۆرانی، حەمەد عەبدوڵڵا خۆرانی لە بەندیخانە هەڵات بوو، ڕەئیس عورەفا عومەر مەلا عەبدوڵڵا، کە دەکاتە زاوای ماڵی شێخ کاکە، فەرحان وەسمان قەراسنجی کە پێشمەرگە بوو، زەنگی وەسمان قەراسنجی کە چەند جار بریندار بوو، لوقمان وەسمان، فەیسەل وەسمان، محەمەد وسمان، ئەمانە هەموویان پێشمەرگە بوون، خزمی خێزانی مام ئەسعەد بوون، بەو هۆیەی کە پێشمەرگە بوون زۆر یارمەتیانی دەدا، ئەم هەڵسووکەوتەی مام ئەسعەد کاریگەریی لەسەر کاک فەرهاد ئەسعەد عەلاف هەبوو بووە هۆی چەکەرەکردنی هەست و هۆشی کوردایەتی لە دڵ و دەروونی مامۆستا فەرهاد.

مامۆستا فەرهاد ئەسعەد عەلاف:. کاتی خۆی ئامۆژگای مامۆستایانی هەولێری تەواو کرد. دوای ئەوە وازی لە زانست و زانیاری نەهێناو بڕوانامەی "بەکالۆریۆس"ی لە کیمیا هێنایەوە، دوای ئەوە ماستەری لە کیمیا هێنایەوە ئێستا هەڵگری بڕوانامەی ماستەری کیمیایە لە زانکۆی لۆند لە سوید.

سەرەتا مامۆستا "فەرهاد ئەسعەد عەلاف" گوتی: دورشمی من هەر لە سەرەتاوە بە دەستێک قەڵەم بە دەستێکی تر ڕێکخستن بوو، سەرەتای چەکەرەکردنی هەست و هۆشی کوردایەتی لە دڵ و دەروونی من دەگەڕێتەوە سەر کارو کردەوەکانی باوکم لە بواری کوردایەتی ئەنجامیدابوون، ئەو چەکەرەیە بووە مەشخەڵێک کە هانی دام لە ڕێکخستن کار بکەم. هاندەری دووەمم لە هاندانم بۆ کوردایەتی هاوڕێی ئازیزم دەتوانم بڵێم هاوڕێم نەبوو برایەکی خۆشەویست و ئازیزم بوو، بەڵام لە دایک و باوکێک نەبووین "مستەفای حاجی ڕەسوول هیرانی" ناسراوە بە کاکە ماڵی کاکەی حاجی ڕەسوول، قوتابخانەی کوردایەتی من و زۆر کەسان بوو، وەکو شەهید ساڵح نەفاسەو کاک عوبێد و ئیدریس حوسێن، شەهید ئەحمەد، عەبدوڵڵا خۆرانی "ئەحمەدە شەل". ئاودەل.

بە زۆری پێشمەرگەکانی هێزی دەشتی هەولێری هێزی سەفین لەم قوتابخانەیە ئامادە دەبوون، جێگای پلان دانان و حەسانەوەی پێشمەرگان بوو، ڕۆژێک لەلای کاک مستەفا "کاکە" دانیشتبووم دووکەس هاتن بۆ لای و لە دوکانەکەی لەناو قەیسەری هەولێر هەندێک "پسەپسیان" لەگەڵ کردو ڕۆیشتن دوای ئەوە "کاکە" بەمنی گوت زانیت ئەوانە کێ بوون و چیان دەویست؟ منیش گوتم: نەخێر. گوتی: ئەوانە چەند کەسێکیان پێشمەرگەن و لە شەقڵاوە گیراون و دەزانن بەڕێوەبەری پۆلیسی شەقڵاوە برادەری گیانی بەگیانی تۆیە، هاتوون کارێکیان بۆ بکەی، چونکە ئەگەر ئیفادەی ئەوانە نەگۆڕن هەموویان لە سێدارە دەدرێن، بەبێ هیچ سێ و دوو کردن بەکاکەم گووت: دەباشە کەی بڕۆین بۆ شەقڵاوە، تۆش وەرە لەگەڵم، هەر ئەو دەم بەسەیارەکەی خۆم ڕۆیشتین بۆ شەقڵاوە. کە چووین بۆلای بەڕێوەبەری پۆلیس، گوتی: بۆچی هاتوون؟ منیش گوتم هاتووینە سەردانت. گوتی: بابچین بۆ بێترمە بۆ گەڕان، چووین لە بێترمەی شەقڵاوە دانیشتین، دوای کەمێک بابەتەکەم باس کرد، پێشمەرگە گیراوەکان خزمی سوولە قۆڕیتانی بوون. بەڕێوەبەری پۆلیسی شەقڵاوە گوتی: بەڵێ "مەلەفی" ئەوانە لەلای منە.

هەروەها گوتی: نە منت دیوە نە هاتییە ئێرەو نەگوێم لەو قسەیە بووە، بەڵام کارەکەتم بۆ کردووە ئیفادەیان دەگۆڕم لەڕاستیدا گۆڕی و بووە هۆی بەربوونی ئەو پێشمەرگانە. لە ڕێگا برادەران مامۆستا بایز مەولوود نانەکەلیم ناسی، کە ئەوکات مامۆستا بایز لە ڕێکخستنی کۆمەڵە کاری دەکردو بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندی خەتێ بوو لە دۆڵی بالیسان، ڕۆژێک بەمنی گوت: زۆر پێویستیم بە تۆ هەیە، چونکە من و تۆ لە یەک خاڵ بەیەکەوەین، ئەویش کوردایەتییە، حەزدەکەم لە ڕێکخستن کار بکەی، منیش گوتم: زۆر لەمێژە هیواو ئاواتم ئەوەیە، کە لەڕێکخستن کار بکەم و بۆ کوردو کوردستانەکەم، ئەوکات من کۆلێژم تەواو کردبوو، گوتیان: ساڵێک "معلم جامعي" دەبێ بچێتە گوندان، بۆ خۆت هەڵبژێرە، یەکسەر مامۆستا "بایز" گوتی: وەرە لای من لەخەتێ وەکو مامۆستا کاربکە، بەڵام "متفرغ" بە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری سیاسی ئەگەر دەتەوێ. منیش یەکسەر گوتم: زۆر باشە، چووینە پەروەردەی هەولێر، مامۆستا بایز گوتی: من ڕێکی دەخەم، ئەوکات بەرپرسی خۆیەتی لە هەولێر "نیعمەت عەبدوڵڵا" بوو، یەکسەر ئەمری ئیداری دەرکردو بوومە مامۆستای خەتێ لەلای مامۆستا بایز، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی خەتێ بوو. کە چوومە خەتێ لە دەست پێشمەرگە دابوو، وام دەزانی هەموو دنیام دراوەتێ ئەوەندە خۆشحاڵ بووم. ساڵی "١٩٨٤" ئەو ماوەی کە لە خەتێ بووم پێشمەرگەیەکی زۆرم ناسی وەکو کاک ڕێکەوت و برایەکەی، کە ئەوکات بەرپرسی ڕێکخستنی ئەو دۆڵە بوو هەروەها "مزەفەر کەریم" شێخ قادر و کاک مەسعود عەقاری و کاک حەبیب برای خولە و شێخ سالار، ئێمە پیکەبێکمان هەبوو هی باوکم، هەر جاری لەگەڵ کاک بایز دەهاتین کەل و پەلی قوتابخانەمان وەردەگرت لەگەڵ خۆم لە کەباب بەهار "١٥-٢٠" نەفەر کەبابم دەبرد لەگەڵ خواردنێکی یەکجار زۆر، بەهۆی ئەوەی کە کاک گەیلان بەرپرسی مەدخەری هەولێر بوو هەمووجار دەچووم داودەرمانێکی زۆری بۆ دادەنام لەگەڵ خۆم دەمبردە خەتێ، لەوێش دەمدا بە پێشمەرگەکانی یەکێتی، دوای ئەوە من سەیارەکی سوپەرم هەبوو دەمبردە خەتێ، لەوێ پڕیان دەکرد لە بڵاوکراوەکانی نهێنی و ئێمەش لەگەڵ مامۆستا بایز دەمان هێنا هەولێر، من تەرخان کرام بۆ ئەو کارانە، هەموو بڵاوکراوەکانم دەهێناو دەمبردە تەیراوە ماڵی محەمەد بەدالە، لە بەدالەی نەخۆشخانەی کۆماری کاری دەکرد، کە لەدواییدا شەهید کرا.

ڕۆژێک چوومە ماڵی مامۆستا بایز ساڵی "١٩٨٤- ١٩٨٥" دەبینم وێنەی مام جەلالیشی هەڵواسیوە، پێم گوت: تۆ ناترسی ئەو وێنەیەت هەڵواسیوە؟ گوتی: کێ دەزانێ ئەمە وێنەی مام جەلالە هەروا دەزانن مامە. هەموو ڕۆژ بەرنامەی ئێزگەمان تۆمار دەکردو لەناو سەیارە لە هەولێر دەگەڕاین و گوێمان دەگرت، شەوان دەچووینە لای برادەران گەر من بچووبام دەیان گوت: نەوشێروان کوا مام جەلال ئەگەر ئەویش بچووبایە، دەیان گوت: مام جەلال کوا نەوشێروان، چونکە هەردووکمان زۆر بەیەکەوە بووین. دەشیانزانی کە ئێمە چین، بۆیە وایان پێ دەگوتین. هەندێ جار لەساڵی "١٩٨٤" بڵاوکراوەی یەکێتیمان بە گونیان دەبردە ماڵی مامۆستا خدر، کە ئەوکات ماڵیان لە مەنتکاوە بوو و مامۆستا خدر بەڕێوبەر بوو لە قوتابخانەی ئیبن مستەوفی ئێواران. هەروەها بەهۆی مامۆستا بایز مامۆستا محەمەد مەنگووڕی و مامۆستا مەغدیدم ناسی، کە ئەوانیش لە ڕێکخستن کاریان دەکرد.

دوای ئەوەی کە ساڵێکم تەواو کرد لە خەتێ بووم بە "موعید" لە زانکۆی هەولێر ئیتر ڕێکخستنم گواستەوە بۆ ناو زانکۆ، بەیانیان زوو دەچووم بۆ زانکۆ، هەموو بڵاوکراوەکانم دابەش دەکردو بڵاوم دەکردەوە، بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ و کەسیش شک لەمن ناکات، چونکە من ناسراوبووم بە هێمنی و ناسک و دوور لەو شتانە، کەچی کۆڵکەی ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان خۆم بووم. بەڵام بەداخەوە دوای ماوەیەک ئەو برادەرانەی کە دەیانمناسی ئاشکرابوون و مەترسییەکی زۆرم کەوتە دڵەوە، ئەو هەموو ڕەسمەی کە لەخەتێ لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە گرتبووم هەموویانم شاردەوە، بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست دوژمن، دامە برایەکەم کاک گەیلان کە بۆم هەڵگرێ، بەڵام بەداخەوە ئەویش لەترسان هەمووی سووتاندبوو. دوای ئەوەی ئەوانە گیران، پاش لێکۆڵینەوەکی زۆر هەر هەموویان ڕەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب کران. من تووشی دڵە ڕاوکێیەکی زۆر ببووم دەمگوت ئێستا نا ئێستا دەگیرێم. بەڵام شەهید مامۆستا بایز مەولوود ناوی منی نەدابوو دوای ئەوەی بایز مەولوود حوکمی هەتاهەتایی وەرگرت لەگەڵ هاوڕێکانی، من بە بەردەوامی سەردانی بەندیخانەی ئەبوغرێبم دەکرد. لە ساڵی "١٩٨٧" ژنم هێناو چووم بۆ بەغدا بۆ "شهر عسل"، خێزانەکەم لە فندق بەجێ هێشت و گوتم من دوو سەعاتێکم پێ دەچێ و دێمەوە. چووم هەتا ئێوارە نەهاتمەوە چوومە سەردانی برادەران لەبەندیخانەی ئەبوغرێب.

خێزانم زۆر پەشۆکا بوو، چونکە کات و ساتەکە هی هەندێ نەبوو ئێستاش خێزانم دەڵێ لەبیرتە لە مانگی هەنگوینی بەجێت هێشتم، لە یەکەم ساتدا چوویتە سەردانی برادەرانت لە ئەبوغرێب، منیش گوتم: کوردو کوردایەتی و شەهیدو پێشمەرگە لە ماڵ و منداڵ و ژن لەلای من گەورەترو لە پێشترە، ئێستاش یادگارییەکی مامۆستا بایز لەلام ماوە، کە جەنتایەکی بەخاکی کراوە، وەک یادگارییەک خێزانم هەڵی گرتووەو لەسەری نووسراوە: بۆ براژنم.

## خێزانم پێی گوتم لەبیرتە لە مانگی هەنگوینی کە بەجێت هێشتم، لە یەکەم ساتدا چوویتە سەردانی برادەرانت لە ئەبوغرێب



فەرهاد ئەسعەد عەللاف

# یەدوڵڵا فەیلی : پارتی دیموکراتی کوردستان بەهی خۆم دەزانم

یەدوڵڵا فەیلی یەکێکە لەو کەسانەی کە بەدەگمەن لە ڕاگەیاندنەکان دەردەکەوێ، بە قسەی خۆی حەزی لە خۆدەرخستن و خۆ هەڵکێشان نییە، بۆیە لەکاتی گفتوگۆ و دیدارە زۆر تایبەتەکەماندا هەر دەیگوت: من "٥٥" ساڵە خەباتی نهێنی و بەڵکو زۆرجاریش خەباتی گیان لەسەردانانیشم کردووە، بۆ ئەو مەبەستە لە دیدارێکی دوور و درێژدا دواندمان و لە چەند بەشێکی تێروتەسەل، کە دابەش دەبێ بەسەر ژیانی تایبەتی خۆی و لقی "٥" پارتی لە بەغداو دامەزراندنی دەزگای پاراستن و ناسین و ژیانی لەگەڵ مەلا مستەفاو ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی و مام جەلال و بەشیر مشیر و حەبیب محەمەد کەریم تا دەگاتە فرێدان و هەڵدێراندنی بنەماڵەکەیان بۆ ناو گەلی عەلی بەگ، هەموو ئەوانە لە گفتوگۆ کراوەکە بخوێننەوە، جگە لە باسکردنی کتێبخانەی مەکەنزی لە بەغدا، کە بە کتێبخانەیەکی نێودەوڵەتی و زانستی ناسرا بوو، کە بە قەولی فەیلی ئەمە وەکرێکی گەورەی شیوعییەکان بوو لە عێراق، سەرەتا پرسیمان یەدوڵڵا فەیلی کێیە، لە وەڵامدا گوتی: ناوی تەواوم عەبد کەریم مورادە، لەدایکبووی ١٩٣٤ی بەغدام، یەدوڵڵا کەریم "یەدوڵڵا فەیلی" ناوی خوازراوە و ئەو ناوە منی زۆر پاراستووە، لە زۆر لە فەرمانگەکانی حکومەت و کۆمپانیاکان فەرمانبەر بوومە، لە ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٣ لە کارگەی ڕستن و چنینی ئەهلی کارمکرد، ژمێریار بووم، ڕەشید عارف کۆیی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو، کورد بوو، یارمەتی پارتی دەدا لە هەموو لایەنێک، کۆمپانیای هەبوو، هەرچی خەڵکی کورد هەبوو هەوڵی دەدا بیباتە لای خۆی و سوودیان لێ وەربگرێ، ئەوە لایەنی تایبەتە، بەمنی گوت ئێرە کۆمپیانیایەو ئەهلییەو کارگەی کەلوپەلی دروستکردنی خانووبەرەی عێراقییە، دواتر بووە کارگەی کۆماری، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم.

**ئا: حەمید بەدرخان**

*** لە ئێستادا چ بەراوردێک دەکەی لەنێوان دەزگا موخابەراتییەکانی ئێستاو ئەوکا؟**

- پێچەوانەیە، ئێستا موخابەرات هەمووی موزدەوەجە لەبەر پارە، بەڵام پێشتر وانەبوو، هەمووی لەسەر ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و پاکی و نیشتمانپەروەری بوو، کابرا کە موخابەرات بوو بۆ میللەتەکەی ئیشی دەکرد، کە لەگەڵ حکومەت بوو لەگەڵ بوو، ئێستا وانییە، کێ دەخوازێ لە چ موخابەراتێک بە پارە دەیکا.

*** ئەوە ترسناک نییە؟**

- ترسناکترین و خەتەرترین شتە، چونکە بەرژەوەندییە، کە بەرژەوەندی بێ، بۆ نموونە کەسێک پەیوەندی هەیە لەگەڵ موخابەراتی عێراقی، لایەنی دیکە هەوڵدەدا ئەو کابرایە بکڕێت بە پارە، بۆ زانیاری وەرگرتن.

تۆ باسی کاک دارا تۆفیقت کرد، کاک دارا لە ساڵی حەفتا هاتە لای ئێمە، کاک دارا لە ٦٩ مەلا مستەفا تەرشیحی کرد ئەندامی مەجلیسی قیادەی شۆڕشی پێ بدرێ، نەماندایێ.

*** باسی بەشیر موشیرمان بۆ بکە؟**

- ئەوکات من بەرپرسی ڕۆژنامەی خەبات بووم، مەرکەزی بینینی خەڵک بوو، دوکانی هەبوو لە حەیدەرخانە، چ شەخسێکی گەڕەکت دەویست لەوێ بوو، ئەوانە هەموو دەچوونە دوکانەکە، منیش کە بەرپرسی ڕۆژنامەی خەبات بووم، ڕۆژنامەمان بۆی دەنارد، بەس پارەی نەدەدا، خۆشەویستیش بوو، ئەوکات ڕۆژنامەمان بە فەخری کەریمیش دەدا، تا ئێستاش فەخری کەریم پارەمان قەرزارە، چونکە ئەو ڕۆژنامەکەی دابەش دەکرد، جار جار دەچوونە لای بەشیرو دەیانگوت بۆ جار جارە پارە دەدەی، دەیگوت ئەوە کوڕی باشە، زۆر شتی هەبوو، یەکێک لە شتە خۆشەکانی "د. عزەدین مستەفا ڕەسوول" عزەدین مستەفا بەردەوام دەچێتە لای بەشیر موشیر و زەماڵەی بۆ دەرچوو، من بوومە کەفیلی پیاو نەبوو ببێتە کەفیلی، عزەدین تەکلیفی لە فاروقی برای کردبوو گوتبووی سەفەر دەکەم بڕۆ تەعاروفێک لەگەڵ بەشیر موشیر بکە، ڕۆژێک فاروق هاتبوو بۆ لای بەشیر، گوتبووی هاتوومە بۆ یەکتر ناسین، بەشیر مشیر بە عزەدینی دەگوت "عیزەدین" گوتبووی عزەدین هەتیو بوو ئێستا تۆ لەجێگای ئەو هاتووی.

*** ئەی ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩٥٩ مەلا مستەفا هاتبووە هوتێل "سمر امیس" بەشیر هاتبووە لای دەربارەی ئەوە شتێک دەزانی؟**

- بەڵێ مەلا مستەفا هاتبووە بەغدا، من دەڵێم مام جەلال لەولەبی جووڵانەوەی کورد بووە، لە شۆڕشی ئەیلوول مام جەلال هات لە بەغدا کۆبوونەوەمان کرد.

*** بەڵام دەگوترێ شۆڕشی ئەیلوول لەسەردەستی پۆلیسەکانی هەولێر دروست بوو، کاتێ مەخزەنیان شکاند و هاتنە شاخ؟**

- شۆڕشی ئەیلوول کە کرا مەراکز هەبوو لە کوردستان، کە دەست پێکرا کوردەکان لەوێ بوون و پەیوەندیان بە شۆڕش بوو، پۆلیس ڕۆڵیان هەبوو و تەنزیماتمان هەتا لە تەنزیمانی پۆلیسی بەغدا نەفەری سریمان هەبوو، جیهازمان کرد بەڵکو ئیزاعەمان دەست بکەوێ، جیهازی پۆلیسیان بۆ هێناین، عەریف عوسمان بوو، عەریف سلێمان بوو، پۆلیس ڕۆڵی دیاریان هەبوو.

*** ئەی کەمال محێدینت کەی و چۆن ناسی؟**

- لە سەردەمی خوێندکارییەوە کەمال محێدین دەناسم.

*** ئەی عەدنان نەقشبەندی؟**

- ئەویش هەروەها لە سەردەمی خوێندکارییەوە دەیناسم، مەئموون دەباغیش هەمان شت، ئەوانە خوێندکار بوون هاتنە بەغدا بۆ خوێندن و بە حوکمی ئیش و پەیوەندییەکانم دەیانناسم.

*** کامە برادەرت ئێستا لەژیان ماوەو لەگەڵ بە وەفایە؟**

- هەموویان وەفایان هەیە، ماڵی مەلا مستەفاش هەر دەبێ بە وەفا بن، من لە پارتیش دوور نیم ئەوەی بڵێ لە پارتی دووری حیسابی بۆ ناکەم، من وا حیساب دەکەم پارتی هی خۆمە، لەبەرئەوەی قوربانیم داوەو حزبایەتیش بیروباوەڕە، لە منداڵییەوە لەو جووڵانەوەیە بوومە.

*** لەسەر تۆ کەس لەسێدارە دراوە؟**

- نەگیراوم تا دانی پیابنێم و کەس دەستگیر بکرێت، بەڵام خزمم زۆر کوژراون، ماڵی خۆم و باوکم و براکانم دەستبەسەرکران و چەند خانەوادەیەکی بنەماڵەکەم لە ساڵی ١٩٧٤ خرانە ناو گەلی، باوک و دایکم پیربوون هەموویان فڕێدانە ناو گەلی، تەقریبەن ٢٠ خێزان بوونە هەموویانیان خستە ناو گەلی تا بمرن، بەڵام عەبدولستاری برام ماوە کە فڕێیان دانە ناو گەلی لەوێ پێشمەرگە بێن و ئەو خێزانانە ببنە درع، برایەکم هەیە ناوی ستارە لەگەڵیان بوو لەوێ ڕایکردبوو گەیشتە لای ئێمە، ئێمە لە جوندیان بووین، براکەم هات و هەواڵی پێداین ئێمەش بە پێشمەرگەکەمان گوت ئەو حاڵەتە هەیە تەقە مەکەن، ئەگەرنا ئەو خێزانانە هەموویان دەکوژران.

*** کەی یادەوەرییەکانی خۆت دەنووسیەوە؟**

- زۆرم نووسیوەتەوە.

**بەشی شەشەم و کۆتایی**



یەدوڵڵا فەیلی

# ململانێی مەزهەبی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی"٢٠٠٥" لە عێراقدا - "ئەنجومەنی نوێنەران بە نموونە"



**پشکۆ عەلی ساڵح**
pshko ali@yahoo.com

دیارە لەسەرەتای پێکهێنانی عیراقی نوێدا، ئۆپۆزیسیۆن کاتێک، کە دەسەڵات مەزهەبێک دەگرێتە خۆی، شتێکی ئاساییە، کە مەزهەبی نەیار ببێتە ئۆپۆزیسیۆن . واتە دابەشبوونی دەوڵەت لەنێوان مەزهەبی فەرمانڕەواو مەزهەبی فەرمانبەسەرداکراو، بەڵام ئەمە لە عیراق ڕووینەدا لەبەر ئەم هۆکارانە:

١. سەرکردەو لایەنگرانی مەزهەبی فەرمانبەسەرداکراو، ڕازی نەبوون بە ڕێگەی بەمەزهەبی کردن، چارەسەرکردنی بەمەزهەبی کردن بکەن، بۆیە بیریان لە دروستکردنی حزب و ڕێکخستنی شیعی نەکردەوە، هەرچەندە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری فراوانیش بوون .

٢. سەرکردە شیعەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەمەزهەبی کردنی دەوڵەت، پشتیان بە پرۆژەی دیموکراتی بەست .

٣. سەرکەوتنی سەرانی دەسەڵات بە خۆنزیک کردنەوە لە سەرکردەکانی شیعەو هانابردن بۆیان لەو کاتانەی، کە سەرانی دەسەڵات دەبوونە ئۆپۆزیسیۆن، دواتر بە بەکارهێنانی هێزە خێڵەکییەکان بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکانی نەیاریان و پێکهێنانی کابینە نوێ .

٤. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بەردەوامبوون لەپەیڕەوکردنی شێوازی (کوکس-نقیب) بەدرێژایی کارکردن بە عورفی مەزهەبی، هەندێک لە سیاسییەکانی شیعە، وەک کەسانی سەر بە کەمینەکان هەڵسوکەوتیان کرد .

٥. بەشێک لە سیاسییەکانی شیعە، گەیشتنە ئەو بڕوایەی، گەیشتن بە پۆستە گرنگەکان دەبێ لە ژێر سێبەری مەزهەبی حوکمڕاندابێ .

بۆیە تایفەگەری وەک ئامرازێکی سیاسی لە مێژووی عیراقی نوێ، بەکارهات، بەڵام بەدەگمەن گەیشتە ڕاددەی توندوتیژی گەورەو دروستبوونی شەڕی ناوخۆ . سوننە جگە لە بێلایەنی سیاسی، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کۆنترۆڵی بارودۆخەکەیان کردبوو، زۆرینەی کرێگرتە کشتوکاڵییەکانی ناوچە سونییەکان، شیعە بوون . کاتێکیش سەردەمی پادشایەتی لە ساڵی (١٩٥٨) ڕووخا، بارودۆخ بەرەو گۆڕان ڕۆیشت، لەگەڵ سەرەتای نوێنەرایەتی کردنی شیعە لە حکومەت، هەرچەندە لە ئاستی پێویستدا نەبوو، لە ڕووی بازرگانییەوە، (شیعە) شوێنی جوەکانی لە عیراق گرتەوەو گۆڕان بۆ سەنتەرێکی ئابووری باڵادەست، بە تایبەت لە بواری بازرگانی .

٣. سەردەمی دەسەڵاتی بەعسییەکان (١٩٦٨-٢٠٠٣ز) : حزبی بەعس ساڵی (١٩٦٨) گەیشتە دەسەڵات . نەک بەتەنها زانایانی شیعە، بەڵکو سوونەکانیش لە حکومەت نارازی بوون، بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە یاسای باری کەسێتی کرابوو، بێ لەبەرچاوگرتنی واقیعی عیراق، بۆیە هەندێ بڕگەی هەموارکرایەوە . لێرەوەش ڕژێمی (سەدام حوسێن) پرەنسیپی (یەکسانی) لەناوبردو ڕادەی دڵسۆزی و گوێڕایەڵی و وەلائی کوێرانە، بووە پێوەری سەرەکی لە عیراق .

بەهۆی ئەوەش کوردو شیعە وەک پێویست نوێنەرایەتیان لە پۆستەکان نەبووە، تەنانەت ئەوانەی دادەنران لە پۆستەکان، نوێنەری کوردو شیعە نەبوون، بەڵکو کەسانی سەر بە دامودەزگاکانی ڕژێم بوون . بۆیە (سەدام) بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی (پاسەوانە تایبەتییەکان و هێزەکانی گاردی کۆماری تایبەت)پشتی بە عەرەبە سوننەکان دەبەست . پێوەری هەڵبژاردنیشیان وەلائی کوێرانە بوو، بۆ سەرۆک . بەهێزکردنی دەسەڵاتی (سەدام) و بەدیهێنانی ویست و ئارەزووەکانیان، زۆربەی کات لە حسابی چینە جیاوازەکانی دانیشتوانی عیراق بوو . ڕژێم پێش ڕووخانی بە ماوەیەک، بە تایبەت لە ساڵی (١٩٩٦) هەڵسا بە لە سێدارەدانی چەندین کەسایەتی عەرەبی سوننە، لە نێوانیان چەندین کەس لە ئەندامانی هۆزەکەی، تەنانەت لە بنەماڵەکەی خۆشی، کە هەردوو زاواکەی (حوسێن کامل و سەدام کامل) بوون . بەمەش سەلماندی، کە هیچ هێڵێک نییە بۆ پاراستنی هیچ کەسێک، ئەگەر بووە مەترسی لەسەر ڕژێم . هەر لێرەوەش قرکردنی گەلانی عیراق، شێوەیەکی تائیفی وەرگرت، شیعەکان کرانە ئامانجی یەکەم و کوردیش بووە دووەم ئامانجی . ئەمەش لە کاتی جەنگی عیراق و ئێران ڕوویدا . لە لایەکی ترەوە بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و هەڵگیرسانی شەڕی عیراق – ئێران، بابەتی شیعەی لە عیراقدا مەترسیدارتر کرد . کێشەی نێوان عیراق و ئێران بووە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ڕژێمی سیاسی عیراق و شیعە لە عیراق. بەتایبەتی دوای ئەوەی، کە مەرجەعی شیعە (یە الله محسن الحکیم) لە کێشەی (شەتولعەرەب)ی نێوانیان ئیدانەی حکومەتی ئێرانی نەکرد . بەمەش ڕژێمی بەعس هەڵسا بە ڕەشبگیری، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستاو خوێندکاری دەستگیر کرد . زانکۆی کوفەی لە نەجەف داخست و دەستی گرت بەسەر کەل وپەلەکانی . نزیکەی (٢٠) هەزار کەسی لە عیراق دوور خستەوە بە بیانووی ئەوەی کە بەرەگەز ئێرانین . لەبەرامبەردا (الحکیم) بە خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین وەڵامی دانەوە، کە هەزاران کەس لە لایەنگرانی بەشدارییان تیایدا کرد . بەمەش دەسەڵاتدارانی بەعس (مهدی الحکیم)ی کوڕیان بە تۆمەتی سیخوڕی کردن بۆ ئیسرائیل، دەستگیرکرد . لەم بوارەشدا زانای ئایینی سوننی (عبدالعزیز البدری) کە پشتگیری (الحکیم)ی کردبوو لە سێدارەدا .

چەوساندنەوەی شیعەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەردەوام بوو، هەر بەدەستگیرکردن و داخستنی خوێندنگە ئایینیەکانیان و ڕێگە نەدان ئەنجامدانی مەراسیم و ماتەمی تایبەت بە یادکردنەوەی شەهید بوونی (عەلی) و (حەسەن) و (حوسێن) . دواتر دەستی کرد بە لە سێدارەدانی ئەفسەرو فەرمانبەرو سەرکردە ئایینی و سیاسییەکان، هەرچەندە بەعس فەتوای (الحکیم)ی بۆ بەرژەوەندی بەکارهێنا دژی شیوعییەکان .

دوای کۆچی دوایی (آیە الله الحکیم) ساڵی (١٩٧٠)، (سید محەمەد باقر الصدر) دامەزرێنەری (حزبی دەعوە)، جێگەی گرتەوە. (الصدر) خاوەنی ئیجتهاد و بۆچوونی سیاسی ئایینی خۆی بوو، بۆیە توانی حەوزەی شیعی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، هانبدات . لەم سەردەمەشدا دابەشبوونی گەورە لە نێوان (الصدر) و (الخوئی)، کە لە ڕووی زانستییەوە لە (الصدر) گرنگتر بوو، ڕوویدا، بەڵام ڕۆڵی سیاسی زانای ئایینی ڕەتدەکردەوە، بۆیە ساڵی (١٩٧٢) بۆ ماوەیەکی کورت دەستگیرکرا، دواتر ئازاد کرا، بەڵام دواتر ساڵی (١٩٨٠) دوبارە دەستگیرکرایەوەو لە سێدارە درا . دیارە زانایانی شیعە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ڕژێمیان نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا تواناو لێهاتوویی ژمارەیەک کەسایەتی شیعەو سەپاندنی ڕێزی خۆیان، هەروەها پیادە کردنی دەسەڵاتیان لە چوارچێوەی تایفەکەی خۆیان، بووە هۆی نارەزایی ڕژێمی بەعس، لەئەنجامدا چەندین کەسایەتیان دەستگیرکردو چەندینی تر لە ناوبران .

بەو پێیەی ململانێ لە عیراقدا، وەک هەموو کۆمەڵگایەک کە ئەندامانی پەیڕەوی دوو ئایین یا زیاتر بوونە، سەردەمانێکیان لە پێکەوە ژیان بەسەر بردبوو . لە هەمان کاتدا ناسنامەی ئایینی خۆیان پاراستووە، جگە لەو حاڵەتانەی کە ئەگەر لایەنێک باڵادەست بووبێ و لایەنی بەرامبەری ناچار کردبێ مەزهەبی خۆی بگۆڕێ بەڕێککەوتن لە هاوسەرگیرییەکە . واتا تایفەگەری تا ڕادەیەک، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، درێژخایەنی بووە، بەڵام مەترسیدار نەبووە . کاتێک قێزەون بوو، ئەو کاتەی هەوڵی قۆستنەوە (إستغلال) و بەسیاسەتکردنی لە پێناو دەستکەوتی سیاسی و بەکارهێنانی وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی لایەنگر، درا . ئەمەش دیاردەیەکە بە گشتی لە ململانێیە سەربازییەکان ڕوویداوە، بۆ نموونە: لە یۆگسلافیای پێشوو .

دروستبوونی تایفەگەری ئەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتەکانی تایفەگەری ڕژێمی پێشوو نەبوو، بەڵکو سروشتی ڕژێمەکە خۆی هۆکار بوو . سروشتی ڕژێمی بەعس تۆقێنەرو خوێنڕێژ بوو، جگە لە هێزە تائیفییەکان، هێزە نا تائیفییەکانیشی ڕیشەکێش کردبوو، هێزی ئایینی و خێڵەکی تری بەرهەم هێناوە بۆ بەهێزکردنی ڕژێمەکەی . یەکێک لە کردەوەکانی تائیفیەتی سیاسی، کە ڕژێمی بەعس بەرامبەر هاوولاتیانی پارێزگاکانی باشوورو ناوەڕاست ئەنجامیدا . هەر لەدانانی پارێزگارو لێپرسراوانی ئیداری و ئاسایش و حزبی، لە کەسانی دەرەوەی پارێزگاکانی خۆیان، بەتایبەت پارێزگاکانی (سلاحەدین، ئەنبار، نەینەوا) بۆ ملکەچکردنی هاوولاتیان و کۆنترۆڵکردنیان، هەروەها بۆ ئەوەی هەست بە لاوازی و پاشکۆیەتی بکەن و چاونەبڕنە پۆستی باڵا لە دەوڵەت . شیعە لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩٩١) ڕاپەڕین، لە چواردە پارێزگای عیراق ڕاپەڕین کرا، زۆرینەی خەڵک و ئەفسەرو سەربازانی سوپای عیراقی بەشدارییان کرد، بەڵام ڕژێمی بەعس بەهۆی (الحرس الجمهوری) توانی کۆنترۆڵی باشوور بکاتەوە . لەو پێناوەشدا دەستی لە خەڵکی شارەکان نەپاراست . ئەم ئەرکەشی بە (محەمەد حەمزە الزوبیدی) و (حوسێن کامل) سپارد، تا چەندین تاوانی گەورەیان ئەنجامدا . بەمەش لە یادەوەری شیعە چەسپا، کە تاوانباران کۆڵەکەی سەرەکی حکومەتی سوننە بوو .



کاتێکیش کە خەڵکی ناو مەزارگای ئیمامی (حوسێن)ی هەموو کوشتبوو وتبووی : "أنا حسین وأنت حسین! لنری من الفائز من بیننا!" .

سەرهەڵدانی توندوتیژی تائفی لە ڕابردووی عیراق هەبوو، بەڵام هیچ بەڵگەو ئاماژەیەک نییە، کە توانیبێتی ڕژێم بڕووخێنێ، چونکە پێویستی بە هەبوونی چالاکی سیاسی و بەرنامەی ڕەگەزی و تائفی ڕاگەیەنراو، لەگەڵ بوونی ژینگەیەک کە ڕێگە بدات .

٤. عیراق دوای پرۆسەی ئازادی ساڵانی ٢٠٠٣ – ٢٠٠٥ :

دوای ڕوخانی ڕژێمی عیراق، لە (٢٠٠٣/٤/٩)، ئاستی ململانێی تائیفی نێوان سوننەو شیعە، زیادی کرد، تاگەیشتە ڕاددەی ڕەشبگیری، ئەشکەنجەدان، کوشتن لەسەر بنەمای باوەڕی ئایینی، هێرش کردنە سەر مزگەوت و خەڵکی مەدەنی . ناچارکردنی هاوولاتیان شارو گەڕەکەکانیان لەسەر ناسنامەی ئایینی و تائیفی بەجێبهێڵن . لەهەمان کاتدا ململانێ لە نێوان کۆمەڵە نەتەوەییەکان هەبوو، وەک کوردو عەرەب، هەروەها لەنێوان میلیشیای شیعی (ڕێکخراوی بەدر)، (سوپای مەهدی)، کە بووە مەترسی لەسەر دابەشبوونی عیراق .

لە دیارترین لایەنەکانیش، ئەم هێزانەی، کە ناسنامەیان ئایینی بوو، بەڵام هۆکاری دروستبوون و ڕوخسارو ئامانجیان سیاسی بوو، (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عیراق) و باڵە سەربازییەکەی (ڕێکخراوی بەدر) بوو . هەروەها گرووپە یاخیبووەکان کە هەوڵی دروستبوونی شەڕی ناوخۆ و بڵاوکردنەوەی نائارامی، وەک پاشماوەی بەعسییەکان و ڕێکخراوەی قاعیدە لە عیراقدا بوو . لێرەوە تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبێلێک لە ناو کۆمەڵێک خەڵک لەدەرەوەی مزگەوتی (ئیمامی عەلی) لە (نەجەف) لەڕۆژی (٢٩/ئابی ٢٠٠٣) کە بووە هۆی کوژرانی (٨٥) نوێژکەر، لە نێوانیان (محمد باقر الحکیم) سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عیراق، کە ئامانجی هێرشبەرەکان بوو، بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان (یاخیبووەکان) و هێزەکانی حکومەتی عیراقی بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان .دەرهاوێشتەی ئەم شەڕانە، شەڕێکی تائیفی زۆر توند دەستی پێکرد، سوننە دژی شیعە، شیعە دژی سوننە، کە بەرنامەیان لەلایەن توندڕەوترین کەسانی هەردوولا دادەنرا . دوای هەموو هێرشێکی خۆکوژی، یان دۆزینەوەی تەرمی شێوێنراو، هەستی تایفەگەری زیاتر دەبوو . ئەم ڕووداوانەش ڕۆژانە ڕوویاندەدا . زۆرینەی کردەوە خۆکوژییەکان کۆبوونەوە بۆ نوێژکردن، مەراسیمی تەعزیە، بازاڕە قەرەباڵغەکان، بنکەی وەرگرتنی سەربازی و پۆلیسی دەکردە ئامانجی خۆی . زۆربەی کردەوەکانیش لە (بەغداد) و شارەکانی دەروبەری پایەتەختی دەگرتەوە، کەدانیشتوانەکەی تێکەڵێکە لە سوننەو شیعە، یان ڕێگای نێوان (بەغداد) و شارە پیرۆزەکانی شیعە (نەجەف) و (کەربەلا)، کە بەناو شارەکانی (لەتیفیە)، (مەحمودیە، ئەسکەندرییە، یوسفیە، موسەیەب)، کە ئەم ناوچانە بە (سێگۆشەی مەرگ) ناسراون . لەکاتێکدا ئەم ڕووداوانەی ڕوویاندا، هیچ ئامانجێکی سیاسی ڕوونی لەدواوە نەبوو، جگە لە بڵاوکردنەوەی ترس و نائارامی و فیتنە و توورەیی . هاوولاتیان لەبارێکدا بوون کە باوەڕیان بە هەموو پڕۆپاگەندەیەک دەکرد، وەک ئەوەی کە تەقینەوەیەک ڕوویداوە، یان خەریکە ڕوودەدات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە لە مەراسیمێکی شیعەدا لە (٣١ی ئابی ٢٠٠٥) لە(جسر الائمە) ڕوویدا بە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیارییەک کە کەسێکی خۆکوژ خۆی دەتەقێنێتەوە، بووە هۆی ڕاکردن لە سەر (جسری کازمیە) سەدان کەس لە هاوولاتیان گیانیان لەدەستدا، کە لەڕاستیدا ئاگادارکردنەوەیەک بوو بەهۆی کەوتنەوەی (٧) گوللە هاوەن لە ناوچەیەکی نزیک ئەم ڕووداوە . ماوەی ساڵ و نیوێک، لە مانگی ئابی ساڵی (٢٠٠٣) تا شوباتی ساڵی (٢٠٠٥) بەدەگمەن ئەم کردەوانە وەڵامدەدرانەوە،جگەلەقووڵکردنەوەی توڕەیی و داوای تۆڵەکردنەوە . تەنها لایەنێک کە تۆمەتبار کرابێ بە تۆڵە کردنەوە (ڕێکخراوی بەدر) بوو، کە تاوانبار کرا بە لەناوبردنی بەرپرسانی پێشووی ڕژێم و بەرپرسە باڵاکانی بەعس و یاخیبووەکان .

لێرەوە سەرکردەکانی شیعە داوایان لە خەڵک کرد، کە دانبەخۆیاندابگرن و تۆڵەی کەس وکاریان نەکەنەوە، چونکە لە هەوڵی وەرگرتنی دەسەڵات بوون و لە ڕێی ئەم گۆڕانکارییەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوەی دەبرد . لەم ماوەیە شیعە دانیان بە خۆیانداگرت، بەڵام هێرشەکان تاکلایەنە بوو ئەنجامدەدرا، مەبەست لێی هەڵگیرساندنی شەڕی تائیفی بوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو .

سەبارەت بە (هیئة العلماء المسلمین) زانایانی ئایینی سوننەی عەرەب، لەبەرامبەر چەندین تاوانی گەورەی وەک (کیمیابارانی هەڵەبجەو بالیسان و پرۆسەی ئەنفال)،لە ئایینی ئیسلام ئیستغلال کراو بەناوی سورەتی (ئەنفال)ی قورئانی پیرۆز، زیاتر لە (١٨٢,٠٠٠) مرۆڤی بێتاوانی کورد، زیندەبەچاڵ و گوللە باران کران، هەروەها لەبەرامبەر شەڕی عیراق و ئێران، داگیرکردنی کوێت، تێکدانی هەزاران دێ، لەناوبردنی هەزاران کەس لە زیندانەکان، دۆزینەوەی کۆڕە بەکۆمەڵەکان لەدوای پرۆسەی ئازادای عیراق، هیچ هەڵوێستێکی ڕوونیان نەبووە، بەڵکو چەندین فەتوای ناشەرعیشیان لە قازانجی ڕژێمی بەعس دەرکردووە، وەک ناونانی گەلانی ئێران بەکوردو فارس و عەرەب و بلوج و ئازەری و تورکیشیەوە بە (الفرس المجوس) . ئەوەی جێگای سەرنجە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ڕۆڵێکی دیارو گوماناویان گێڕاوە، لە زۆربەی هەڵوێستەکانیان.

کە حزبە شیعییەکان لە هەڵبژاردنی (کانونی دووەمی ٢٠٠٥)سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، هاوپەیمانیەتییەکیان پێکهێنا بە ناوی (التحالف العراقي الموحد)، بە هاوپەیمانییەتی لەگەڵ (هاوپەیمانی کوردستانی) و دوای سێ مانگ گەیشتنە دەسەڵات . باردۆخەکە بەشێوەیەکی درامی گۆڕا، بە تایبەت دوای ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ بە (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عیراق) درا . ڕێگە بە ئەندامانی (ڕێکخراوی بەدر) درا بخزێنە ناو ڕیزەکانی پۆلیس و مغاویری پۆلیس . لەم کاتەدا ڕێژەی کوشتنی سوننە زیادی کرد، کە نەتوانرا بە شەڕ لەگەڵ یاخیبووەکان تەفسیر بکرێت، بۆیە تەنها لەکاتی قەدەغەکردنی هاتووچۆ درەنگانی شەو ئەنجامدەدرا، کە چەکدارەکان جلی ڕەسمی پۆلیس و ئۆتۆمۆبیلی تایبەتی پۆلیس کە هێمای پۆلیسیان لەسەر بوو، هێرش دەکرایە سەر ئەو ناوچە سوننەنشینەکان، نەک گرووپێکی یاخیبوو، یان تاوانبار . لەکاتی تەقاندنەوەی مەرقەدی (ئیمامی عەسکەری) لە سامەڕا، بەهەمان شێوە شیعەکان، بە تایبەتی (ڕەوتی سەدر) دەستیان کرد بە وەڵامدانەوەو هێرش کردن، لە ئەنجامدا هاوسەنگی ترس و تۆقاندن (توازن الرعب) دروست بوو لە نێوان عەرەبە شیعەکان و عەرەبە سوننەکان .

بەزیادبوونی هێرشەکان و کەڵەکەبوونیان، دروستبوونی ڕوانینی (تصور) عیراقییەکان لەسەر هێڵی تائیفی دەستپێکردو بەرەبەرەش زیادبوو . بەهەمان شێوە گوتاری سیاسی شیعە، لەسەر هەمان هێڵی تائیفی ڕۆیشت و ڕەنگێکی تائیفی وەرگرت، هەرچەندە ناوبەناو ڕایاندەگەیاند، کە دژی تائیفەگەرین . ڕێکخراوی (القاعدة)ی تیرۆریستی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە قووڵکردنەوەی ناکۆکی و هەڵگیرسانی شەڕی تائیفی لە نێوان سوننەو شیعە . هەروەها چەندین کردەوەی تیرۆریستی دژی مرۆڤایەتی . هەر لەم بارودۆخەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عیراقی و عەرەبی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە هولکردنەوەی هەستی تائیفەگەری لە عیراق، بە تایبەت کەناڵی (الجزیرە)و (العربیە)، کە بە بێلایەنی هەواڵ و ڕووداوەکانیان نەدەگواستەوە . لە ئەنجامدا ئەو هاوولاتیانەی لە ناوچە سوونییەکان، شیعە مەزهەب بوون، ناوچەکانی خۆیان جێدەهێشت و کۆچیان دەکرد بەرەو ناوچە شیعەیەکان، بەپێچەوانەشەوە. ئەمەو جگە لەو هاوولاتیانەی، کە بەرەو کوردستان کۆچیان کرد و نیشتەجێ بوون، بەهۆی ئەوەی کوردستان ئارامترین هەرێمی عیراقە، بەشێکی تر بەرەو دەرەوەی عیراق کۆچیان کرد . لەئەنجامدا بووە هۆی دووبارە کێشانەوەی نەخشەی تائیفی و دابران و چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و لێکترازانی خێزان، کەبەهۆی تێکەڵ بوونی خێزانی لەنێوان سوننەو شیعە ئەنجامدرا بوو .

**بەشی دووەم : ململانێی مەزهەبی و پرۆسەی هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ لە عیراق**

**یەکەم : پێشینەی پرۆسەی هەڵبژاردن لە عیراق :**

عیراق بەپێی ماددەی (٦٤)ی پەیماننامەی (سیڤەر)ی ساڵی (١٩٢٠) و بەپێی بەشی چوارەمی ماددەی (٢٢) لە بەندی یەکەمی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) دانیان بەوەدانرا، کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، بەڵام لەژێر ئینتدابی بەریتانیا دەمێنێتەوە . ئەوەبوو (سێر برسی کۆکس) لە (١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠) گەیشتە عیراق و وەک یەکەم نوێنەری باڵای (مەندوبی سامی) بەریتانی دەست بەکاربوو . ئەمیش لە یەکەمین کاریدا حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتی (عەبدولرەحمان ئەلنەقیب)، دامەزراند . دوای ساڵێک لە (٢٣ی ئابی ١٩٢١) تاجی پادشایەتی کرایە سەر (فەیسەڵی کوڕی حوسێن)، واتە بێ هەڵبژاردن . شوباتی ساڵی (١٩٢٤)یش یەکەم ئەنجومەنی نوێنەران دامەزراو (عەبدولموحسین ئەلسەعدون)یان بەسەرۆکی ئەنجومەنەکە دانا، بەڵام بە هۆی سەرنەکەوتنی لە کارەکەیدا، لە (٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٩) خۆی کوشت . لە ماوەی (٣٨) ساڵی تەمەنی سیستەمی پادشایەتی لە عیراقدا، (٥٩) وەزارەت پێکهێنراو (٢١) سەرۆک وەزیران، سەرۆکایەتی ئەو وەزارەتانەیان کردووە . درێژترین تەمەنی کابینەی وەزارەت (٢) ساڵی تەواو نەکرد، تا ئەو کاتەی بەسەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی (١٩٥٨) (عەبدولکەریم قاسم) بەویست و ئارەزووی خۆی دەسەڵاتی دابەش کرد . لەدوای کودەتای ساڵی (١٩٦٣) و هاتنی (عەبدولسەلام عارف)، دواتر (عەبدولرەحمان عارف) لە ساڵی (١٩٦٦)، دواتریش هاتنی (حزبی بەعس) بۆ سەر حوکم و مانەوەی بۆ ماوەی (٣٥) ساڵ، کە لە ڕێگەی کودەتاوە بووە . بەهیچ شێوەیەک هەڵبژاردن نەکراوە . دەستووری عیراقیش هەمیشە دەستوورێکی کاتی بوو . هۆکاری ئەم ناجێگیری و گۆڕانکارییە زۆرانەی، کە ڕوویدا بە زۆریی ئەوەبوو، هیچ یەکێک لەم حکومەتانە بە هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی گەل نەهاتبوونە سەر حوکم، بۆیە گەل نەیدەتوانی نوێنەری خۆی دیاری بکات . دوابەدوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس لە نیسانی (٢٠٠٣)، گەلانی عیراق و لایەنە سیاسییەکانی بە هاوکاری هاوپەیمانان، هەوڵی دامەزراندنەوەی عیراقی نوێدا . دوور لە زوڵم و ستەم و دیکتاتۆریەت، عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵی پەرلەمانی فرە حزبی . بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە، هاوپەیمانان توانییان بە هاوکاری حزبە سیاسییەکانی عیراق دەستپێشخەری دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکم بکەن، وەک هەوڵێک بۆ گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ عیراقییەکان .

ئەنجومەنی حوکمیش لە ماوەی کارکردنی خۆیدا هەوڵیدا یاسایەک دابرێژێت تا بتوانێ کاروباری عیراق لە قۆناغی گواستنەوە هەڵسوڕێنێ . ئەوەبوو لە (٨ی ئازاری ٢٠٠٤) یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ڕاگەیەنرا . وەک دەستوورێکی کاتی، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا . لەو دەستوورە کاتییەدا هاتبوو، کە"عیراقی ئایندە، دەبێ عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵی پەرلەمانی فرە حزبی بێت، هەوڵی لەڕەگەوە هەڵتەکاندنی دەسەڵاتە شمولییەکان بێت، لەسەر بنەمای (تەوافق) دامەزرا بێت، هەرسێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێ کردن، دادوەری) تا جیاکرابێتەوە، مافی هاوولاتی بوون، مافە نەتەوەیی و ئایینیەکان پارێزراو بێت" . هەر لەیاساکەدا وادەی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاریکرا .

**بەشی چوارەم**

# تەتەڵە



**شاسوار هەرشەمی - سوید**

دەبێ یەکەمجار تێبگەین بەگوێرەی بیرکردنەوەی ئەو سەردەم "واتا سەردەمی پێش سەرهەڵدانی گیانی نەتەوایەتی و نیشتمانی" لە کەسێکی وەک سەلاحەددین، کە لە دەرەوەی کوردستان و دوور لە ژینگەیەکی کوردی لە دایک بووەو پێگەییوەو لەناو لەشکرێکی بێگانەدا جڵەوی کاری گرتۆتە دەست و توانیویەتی ملکەچی لەشکرەکەی بۆ خۆی دابین بکات، ئێمە لە کەسایەتی ئاوا چاوەڕوانی چی دەکەین و چەندە بواری "خەیاڵ پڵاوی" هەیە؟
هەڵوێستی کەسانی لەم جۆرە لە بەرامبەر گەلەکەیان ئەوندە لێک جیاوازو پێچەوانەن، کە سەختە بتوانین ڕێچکەیەکی گشتی دەستنیشان بکەین. من لەبەر ئەوەی باسی سەلاحەددین بکەم دوو نموونەی تری زۆر دیار لە مێژووی کورد دێنمەوەو سەیری کارو هەڵوێستی هەردووکیان دەکەین، شەرەفخانی بەدلیسی، لە دایکێکی کچە شازادەی قاجاری شیعەی تورک، لە شاری "قوم" لە دایک بووە. هەر لەگەڵ منداڵانی شای ئێران خراوەتە بەرخوێندن و پەروەردەکراوەو گەورەبووە. سەیر دەکەین ئەو بە پێچەوانەی ئەو ژینگەو پەروەردەی کە هەیبووە، هەستاوە گەورەترین خزمەتی بە گەلەکەی کردووەو مێژوویەکی سەرتاسەری کوردستانی بۆ نەوەکانی دوای خۆی نووسیوە. ئەو کارەی شەرەفخان بە هەر پێوانەیەک بێت ناوازەیە.
نموونەی دووەممان "محەمەد عەلی پاشا"ی دامەزرێنەری دەوڵەتی مۆدێرنی میسرە، وەک مێژوونووسان ئاماژەیان بۆ کردووە ئەو بەبنەچە کوردێکی ناوچەی دیاربەکرە، لە سوپای عوسمانیدا بە پلەی بەرز گەیشتووەو ساڵانێکی زۆر سەرلەشکری عوسمانی بووە لە ئەلمانیا. سوڵتان لە ئەلبانییەوە بە کارێکی سەربازی بۆ میسری دەنێرێت، کەچی ئەو لەوێ لە سوڵتان هەڵدەگەڕێتەوەو بناغەی دەوڵەتێکی مۆدێرنی میسری دادەنێ، کە نەوەکانی تا ساڵی ١٩٥٣تێیدا پاشا بوون.
دەکرێ بڵێین محەمەد عەلی و نەوەکانی هیچیان بۆ گەلەکەیان نەکردووە، جگە لەوەی کە حاشایان لە کوردبوونی خۆیان نەکردووە، تەنانەت هەوڵەکانیشی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ میری گەورەی رواندز، تەنیا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنی هاوبەشیان "عوسمانی" بووەو هیچی تر. نەوەکانیشی هیچ جۆرە هەڵوێستێکی نەتەوەیی یان شانازی کردنێک بە ڕەچەڵەکیان پیشان نەداوە.
لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە کامە لەو دوو کەڵە پیاوەی مێژوو، مەبەستم شەرەفخانی بەدلیسی و محەمەد عەلی پاشایە، ڕێچکەی سەلاحەددینیان گرتووە؟ یاخود ئاخۆ ڕێچکەی سەلاحەددین لە ڕوانگەی کوردەوە لە کامە شێوە دەچێت؟ من بێ هیچ گومانێک دەڵێم شەرەفخان و سەلاحەددین لەیەک بەرەدان. دیارە دەبێ ئەوە بسەلمێنم و دەری بخەم، کە داخوا سەلاحەددینی ئەیوبی چ شتێکی بۆ گەلەکەی کردووەو چ خزمەتێکی وا گرنگی کردووە تا من وا بێ پەروا لە ڕیزی کەڵەپیاوێکی وەکو شەرەفخانی دابنێم یاخود هێشتا بەرزتریش. بۆئەوەی بتوانین لە وردەکارییەکانی کاری سەلاحەددین لە کوردستان بگەین. دەبێ بزانین ئەو سەردەمە کوێیی کوردستان بووەو کوردان لە چ بارودۆخێک دابوون و جیان پێویست بووەو چەندیان لە باردابووە؟ کێشەی هەرە گەورەی ئەو سەردەمی کوردان دەوڵەت و سەربەخۆیی بوو؟ نان و ژیان و گوزەرانی بوو؟ یان شتی تر بوو.
ئایا سەلاحەددین چەند بەتەنگ ئەو کێشانەوە هاتووە چی بۆ کردن؟
با بە یەکەوە هەزار ساڵ بۆ دواوە بگەڕێینەوە و سەیرێکی کوردستان بکەین لە سەرەتای سەدەی دەیەم.
مێژوونووسان بۆیان تۆمار کردووین کە ساڵی ١٠٢٩ز، واتا ١٠٢١ ساڵ پێش ئێستا، بۆیەکەمین جار دەستەیەک چەکداری تورک زمانی سەلجوقی لە سەر خاکی کوردان لە ئازەربایجان نیشتەجێ بوون. میر وەهسودانی کوردی پاشای ئازەربایجان ئەو سەلجوقیانەی بەکرێ گرتبوون تا لە دژی میرنشینێکی تری کوردی "شەدادیەکان" بەکاریان بێنن. تا ئەو ڕۆژە تورک لە ئازەربایجان نەبوون و خەڵکەکەی بە زاراوەی ئازەی کوردی دەدوان، دوای ئەوەی تورک پەیتا پەیتا و بەشەپۆلی یەک لە دوای یەک بە هەموو کوردستاندا وەربوون "ئێمە نامانەوێ لێرەدا باسی هەموو وردەکارییەکانی پەلاماری تورکان بکەین".
دەتوانم بڵێم شوێنێک لە کوردستاندا نەما، بەو شوێنانەش کە پێشتر لەبەر سەختی و دژواری و لە مبەری سروشتی، دەستی هیچ داگیرکەرێکیان نەگەیشتبووێ، تا ئەو شوێنانەش کەوتنە ژێر دەستەڵاتی هۆزە تورکەکان، بە کورتی کوێستان و گەرمیان، پێدەشت و شاخ، دۆڵ و دەشت، شاروگوند و هەر کوێیەک کە بەزارت دادێت لە کوردستانی گەورە تورکی تێچوو. ژمارەی ئەو میرنشین و دەستەڵاتداری و دەوڵەتە تورکانەی، کە فەرمانڕەوایی کوردستان یان بەشێکی کوردستانییان دەکرد یاخود ناوەندی دەستەڵاتیان لە شارێکی کوردستان بوو لە بیست تێدەپەڕن، تورکان ڕەنگە گەورەترین مەترسیان ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر مانی گەلی کوردو زمانەکەی دروست کردبێت. جێ پەنجەی تورکان بەسەر هەموو شتێکی کوردی دیارو بەرچاوە، زمان و کەلەپوور، خواردن و جلوبەرگ باری دەروونی و کەسایەتی تاک و ناوی گوندوشارو کێوو ڕووبارو دۆڵ و دەشت و.. تاد. گەورەترین شوێن پەنجەی تورک وا بەسەر نەخشەی ئەو خاکەوەیە کە پێیدەگوترێت کوردستان. وەکو باسمان کرد ئازەربایجان هەر لەسەردەمی دەستەڵاتی میدییەوە تا سەدەی دەیەمی زایینیش خاکێکی کوردی بووە. تیرەو هۆزە تورکەکان لە داکشانیدا بەرەو ڕۆژئاوا ئازەربێجانیان کردە گرنگترین پێگەی نیشتەجێی خۆیان. کوردان لە ئازەربێجان بۆ ماوەیەکی درێژ کەوتنە بەر هەڵمەتی پاکتاوکردن بە شێوەی جۆراوجۆر وەک وەدەرنان و هەڵکەندنیان لە زێدی خۆیان، ملکەچ بوونیان و پەسەندکردنی مەرجی هۆزە تورکەکان، کە لە پێشەوەیدا گۆڕینی مەزهەب بوو. وەک بەرەنجامی شەڕو پەلامارو وەردەرنان، بەسەدان هەزار ناچار بوون دەست لە خاک و زێدو گوندو شارەکانییان هەڵگرن و ڕووەو ڕۆژئاوا بەگشتی و باکووری ڕۆژئاوا بەتایبەتی ملی ڕێگا بگرنە بەر. پرۆسەی نیشتەجێ بوونی تورکان لە ئازەربایجان و ڕاوانی کورد، پرۆسەیەکی مێژوویی درێژ بوو. ئەو هۆزو تیرەو بنەماڵە کوردانەی کە ناچاری کۆچکردن دەبوون، بە ساڵان و زۆرجار بۆ چەندان نەوە دەبوونە کۆچەرو ڕەوەندی بێ ماڵ، ئەوان لە پێناو دابینکردنی لەوەڕگاو شوێن هەوار بۆ خۆیان و ئاژەڵەکانییان، دەبا لەگەڵ یەکترو لەگەڵ دانیشتوانی گوندو دۆڵەکانی سەر ڕێگایان هەمیشە لە شەڕی مان و نەماندابان. لەوەش ناخۆشتر ئەوەبوو کە بۆ هەر کوێیەک چووبان و ڕوویان لە هەر کوێیەک کردبا بە تیرەو هۆزی چەکداری تورکەوە دەورە درابوون و ناچار دەبوون باج و سەرانەیان پێبدەن.
بەمجۆرە سەرەتای گەورەترین گۆڕان لە نەخشەی کوردستان، تەنیا ١٠٩ ساڵ بەر لە دایک بوونی سەلاحەددینی ئەیوبی دەستی پێکردووە. بێگومان گۆڕانی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆڕانی هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشە لە خاک، پرۆسەیەکی درێژخایەن بوو، بۆیە لە سەردەمی لەدایکبوونی سەلاحەددینیشدا، بەرەنجامەکانی بەرچاو و برینەکانی زەق و خوێنتێزاو بوو.
دوای ئەوەی زانیمان کە لە ڕۆژهەڵاتەوە چیمان بەسەر هات و چۆنمان لێقەوما، ئێستاش با ئاورێک لە سنوورەکانی ڕۆژئاوایی کوردستان بدەینەوەو بزانین لەبەرەبەری دەرکەوتنی ئەستێرەی سەلاحەددین، ئەو تخوب و سەرحەدانە لە چ بارێک دابوون.
بەشێکی بەرچاوی ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوایی کوردستان، بە زمانێکی وردتر هەر لە ماردین و ئەخلاتەوە تا دیاربەکرو ئۆرفە، بۆ ماوەی پتر لە هەزار ساڵ، سنووری بەیەکگەیشتنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بووە. ئەمەش وایکردووە کە ئەو ناوچانە ناوچەی شەڕی هەمیشەیی و نەبڕاوەو بێ پسانەوەو پشوودان بوون، هەر لەسەردەمەکانی شەڕی نێوان ئیمپراتۆرییەکانی پارپ و ڕۆم، دواتر ساسانییان و ڕۆم، ئینجا ساسانییان و ڕۆمی بیزەنتی و دواتر عارەب و ڕۆمی بیزەنتی، شەڕو پێکدادانی گەورە لەو ناوچانە قەوماوە. تەنانەت لە شەپۆلی سێیەمی پەلاماری خاچپەرستانی ئەوڕۆ پێشوو، لە سەردەمی سەلاحەددین، ناوچەی ئۆرفەو هەندێ شوێنی تریشی کەوتنە بەر هەڵمەتی ڕۆژئاوا. لە سەدەکانی پێنج و شەشی زاینیدا، چەندان هۆزو تیرەی ئارامی زمانی بە ئاین و مەسیحی لە سووریاوە بۆ ئەو ناوچانە کۆچیان کرد تا پتر لە ڕۆمە بیزەنتییە هاوئاینەکانییان نزیک بن. بەمجۆرە ئەو هۆزە ئارامییانە کە بە سریانی ناسرابوون، شوێنی خێڵە کۆچەرییە کوردیەکانییان گرتەوەو سەردەمێک زۆرینەی دانیشتوانی ئەو سنوورانەی ڕۆژئاوای کوردستانیان پێکدەهێنا.
لەو سەردەمانەی کە ئەستێرەی بەختی سەلاحەددینی تێدا درەوشایەوە و هەڵۆی دەستەڵات لەسەر سەری نیشتەوە، ئەو ناوچانەی ڕۆژئاوای کوردستان، کەوتبوونە ژێر پاڵەپەستۆیەکی توندی سێ لایەنە. تورکێکی زۆری غەزو سەلجوق، بەسەر ناوچەکەدا باڵادەست بوون. ئەو هۆزە تورکانە بەهۆی ئەوەی، کە شەڕکەر بوون و شەڕیان وەکو پیشە بەکاردەهێنا، توانیبوویان ناوچەکە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بەڵام لەڕووی ژمارەوە تەنیا توێژاڵێکی کەمی دانیشتوان بوون، هاوکات سەدان هەزار کوردی ئاوارەو پەرێشان و بێ شوێن و جێ، چ ئەوانەی کە لە بنەڕەتدا ئاوارەی کۆنی ئازەربێجان بوون و باوک و باپیرانییان لەوێ وەدەرنرابوون، یاخود ئەو هۆزو خێڵ و بنەماڵانەی، کە لەلایەن کوردانی ئازەربێجانییەوە، شوێن و هەواریان داگیرکرابوو و وەدەرنرابوون، بەناچاری ڕووەو ڕۆژئاوا دەکشان و هەوڵیان دەدا شوێنێک بۆ حەوانەوەو نیشتەجێ بوون و گیرسانەوە دابین بکەن. لایەنی سێیەمی هاوکێشەکەش بریتی بوون لە سریانییەکان. ئەوانیش تووشی بارودۆخێکی تازەو ئاڵۆز ببوونەوە.
دەیانەویست ئەو شوێنانە لە دەست نەدەن، کە چەند سەدەیەک پێشتر لە دەشتەکانی سووریاوە ڕوویان تێکردبوو. سریانییەکان دەستەڵاتیان لە دەستدا، بەڵام تا درەنگانێکیش هەر لە شارەکاندا زۆرینەی دانیشتوان بوون. ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە هاوولاتیانی لەسەر بناغەی ئاین دابەش کردووە، تاسەدەی شازدەش دان بەڕێژەی بەرزی سریانییان یان "مەسیحییەکان"دا دەبێت. بە کورتی ئەو شوێنانەی کە ئەمرۆ بەبێ هیچ گومان و دوودڵییەک بەشێکی گەورەو گرنگی باکووری ڕۆژئاوای کوردستان پێکدێت لە سەردەمی دەستەڵات گرتنە دەستی سەلاحەددیندا، ناوچەی ململانێ لەسەر بوون و هێشتا چارەنووسیان یەکلایی نەببووەوە و هێشتا دیارنەبوو کە ئاخۆ کێ بەسەریدا زاڵ دەبێت و کامە گەل و نەتەوە دەبنە زۆرینە لە خاکەکەیدا.

**بەشی هەشتەم**

# ڕۆژ بە ڕۆژ

**هەڵبژاردەی تۆماری ڕووداوەکانە لە دەفتەرە تایبەتییەکانمدا، پاکنووسی هەیڤی حەوتەم لە نێوان ڕۆژی ٢٣ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢ تا ٥ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**
**شێرزاد هەینی _ ستۆکهۆڵم**



**ڕۆژی ٢٣ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٧٥ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٥٢ بە زمانی عەرەبی دەرچوو.
**ڕۆژی ٢٤ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٧٦ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (هەرێم) ی ژمارە ٤ دەرچوو.
* پەرلەمانی تورکیا بڕیاریدا ماوەی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ پاراستنی کوردەکان نوێ بکرێتەوە، هێزەکەش بریتییە لە ٧٥ فڕۆکەی جەنگی هاوپەیمانان.
* ئەنجومەنی ئاسایش هوشیاری دەداتە حکومەتی عێراقی، کە دەبێ پۆلیسی نێودەوڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ باری ئازووخەکان بۆ پاراستنی لۆرییەکان هاوڕێیان بن، ئەگەر ڕەزامەندی نەکەن، ئەوا ناچارن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ سەلامەتی ئەو بارانە کۆبونەوەیەکی تایبەتی بکەن.
* بەردەوام باران دەبارێت.
* لەبەرئەوەی بەنزین گرانە، بۆیە مەفرەزەکانی ئاسایش مەرجیان لەسەر بەنزینفرۆشە دەستییەکان داناوە نرخی یەک گالۆن لە ٣٠ دینار زۆرتر نەدەن، بەوەش بەنزین لەسەر جادەکان نەماو هەموو دەشاردرێنەوەو نرخیشی گەیشتە ٦٠ هەتا ٧٠ دینار.
**ڕۆژی ٢٥ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٧٧ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا نووسینێکی کورتم لە لاپەڕە ٨ بڵاوکرایەوە.
* ئیمڕۆ جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح بوو، تەلەڤزیۆنەکان زۆر بایەخیان بەو جەژنە دەداو جەژنە پیرۆزەی گەرمیان لە کریستیانەکانی کوردستان دەکرد.
**ڕۆژی ٢٦ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ٩ دەرچوو.
* دانیشتنەکانی پەرلەمان سەربەستانە لە تەلەڤزیۆنەکان پەخش دەکرێن، خەڵکەکە ئەو دەمەتەقێیە ئازادانەیان لا خۆشەو حەز دەکەن لە ساڵۆن و دانوستانەکانی پەرلەمان ئاگاداربن، ئیمشەو زۆر بەگەرمی باس لەوە دەکرا بەڕێوەبەرە کۆنە بەعسییەکان بگۆڕن، ناکرێ پەروەردەی هەولێر بەدەست کۆنە بەعسییەکانەوە بمێنێتەوە.
**ڕۆژی ٢٧ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٧٨ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٥٤ دەرچوو.
* بەفری باش لە هەولێریش باری، دەشتودەر زۆر ساردە.
* تا سەعات شەشی ئێوارە لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لەگەڵ تەها زادە، خەریکی تایپکردنی ڕۆژنامەی هەولێر بووین، کە ئەو تەواوی کرد، هەر ئەو شەوە نووسینە تایپکراوەکانم بردە ماڵی محەمەد زادە تا بۆمان دیزاینی بکات تا ئامادەی چاپ بکرێت، بە نۆ هەزار دینار کەرەستە پێویستەکانی چاپی ڕۆژنامەکەم وەک پلێت و فیلم و حوبرو کاغەز کڕی.
* فڕۆکە ئەمریکییەکان لە ناوچە دژەفڕینەکانی خوارووی عێراق فڕۆکەیەکی جەنگی عێراقییان خستبووە خوارەوە، سەرۆک بۆش و کلینتۆن وتیان ئەوە دەرسێکە بۆ حکومەتی عێراق تا جارێکی تر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نەشکێنێت. حکومەتی عێراقیش دانی بە خستنە خوارەوەی فڕۆکەکە دانابوو، بۆیەش وتیان ئێمە لەکاتی خۆی و بەشێوەی گونجاو تۆڵەی خۆمان دەکەینەوە.
**ڕۆژی ٢٨ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٧٩ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (یەکگرتن) ی ژمارە ٥ دەرچوو.
* هەموو ئاژانسەکانی هەواڵ باسی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە عێراقییەکەی خوارووی عێراقیان دەکرد، وتیان عێراق لەو فڕینە ویستی بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، ئاشکرایە کە فڕۆکەهەڵگرەکانی ئەمریکی لە کەنداودا حەفتا فڕۆکەی لەسەرە و زووش دەتوانێت بگاتە ئەو شوێنەی پێویست بکات. حکومەتی عێراقیش زۆر بە توندی هەڕەشەی دەکرد و داوای لە وڵاتانی عەرەبیش دەکرد کۆشش و گوشار بکەن، هاوپەیمانان ناوچە دژەفڕینەکەی خوارو هەڵگرێت. دیارە حکومەتی عێراقیش ڕازی بووە پۆلیسی دەوڵی هاوڕێیەتی لۆرییەکانی ئازووخە بکات کە دێنە کوردستان.
**ڕۆژی ٢٩ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٨٠ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ی ژمارە ٣٩ دەرچوو.
**ڕۆژی ٣٠ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٨١ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٥٣ دەرچوو.
* شەو تا درەنگانی شەو لەگەڵ محەمەد زادە مابینەوە تا مۆنتاژی ڕۆژنامەی هەولێر تەواو بوو. برادەرانی ڕۆژنامەی هەرێم لەوێ بوون بە شەش کەس خەریکی ڕۆژنامەکەیان بوون.
* سێ ترێڵەی ئازووخە بە هاوڕێیەتی چەکدارانی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتنە کوردستان.
**ڕۆژی ٣١ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٨٢ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (هەرێم) ی ژمارە ٥ بە ١٦ لاپەڕە دەرچوو.
* ژمارەیەکی تری ڕۆژنامەی (هەولێر)م بە ٦ لاپەڕە دەرکرد، ژمارەی ٢ و ٣ لەسەر دانرا.
**ڕۆژی ١ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٨٣ دەرچوو، ئەو ژمارەیە تایبەت بوو بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێ.
**ڕۆژی ٢ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**
* لەبەرئەوەی ڕۆژی سەری ساڵ ڕۆژی هەینی بوو، ئیمڕۆ شەممە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە کرایە پشووی ڕەسمی.
* ڕۆژنامەی (الاتحاد) ی ژمارە ١٠ دەرچوو.
* لەگەڵ برادەران چووینە سلێمانی، شەو لە هوتێلی ئەبو سەنا ماینەوە. ڕێگای نێوان سلێمانی کۆیە هەولێر ئاوەدانە، گوندەکان بوژانەوەی پێوە دیارە، خەڵکەکە خانوو دروست دەکەنەوە، سلێمانیش وەک شاری هەولێر قەرەباڵغە، کارەبایان باشترە. برادەرێکمان هاتبوو بەردی حەلان و مەرمەڕ بکڕێت، بای ٢٧ هەزار دیناری لە کارگەیەکی سلێمانی بەردو مەرمەڕی کڕی، لەوەیاندا ١٤٥٠ دیناری پارەی گومرگی لە سەیتەرەکەی بەختیاری دا. لەودەمانە زانیم لە سلێمانییەوە بازرگانی بەرەو خوارو هەیە و پەمۆ و گوڵەبەڕۆژە و توتن و دار و جۆرەها تایەی ئۆتومبێل دەڕوات و گومرگ وەردەگرن، کرێی لۆرییەکی سەلاحەددین بۆ هەولێر بە هەزار دیناربوو. من ١٥ دانە ڕۆژنامەی هەولێرم بردبووە سلێمانی تا بدرێتە ڕۆشنبیرانی ئەوێندەرێ. دیارە لەناو شاردا پەیکەری جوانیان دروستکردووە، لەوانە یەکێکیان بۆ مامە ڕیشەی شەهید کراوە.
**ڕۆژی ٣ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٥٥ دەرچوو.
**ڕۆژی ٤ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٨٤ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (یەکگرتن) ی ژمارە ٦ دەرچوو.
**ڕۆژی ٥ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٨٥ دەرچوو.
* دەنگی ئیسرائیل: قسەکەرێک بە ناوی کوردەکانی عێراقی، کە ڕازی نەبوو ناوەکەی ئاشکرا بکەین وتبووی: حکومەت بە دانوستان ڕازییەو بە هەموو مەرجەکانی ئێمەش ڕازییە، هەتا فیدراڵیەتیش.

**ڕۆژانەکە بەردەوامە**

## باهس (٤١)



**سەنگەر زراری**

## بەرزی لە نێوان عەقل و بینادا

حکومەتی سعودیە بە نیازە پارکێکی باخچەیی دروست بکات، کە لە گەورەییدا لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وێنەی نییە، ئەم باخچەیە دەکەوێتە ناوچەیەکی خۆرئاوای شاری ریازی پایتەختی ئەو وڵاتە و ڕووبەرەکەی دەگاتە دوو ملیۆن کیلۆمەتری چوار گۆشە.
پێشتریش بە دروستکردنی "تاوەری خەلیفە" لە دوبەی، وڵاتی ئیمارات بووە خاوەنی بەرزترین تاوەر لە جیهاندا، کە بەرزییەکەی (٨٠٠) مەتر زیاترە و لە (٢٠٦) نهۆم پێکهاتووە.
گرنگیدان بە دروستکردنی گەورەترین باخچە و بەرزترین تاوەر و. لەم وڵاتانە هیچ شتێکی لەو عەقلییەتە زاڵ و دواکەوتووە نەگۆڕیوە، کە لە بیری دەستەجەمعی ئەو وڵاتانەدا هەیە.
لە ئیمارات تا ئێستاش وەکو کۆیلە سەیری کرێکاران دەکرێت، بەتایبەتیش کرێکارە بیانییەکانی لەو وڵاتەدا کار دەکەن، تا ئێستاش سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو وڵاتە، خێڵ بەڕێوەی دەبا، ئەگەر دروستکردنی بورجی خەلیفە (یان ئەو حەوت پرۆژە گەورەی کە ئیمارات بەتەمای دروستکردنییەتی بۆئەوەی جێگای حەوت سەیروسەمەرەکەی جیهان بگرنەوە)، تەنها بۆ کەمینەیەکی دەسەڵاتدار و پارەدار بێت و بۆ خۆشی و ڕابواردنی ئەوان بێت، خەڵکێکی هەژار و کرێکارانی ئەو وڵاتە، یان ئەو ئافرەتانەی دەبنە قوربانی ئەو عەقلیەتی خێڵەکییەی کە لەو وڵاتە هەیە، چی بکەن و دڵی چیان بە بەرزترین تاوەر لە جیهان خۆش بێت؟! بۆیەشە دەبینین ئەو کارانەی ئەوان تەنها بە ڕووکەش و بۆ ناو و ناوبانگ دەیکەن، لە جیهانی ڕۆژئاوا و لەو وڵاتانەی عەقلیەتێکی پێشکەوتووتر لەوان بەڕێوەی دەبەن، کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت، بۆ نموونە هیچێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کە ڕەنگە زۆرێکیان لەڕووی ئابوورییەوە لە ئیماراتیش دەوڵەمەندتر بن، بەڵام بە دروستکردنی ئەو تاوەرە، قەڵس نەبوون و زوو نەکەوتنە خۆ بۆ دروستکردنی تاوەرێکی لەو بەرزتر و کاردانەوەیان لەلا دروست نەبوو، چونکە ئەوان تەنها حسابی ڕووکەش ناکەن، بەڵکو ئەمە لەلایەن وڵاتێکی وەکو سعودیە کاردانەوەی دەبێت کە هەمان عەقلییەتی ئیمارات بەڕێوەی دەبات و دەیەوێ کاری ڕووکەش بکات، بۆیە سعودیە هەوڵ دەدات تاوەرێکی لە تاوەری خەلیفە بەرزتر دروست بکات، دوای کردنەوەی تاوەری خەلیفە، ملیاردێرێکی سعودی ڕایگەیاند: تاوەرێکی بەرزتر لە تاوەری خەلیفە لە شاری "جیدە" دروست دەکات. ئەگەر تاوەری خەلیفە (٨٠٠) مەتر بەرز بێت، ئەمەی ئەوان دەبێ هەزار مەتر بێت (وەکو ڕاگەیەنراوە)، ئەگەر تاوەری خەلیفە یەک ملیار دۆلاری تێچووبێ، دەبێ ئەوەی ئەمان زیاتر لە شەش ملیار دۆلاری تێبچێ.
ململانێی ئەوان لەسەر بەرزی و نهۆم و مەترە، نەک لەسەر عەقلیەتێک کە تازە بە تازە بە هەزار حاڵ ڕێگا بە ئافرەتان دەدەن تاک تاکە ئۆتۆمبێل لێبخوڕن.
بۆیە بە بۆچوونی من ئەگەر ئێمە بمانەوێ لاسایی "دوبەی"ی ئیمارات و "جیدە"ی سعودیە بکەینەوە، دەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێ، کە ئەوان هێشتا ماویانە ڕێزی مرۆڤ بگرن، ئەمەش قسەیەکی گشتی نییە، بەڵکو دەبێ بەشێکی ڕووناکبیر و کەسانێکی خاوەن عەقلی مرۆڤایەتی لەناو ئەمانەدا هەڵاوێرد بکەین، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم وڵاتانە، وڵاتی خێڵەکین.

# سەید مەعروفی باداوەی شاری هەولێر لە نەوەی پیر خدری شاهۆیە





رزگار سەید کاکەڕەش

هەر کەسێک لە کەسایەتی ئاینی و نەتەوایەتی میلەتەکەی خۆی بێئاگا بێت ، هەرگیز ناتوانێ پێشکەوتن و بەرزڕاگرتنی ئاستی نەتەوەکەی خۆی لە هزر و بیری خۆیدا پەروەردە بکات. گوێ نەدانو بێ ئاگا لە ڕابردوو دەبێتە مایەی فرامۆشی ون کردن لە ئایندە ! دەڵێن شانازی بەکێلی قەبرەوە ناکرێت ، وەلێ لە سەدەکانی ڕابردووی ئەم گەل و نیشتمانەدا ، سەرهەڵدان یان پتەوبوونی یەک ڕیزی و تەبای، بڵاوبوونەوەی هەر ئاین و مەزهەبێک ، یاخود شکانی هەر لەشکر و داگیرکەرێک بە کارێکی پڕ لە شانازی بۆ نەوەی ئێستاو باب و باپیرانمان دەگەڕێتەوە .

ئێمەی کورد خاوەن سەدان کەسایەتی ئاینی و نەتەوایەتین ، وەک سامانێکی نەتەوایەتیمان بۆ دەگەڕێتەوە ، هەر بۆیە زۆر لە مێژوونووسانی بیانیش گەواهی ئەوە دەدەن ! خاوەن شارستانیەتێکی تایبەتمەندی خۆمان هەبووە، ئەوە تا حەزرەتی ئیبراهیم ، لەبەر یەکتاپەرستی خۆی ، لە پاشای وەخت جیابووەتەوەو بۆ عەرەبستان کۆچی کردووە خەریکی بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی بووە ، دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگای هاونەژادی خۆی ، بەتەواوی بۆتە عەرەب و هەر لەبەر ئەمەشە، کە نەمروودیش بە سامی نەژاد لەقەڵەم دراوە و قورئانی پیرۆزیش ئەم بۆچوونەی بەم ئایەتەی خوارەوە سەلماندووە:( ماکان ئیبراهیم یهودا ) واتا حەزرەتی ئیبراهیم لە یەهود و لە نەژادی سامی نە بووە ، باو باپیرانی یەهودەکان باوەڕیان بە ئیبراهیم هێناوە . تەنانەت پێغەمبەریش ( محەمەد) د.خ، کە لە نەوەی حەزرەتی ئیبراهیمە فەرموویەتی "!العرب منی وانا لست من الاعراب " واتە عارەب لەمنن ، و من لە عارەبان نیم . تەنانەت ڕیوایەتێک هەیە، کە پێغەمبەری مەزن فەرموویەتی: " پاش من خەلیفە لە قورەیش بێتە هەڵبژاردن ، گەر لە نێو قورەیشدا کەسێکی شایستە پەیدا نەبوو ، ئەوا لە قەحتانەکان هەڵبژێردرێت ، خۆ ئەگەر لە ناو قەحتانەکان پەیدانەبوو ، لە نێو عەجەماندا بگەڕێن ". لێرەدا ئاماژەی بۆ ڕەگ و ڕەچەڵەکی خۆی فەرمووە. لە سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان دەستی بە خوێنی چەندان موسڵمانی بێتاوان سوورەو، زۆر دەسەڵاتخواز بووە ، لە کاتێکیش خەڵکی (الحرە)حەرە، لە دژی ستەمی یەزید ڕاپەڕین ،یەزید هێرشی کردە سەر حەرەو مەدینەو زۆری لێکوشتن و لە سایەی یەزیدەوە دەستدرێژی کرایە سەر چەندان ئافرەتی داوێن پاک، بە پێی وتەی مێژوونوسان شاری مەدینە تاڵانکرا، هەر لەو سەدەمدا قەتل و کوشتاری ساداتات دەکرا، ساداتەکان پەرگەندەی وڵاتان بوون ، بۆ جیاکردنەوە و ناسینیان شاڵێکی سەوزیان دەبەست وەک نیشانە تاکو بزانرێ ئەوانە نەوەی پێغەمبەرن د.خ ... لە پارچەکانی کوردستان ،مێژوو پێمان دەڵێ ! ساداتەکان لەبەر لێهاتوویی پێگەی جەماوەری باوەڕ پێکراوی ڕابەرایەتی زۆر شۆڕشیان پێسپێردراوە ، ئەوانیش بە نیەتێکی پاک تادوا هەناسە بەرگریان کردووە لە گەل و نیشتیمان ، زۆر لە سەر چاوە مێژووییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە ، لە ساڵی ١٩٣٢ لەسەردەمی حوکمی پادشاهی عیراق وەسی عەبدوئیلیلا لە بەغدا لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید دانیشت و داوای لە شێخی نەمەرکرد کە چیتر شەڕی ئینگلیز نەکات و ئەوەندەش سوورنەبێت بۆ بەرگریکردن لە مافی کورد بەشێخی گووت : " یاشێخ تۆ بەرەگەز سەیدی و نەوەی پێغەمبەری د.خ چیت داوە لە مافی کورد" لەوەڵامدا شێخ گووتی : " ئەگەر ئەوەی تۆ دەیڵێیت وابێت کەواتە نەتەوەیەک ڕۆڵەکانی پێغەمبەر د.خ بکەن بە گەورەو دەم ڕاستی خۆیان و تاجی شاهی لەسەر بنێن و چۆن پێغەمبەر د.خ قبوڵ دەکات من بێم لێرە خیانەت لەو گەلە بکەم و هەتا دەمرم بەرگری لە مافی کورد دەکەم، ئەگەر سەریخۆم و هەموو کەسوکاریشمی تێبچێ.

پەیامە ئاسمانییەکان هەمیشە ئامانجی سەرەکیان ئەوەیە، کە مرۆڤەکان و کۆمەڵگا بەرە و ئاشتی، تەبایی و ئاسوودەیی و دنیای پێکەوە ژیان و هاوکاری و ویژدان و مرۆڤدۆستی بگەینێت، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی دڵخۆشکەری لە نێو تایفەو هۆزەکان ، پیاوانێکی وا خواپەرست و ئاینزا دروست بن، کە چەمکی بە پێزو بایەخدار بگرنە ئەستۆ و بیکەن بە ڕێڕەوی ژیانی دنیا. لە لایەکی ترەوە ئەو کە سایەتیانە بۆ یان دەبێتە سەروەری کە مێژوو بە شانازییەوە لە سەریان دەدوێ ...؟

جا لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکەم و دەڵێم: لەوانەشە لای زۆر کەس و خزمان و برایان بە بۆچوون بەڵگەی مێژوو، گفتوگۆی تر لێبکەوێتەوە ... دەوڵەمەندتر بێت بۆ ئەوەی منیش ڕێگاکەم باریکە ڕێ و ڕێچکۆلەی تری لێنەکەوێتەوە، بە ئەرکی خۆمم زانی و، هاوکات دەرفەت لە بارە ئێمرۆ لە سایەی حکومەت و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو ڕووناکبیر و قەڵەم لەدەستان بۆ زیندووکردنەوە و بەرزڕاگرتنی ژیاننامە و یادو بیرەوەریەکانیان، دەرخستنی زانیاری ڕاست و دروست لەسەر هەڵسوکەوتیان و کردار و ڕەفتاریان لە ڕۆژانی ژیانیاندا، بۆ نەوەکانی ئێستە و داهاتووی گەلەکەمان خەرمانێکی گەورە بێت..! بۆ گەڕانێکی زۆر و وردبوونەوەم بۆ سەرچاوە مێژووییەکان، بەشێک لەو زانیاریانەی لای من گەڵاڵە بووە و لە هەگبەمدایە بە ئارتیکەلێکی جوان دایرێژم بۆ خوێندنەوەی بابەتەکەم لای خوێنەرانی بەرێز..!

باداوە: سەرەتا گوندێکی نزیکە شار و مەڵبەند و فێرگەی زانیاری و ئاین بوو، باداوە شوێنێکی دڵگیر و پڕ لە ڕەز و باخچە و گەڵاو دار مێو بوو ، لای ڕۆژهەڵاتی حەوزێکی ئاوی گەورەی هەبوو ،لەگەڵ بۆنی پڕ لە گوڵی سونبوڵ و حاجیلەو ناز ناز و هەڵاڵەو گوڵە باخ و شەماڵی سازگار و دیمەنێکی دڵرفێنی دەبەخشی ، خانووەکانی دوو نهۆم و جوان بوون..! تا ساڵانی حەفتاکانیش کۆمەڵە خانوویەک و هەندێ شوێنەواری ڕەزو باغچەکانی مابوو، دوای زەمەنی ژیان و ڕووتێکردنی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر لە ماوەی پێنج شەش ساڵێکدا ژمارەی خانووەکانی لە پەنجا خانوو گەیشتە پێنج هەزار خانوو ، ئێستە بە گەڕەکێکی گەورەی شاری هەولێر دێتەژمار....؟

سەید مەعروف مەزاری پیرۆزی ئەم زاتە دەکەوێتە نێوان گەڕەکی مفتی و باداوە، کە بە گۆڕستانی سەید مەعروف ناودارە، یەکێکە لە گۆڕستانە گەورەکانی ئەم شارە، کە چەند ساڵێکە شورەکراوە و سنوری دیارە، تائێستەش بەمەزارێکی پیرۆز لای خەڵکو دانیشتووی هەولێر سەیر دەکرێت ، خوالێخۆشبوو شێخ کاکە زۆر لەزوهد و کەشف و کەرامەتی سەید مەعروفی دەگێرایەوە بۆ مەجلس و کۆڕی عاشقانی خانەقا و موریدەکان ، هەروەها خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەشاد موفتی دەڵێ! سەید مەعروف خەڵکی گوندی پەلکەڕەشی وڵاتی کۆیە بووە ، ئەگەر پیاوێک غەدرێکی لێ بکردبایە ، یەکاویەک دوعایەکەی دەهاتە جێ و زۆر نموونەی دەگێرایەوە دەیگووت ! لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا بە چاکی کتێبی دەخوێندەوە ، مێژووی لەدایکبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٨٣٢ لە گوندەکانی دەوروبەری شاری کۆیە هاتۆتە دنیا و لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی باداوەی شاری هەولێر لە تەمەنی ١١٥ساڵی کۆچی دوای کردووە، هاموشۆو دۆستایەتی لەگەڵ زۆربەی کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستان هەبووە بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی، ئەوانەی لە نزیکەوە دۆست و ئاشنای بوون دەیانزانی پیاوێکی پاک و ئەمینە و قورئانخوێنێکی تێگەیشتووی بەئاگایە ، لەرێی تەکیەکەیەوە خەڵکی فێری خوێندنی قورئان دەکرد ، بۆیە لای زۆر لە بنەماڵە و تەکیەکانی خاوەن تەریقەت بە چاوێکی پیرۆز سەیردەکرا ، لەوانە بنەماڵەی شێخی باقلان و شێخ ئەحمەد و شێخ مستەفای نەقشبەندی و شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما ...! لە مەدرەسەی مەلافەندی پایە و ڕێزێکی تایبەتی هەبووە ، هەروەها ئەتوانم بڵێم ! بە کەسایەتیەکی بەرزی گوندی باداوەی شاری هەولێر دێتە ژمار ، هەمیشە پیاوێکی دەست والاو خانەخێ و خاوەن کەرامەت بووە ، لەگەڵ هەژار و نەدارەکانیشدا نەرم نیان و زۆر دڵ بەبەزەیی بوو ، خاوەن تەکیەو دیوەخان بووە ، ئەوەی جێی سەرنجە پیشەو داهاتی لەسەر هیلاکی و کاری سەپانی و جوتیاری دەستی خۆی بوو ، لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆژی چوارشەمان جاری وا گەیشتۆتە حەوت سەر مەڕ یاخود بزن سەری بڕیوە بە نیەتی یارمەتی و خێرات بۆ خەڵکی کەم دەرامەت و هەژار ، ماڵ و تەکیەی والا بووە بۆ هەموو خەڵکێکی هەژار و ڕێبواران ، لە ساتو کاتەکانی سەردەمی گرانی سەید مەعروف ئەوەی هەی بووە ، دەرخواردی خەڵکی کەم درامەتی داوە تاکو خۆی یەکێک بووە چۆتە لای مەلا فەندی بۆ هاوکاری .

هاوکات لە نامەکەی شێخ مەحمودی نەمر لە ڕێگای شێخ لەتیف شێخ ئیسماعیل گردەشینەوە ڕا دەستی مەلافەندی کرا ، بۆ مەزبەتە سازکردنو پشتگیری گەڕانەوە لەسەر داوای گەل لە هیندستانەوە بۆ سلێمانی و پاشان بکرێ بەمەلیکی کوردستان ، بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراو پوختەی مەزبەتەکە سازکراو بانگەواز کرا لە گوندی باداوەی هەولێر بۆ گشت کەسایەتی و سەرۆک هۆزە ناودارەکان و پیاو ماقوڵانی کوردستان بۆ پشتگیری و ئیمزاکردنی مەزبەتەکە ، وەک ئەرکێکی خواناسی و نەتەوایەتی و نیشتیمانی ، دوای تەواوکردنی ڕەوانەی لایەنی پێوەندیدار کرا ، ئەوەی جێی باس و بیر هێنانەوەیە سەید مەعروف لەتەگ مەلافەندی



پاشترین هەڵوێست و هیلاکی نواند، بۆ بەسەرکردنەوە و دیدار و گەڕان داوای لە گشت سادات و شێخەکان کرد پێش گشت هۆز و تیرەیەک ئێوە وەرن بەدەم بەنگەوازەکەی مەلافەندی بۆ پشتگیری لە شێخ مەحمود و داوا ڕەوا کەی ، لێرە لەم هەڵوێست و هەڵسوکەوتەی ئەم زاتە ئەوەمان بۆ دردەخات هەستێکی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری لە کار و کردەوەکانی ڕەنگی داوەتەوە .. کە پیاوێکی خەمخۆر و کارا بوو ، هاوکارێکی بە سۆزو دڵسۆز و دوور لە هەموو خۆپەرستی و بەرژەوەندییەکی تایبەتی دنیایی.

چوار کوڕی هەبووە، بەناوەکانی سەید حەمەدەمینی باداوە، سەید خدر ، سەید تەهای هەولێر ، سەید ئەحمەدی گوندی بەحرکە ، یەک کچی هەبوو داویەتی بەبنەماڵەی شێخ مستەفا ....!؟

سەید مەعروفی باداوە دووبرای هەبووە ، سەید حەمەد و سەید عەلی ، سەید عەلی هەر لە زگماکەوە حەلقەیەکی لە گوێ بووە، بۆیە پێیان وتوە سەید عەلی حلقە لەگوێ، کوڕی سەید عوزێری گوندی ( ڕوڵکە ) یە کوڕی سەید ئیسماعیل بانەموردە ، سەیدەکان لە گوندەکانی ( نێرەگین ، بانەمورد ، گردەسۆر ، گەڕەشێخان ، ئێلنجاغ ، ڕوڵکە ، بەحرکە) هەموویان دەبن بە کەس و ئامۆزای یەکتر لەگەڵ سەید خدری گوندی ( دوربە ) ی ، واتە لەگەڵ نەوەو خانەوادەی خەلیفە سەرووتی شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای سەیدەکان و خانەوادەی (خەلیفە سەرووت ) و سەیدەکانی هەولێر بە شەش پشت دەگەنەوە پیر خدری شاهۆ.!

بابە پیر خدری شاهۆیی ئەستێرەیەکی بریقەدار و بەشەوقی چیای شاهۆ ، مانگێکی گەشاوەی ستوونی ئاسۆ و سامانی خەڵکی ئەم نیشتمانەیە، ڕوخسارو سیمایەکی پڕ لەنووری ئیمانی ئیسلامەتییە ، مەزارو مەرقەدی پیرۆز و بۆن خۆش و گەڵاو سەوزایی چەتری بەرهەتاوی چەقیوی سەدان ساڵەی چیای شاهۆی شای چیاکانی ئەم کوردستانە زولملێکراوەیە .

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە هەشت سەد ساڵ کۆچی پڕ لە نوری ئەم زاتە پیرۆزە و دنیا نەویستە ، پشتگیریی لە ئایین و قورئانی پیرۆز، کە بوو بە سەر دێری زوهدو کەشف و کەرامەت ، ناوی سەید محەمەدە کوڕی سەید مەحمودی مەدەنی کوڕی شێخ جەعفەری کوڕی شێخ حوسێن کوڕی سەید مەحمودی ناسراو بە (سید محمود الینبوعی العائم) کوڕی سەید ڕەحمەتوڵڵا کوڕی شێخ موسای ناسراو بە ( شێخ موسی الداعی الی الله) کوڕی شێخ حوسێنی ناسراو بە ( شێخ حسین الیامت) کوڕی سەید هیلال کوڕی سەید محەمەد ی ناسراو بە ( سید محمد الخلف) کوڕی شێخ منهالی کوڕی سەید ماجد کوڕی سەید عەبدولڕەحمان کوڕی سەید قاسم کوڕی شێخ ئیدریس کوڕی سوڵتان جەعفەر کوڕی ئیمام عەلی هادی . سەلامی خوایان لەسەر بێت ، ڕشتەی ڕەسەن و نەسەبیان دیارە تا ئەگەنە ئیمام حوسێنی کوڕی ئیمام عەلی ئامۆزای پێغەمبەری درودو سەلامی خوای لەسەر . ناوبراو گەشتە مێژووییەکەی لەسەرەتای ساڵی شەش سەدی کۆچییەوە دەستی پێکرد بە بەجێهێڵانی دورگەو بیابانی عەرەبوستانەوە ڕووی کردە خاکی دڵڕفێنی کوردستان ، لە مەدینەی مونەوەرەوە بۆ شاری بەغداد و لەپاشاندا بۆ پایگەڵان، کە لەو کاتەدا پایتەختی میری بوو ، .سەید محەمەد ئاشنایی لەگەڵ شێخ عومەری سوورەوەردیدا پەیدا دەکاو هەر لە بەغداد تەریقەتی سوورەوەردی لێوەر دەگرێ و ڕوو دەکاتە کوردستان ، ئەو زاتە پیرۆزە بە قوتابی و مامۆستایەتی لە یەک کاتدا هەنگاوی گەشتەکەی ناوە بۆ ئەوەی گوزارشتی ژیانی بە تەسەوف و ئیرشاد پڕ بکاتەوە ، لەناحییەی پاوەی ئێستەدا نیشتەجێ بووە لەناوەندی گەلی کوردی لە یەزدانەوە نزیک عاباو عەسەی بەدیوارا هەڵواسیوە بە نیازی پشوودان و جێگیر بوونەوە بەزەوق و شەوقی زیکرو فیکرو خواپەرستیی بەجۆریک موسڵمانانی کورد لەدەوری کۆبوونەوە و کوڕی دەروێشایەتی و تەوژمی ئیمان بووە، مایەی نیگەرانی و مەترسی محەمەد نەجیب، کە قازی ئەو شارە دەبێ، بۆیە ئەمیر موقەڕەبەدینی میری ناوچەی سنەو کرماشانی سەلجووقییەکانی لێئاگادار کردەوە بەنیازی تەفروتوناکردنی یەکێتیی موسڵمانانی کورد و مورشیدیان سەید محەمەد ، ئەمیر فەرمانیدا بۆ ماوەی ساڵێک لە شاخی گەنجەویە بەند بکرێت بەبێ ئاو وخۆراک بۆ ئەوەی بەو شێوەیە گیان لەدەست بدات ، ئەو کەسایەتییە کە لەبەر دنیا نەویستیی ناو نرا ( سید محمد الزاهد) وە لەبەر پشتگیری کردن لە ئاین پێی دەوترا ( سید محمدظهیرالدین) بۆیە پشت بەخوا ڕووی کردە بەندیخانەی کەژ و کێو تاکو لەناوەڕاستی بەهاردا هاتنە سەری سەریان سورما.... کە لەنزیک کانیاوێک خەریکی تەقوایەو بەبێ نان خوا پاراستوویەتی، بۆیە ئازاد کرا و ئەو کانییە ناو نرا کانی پیر خدر، لە پاش ئەوە نازناوی پیر خدری پێدرا ، لەبەسەرهاتێکی تردا ئەمیر فەرمانیدا ئاگرێکی زۆر گەورەی بۆ بکرێتەوە و خرایە ناوییەوە لە چەشنی مەنجەنیقی نەبی ئیبراهیم، ئاگر ساردو سەلامەت بووەوە و بە سەربەرزیی هاتە دەرەوە لەوێدا ئەمیر لەپێش هەموو ئامادەبوواندا بە زمانی فارسی وتی : شاە ئەوە من شاە نیم لەویوە پێیوتراوە (شاهۆ)...! یەکەم سەیدە لەکوردەواریدا( پیر) ی پێوتراوە ، کاتێک لەئاگرەکە هاتۆتە دەرەوە خۆڵەمێشی پاشماوەی ئاگرەکە بۆتە گیای سەوز ئنجا(خضر) یان پێوتووە، لە هەموو ئەم بەسەرهاتانەدا لە کەشف و کەرامەت ناوبانگی بە ( پیر خدری شاهۆ) دەرکردووە . ئەو چیایەش تاکو ئەمرۆ ناوی شاهۆیە .! بۆ ئەوەی زیاتر بچینە نێو بابەتەکەو روونتر بێتەوە ، شاهۆ، بەهار و بەفراو هاوینی تینو دەبێت بزانین پێگەی هەڵکەوت و جوگرافی چیای شاهۆ چۆنەو لە کوێیە ....؟

"شاهۆ چیایەکە لە کێوەکانی زاگرۆس لە هەورامان! ئەسپەریزیش کێوێکە لە باوەشی شاهۆیە و لە نێوان سنە و مەریواندا هەڵکەوتووە! شاهۆ هەتا دەگاتە ئەسپەرێز، ئەوبەر و ئەوبەر زنجیرە چیایە، کە لە ڕۆژئاوای شاری ڕوانسەر دەست پێدەکات و تا چۆمی سیروان لە نزیک ئاوایی داریان لە هەورامانی لهۆن درێژەی هەیە ، کە مەوداکەی دەکاتە نزیکەی ٦٠ کیلۆ مەتر و پانی لە باشوورەوە لە نزیک ڕێگای سەرەکی کرماشان پاوە دەست پێدەکات تا دەگاتە چۆمی سیروان و ئاواییەکانی پاڵنگان و ژاوەرۆ لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە لە پارێزگای کوردستان. زنجیرە چیای شاهۆ زۆر دوند و لووتکەی بەرزی لێ هەڵکەوتوە، کە بە دووان زیاتر ناودارە...!

یەکەم : لووتکەی حەویخانی، کە لە باکووری ئاواییەکانی سەریاس و تازاوا هەڵکەووتوە .

دووەم : لووتکەی زاولی، کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی پاوە هەڵکەوتووە، کە بەرزایەکەیان دەگاتە نزیکەی ٣٤٠٠ مەتر، کە هەڵبەتە لووتکەی حەویخانی لە لووتکەی زاولی بە چەند میترێ بەرزترە.

ئەم دەڤەرە کە ئوستانی کرماشان دەگرێتەوە، لە هەزارەکانی پێش لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح ، شوێنی ژیانی و نیشتەجێ بوونی هۆز و نەتەوەگەلی جۆربەجۆر بووە. ناوچەیەکی کوێستانییە، کە لە نێوان فەلاتی ئێران و مێرگی مزۆپۆتامیادایە و زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس و شاهۆ سەرانسەی ئەم ناوچەیەی داگرتووە. لە بواری پیشەیی و کشاوهرزیشدا زۆر دەوڵەمەندە و خاوەن تایبەتمەندییەکی گەلێک سەرنجراکێشە و جوانیەکی سروشتی خواییە. کەتیبەی بێستوون و نەخشە زۆپەکانی، لە گرینگترین خاڵە سەرنجراکێشەکانی ئەم ناوچەیە، دەیان ئاسەواری دڵڕفێن و سرووشتی دیکە، بوونەتە هۆی سەرنجراکێشی بوونی ئەم هەرێمە لە بواری گەشتیاریدا."

دوای حەفتەیەک دەوروبەری ئەو تەپەیەی ئاگرەکەی لێدەکەنەوە هەمووی نووربوو، بۆیە تاکو ئەمرۆش (تەلی نوور)ی پێدەڵێن !؟ گۆشت و ئێسکی مرۆڤ ئەگەر بە ئاگر نەسووتێ دیارە شیرو تیغیش کاری تێناکات بۆیە ئەمیر، کە ناوی تەواوی (ڕحمد مقرب الدین الحسنی) یە سەری بۆ دادەنەوێنێ و دێی قوتلوئاوای خۆی بۆ وەقف دەکا، ئەمیش دەقی وەقفەکەیە بەکوردی (( منی بەندەی بەردەرگا (ڕحمد مقرب الدین الحسنی) موڵکی ئاوەدانکراوەی خۆم کە (قوتلوئاوایە) وەقفم کرد لەسەر ئامۆزای خۆم(شیخ محمد ظهیر الدین ڕبو عبدالله پیرخدری رچوی حسینی) و پاش ئەو لەسەر کورو کورەزاکانی وەک یەک، پاش ئەو بەدەس دیندارترین و دنیازانترین منداڵەکانی هەر کەسەیان لەو شوێنەدا مابێ و خزمەتی بۆ میوان و زانایان و مەردان و قورئان خوێنان و هەژاران زۆرتر بێ....! منی وەقف کەری گوناهبار ... ڕحمد مقرب الدین الحسنی )) دیارە لەو ڕۆژەوە پیرخدر وەکو هاوڵاتییەکی ئەو نیشتمانە مامەڵە دەکراو بەتەواوی جێگیر بووە . لەزێوە ئەمری خوای مەزنی بەجێهێنا و تاکو ئێستاش گۆڕی پیرۆزی مەزارگای موسڵمانانە ، لەڕۆژی وەفاتیدا کوڕێکی دەبێ بەناوی باوکییەوە ناودەنرێ محەمەد، لەپاشاندا بە لەقەبی پیرخدران مەشهوور دەبێت ..! تاکو تەمەنی دەکاتە بیست و چوار ساڵ لەخزمەتی پیر عەبدوڵڵای کاکەی و پیر ئەلیاسی برایدا دەبێت، لە پاشاندا دەچێ بۆ سەفا خانە . لە کتێبی ( نور الانوار) دا سەید عەبدولیەمەد تۆداری دەڵێ : ناوی پێنج کوڕیم زانیوە بەڵام لە بنەماڵەی زانایاندا مامۆستای خوالێخۆشبوو عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێ : لە دە کوڕی زیاتر هەیە . منیش وەکو نەسابەی ساداتی پیر خدری لە عێراقدا لە کۆی ئەو شەجەرانەی بەدەستمان کەوتوون لە کوردستانی عێراق و ئێرانەوە ناوی نۆ کوڕیمان بۆ ئاشکرا بووە، کە ئەم مەردانە بوونە : (( ١. پیر مەحموود ٢. پیر عەبدوڵڵا, شازادە عەبدوڵڵا٣. پیر ئەلیاس .٤سید حسین ناسراو بە (پیر ڕۆستەم) ٥. پیر حەیدەر٦. پیر هەمزە٧. پیر موسا ٨. پیر بایزید ٩. سەید محەمەدی دووەم پیر خدران)) . پیر خدری شاهۆ لەزەمینەیەکی پڕ پەین و ئاو دا نەمامی چاندووە، کە تاکو ئێستاو ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لق و پۆپی دەبووژێتەوە، خواوەند دیارە ویستوویەتی بەوانەوە پیت و بەرەکەت بخاتە سەر ئەم خاکە، کە کۆمەڵ کۆمەڵ مامۆستای دینداری پایە بەرزیان لێدەردەکەوێ ، پۆڵ پۆڵ شێخ و خاوەن تەریقەت و مورشدیان تێدا هەڵدەکەوێ خزمەتی ئایین و خەڵکی کوردی موسڵمان دەکەن ، منارەی مزگەوتی ناودۆڵ و قەدپاڵی ئەم کوردستانە لەگەڵ لوتکەی چیاکاندا جووتن لە هەردوو کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا ، نەوەکانی پیر خدر ئەمرۆ دەیەها عەشیرەت وتیرە و بنەماڵەیان لەکوردستاندا بڵاوە، لە حەمرینی سنووری کوردستانەوە بە دووز خورماتوو و کفری وکەلار و دەربەندیخان و کەرکوک و چەمچەماڵ و سلێمانی و شارەزوور و هەولێردا بڵاوبوونەتەوە ،لە هەندێک سەرچاوەی مێژوویی دەڵێن : سیلسیلە ی چە ند بنە ماڵە لە ساداتی کوردستانە، وە ک: (( ساداتی پیرخزران و ساداتی پاوە و ساداتی خانە گا و ساداتی تاوە گۆز و سە فاخانە و خاوە نی شە رحی تە سریفی زە نجانیشن...! )) وە هەندێک سەرچاوەی تریش دەڵێن : هۆزی سمایل ئاغایی !لە پێنج خێڵ پێکدێن ، (( هۆخلوگی ، ئاغلی بەگ ، شاوەیس ئاغەیی ، مەسور ئاغەیی ، عەلی ئاغەیی )) . ئەمانەش بە تەواوی دەگەڕێنەوە سەر ڕەگەزی ساداتی پیر خدری شاهۆ و پاشماوەی بنەماڵەی قوبادبەگن...!؟

جگە لە بنەماڵەکانی بەغدادو شارەکانی تری عێراق پیاوی زاناو خواناسیان لە لاپەرەکانی مێژوودا بە زەقی دیارن، وەکو : (( باباشێخ ئەحمەدی باینجۆ و شێخ ئەحمەدی بۆنخۆش و شێخ ئیسماعیلی عەبدالان و شێخ عەبدولقادری مودەڕیس و کوێخا عەبدوڵڵای خواکەرەم کەسایەتی هەڵەبجە و شێخ عومەر نەقشبەندی بالیسانی و مەلا عوسمان عەبدولعەزیزی ڕابەری بزووتنەوە و مەلا موسای تەوەکڵ و مەلا ئەبوبەکری موسەنیف و سەید حەسەنی چۆڕی و مەلا مێگڤای تایگۆزی و مەلا سەید سەدیقی گەرمکی و مەلا جامی..! )) و کەڵە شاعیرانی پیرخدری، کە بەشێکی گەورەن لە گەنجینەی ئەدەبی کوردیدا وەکو (( مەولەوی ، شاهۆ ، بێخود ، چروستانی..!)) بە بۆنەی گرنگی ئاینپەروەری لە ڕێگای خزمەتکردنی تەکیە و حوجرە و مزگەوتەکانەوە بنەماڵەکانی ساداتی پیرخدری شاهۆ، بە گۆی پاکی و خواناسی ، پلەی بەرزی زانستی ، ڕێز و حورمەتێکی تایبەتیان لە سەرانسەری کوردستاندا هەبووە و ناوبانگیان بۆ دەرەوەی کوردستانیش ڕۆیشتووە ، لە هەندێک شاری کوردستان مزگەوت و شوێن هەیە بە ناوی پیر خدر و گەرەکێک لە شارۆچکەی بالیسانی هەولێر بەناوی (خدرخەزای) وەک باسی لێوەدەکەن دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەکی (پیرخدری) ، بەو ڕێگایەوە هاتوونەتە کوردستانی عێراق، لەماوەی هەشت سەد ساڵی پێشوودا و ئیسلام عەشیرەتیان بووە، بۆیە دەسەڵاتدارانی سیاسییان بەناوی عەشیرەتەوە کاریان نەکردووە و هەر خاوەن تەکیەو مزگەوتێکی ئەوان ئاشناییان لە گەڵ دەوروبەری ناوەندە ئاینیەکەیاندا گرتووە بۆیە وەکو عەشیرەتێکی یەکگرتوو نەبوون لەکوردستانی عێراقدا بە هەوڵو تێکۆشانی چەند ناودارێکی بەپەرۆش توانیان لەماوەی دە ساڵێکی سەردان و یەکترناسین لە ئاکامی ئەو تێکۆشانەدا (( مەڵبەندی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی ساداتی پیر خدری)) لەساڵی دوو هەزارو شەشدا لە شاری سلێمانی دامەزرا بە ڕەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، تا ئێستا لە شاری هەولێر هیچ هەوڵێکی جدی نەدراوە لەلایان ساداتی پیر خدری و یا ئەوەتا حکومەتیش مۆڵەتی یاسای پێنەداون.

# خۆشەویستی پشتی قوتابیانی زانکۆ دەشکێنێت



**عەلی بانیشاری- هەولێر**

کوڕان و کچانی زانکۆ باس لەوەدەکەن بەهۆی خۆشەویستی تووشی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بوون، ئەمەش وای کردووە وەک پێویست لەزانکۆدا سەرکەتوو نەبن، بەشێک لەکچان ئیشارەت بەوە دەن کێشەی خۆشەویستی بووە یەکێک لەکێشە سەرەکییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردەوای و لەو نێوەندەشدا پشکی گەورە بە زانکۆکان دەکەوێت.

بە هۆی ئەو تێکەڵبوونەی کوڕان و وکچان هەیانە لەزانکۆدا بەریەکەوتنێکی زۆر ڕوودەدات، لەهەمان کاتدا کوڕان پێیان وایە خۆشەویستی مەرجی گەورەیە بۆ ژیانی هاوسەرگیرو پێویستە پێش ئەو پرۆسەیە خۆشەویستی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا هەبێت، سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

فێنک قادر، قوتابی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین نایشارێتەوە تائێستا چەند جار ڕەفزی وەرگرتووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیتر دەبێت دەست لە ژیان بەربدات، چونکە ناکرێت هەموو شت بەدڵی ئەو کەسە بێت، کە کارێکی دەوێت.

فێنک بە هەفتەنامەی بەدرخانی وت:" من کە ڕەفزم وەرگرت تووشی چەندین کێشە بوومەوە لەلایەن دەوروبەرەوە، بەتایبەت کچانی هاوڕێم زۆریش ناخۆش بوو، خەریکبوو خۆم بکوژم، ئەوان دەیان وت بە من، تازە تۆ حیسابت بۆ نەکراوە لە لایەن بەرامبەرەوە".

هەروەها وتیشی:"خۆشەویستی لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا هەبوو، تا دونیاش ماوە هەردەمێنێت، کۆمەڵگەی کوردیش یەکێکە لەو کۆمەڵگایانە،زانکۆکانی کوردستانیش پشکی گەورەیان لەو بوارەدا بەردەکەوێت".

هەندێک لەکچان لە زانکۆدا بڕوایان بە کوڕان نییەو پێیان وایە کوڕان تەنها بۆ بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانەیان لەگەڵ کچان پەیوەندی دەبەستن، کە ئەمە بووەتە گرفتی گەورەی کچان لەزانکۆداو نازانن بڕوا بەکام کوڕ بکەن، تادوا ڕۆژ خیانەتیان لێ نەکات.

هەڵاڵە جەلال، یەکێکی ترە لەو کچانەی زانکۆی سەلاحەددین، ئەو درکی بەوە کردووە خۆشەویستی لەزانکۆدا بووەتە باو باوێن و ئەوەی خۆشەویستی نەبێت مانای ئەوەیە لە زانکۆدا دۆڕاوە، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت ئەوە هەر خۆشە.

هەڵاڵە وتی:" کچان لە زانکۆدا نازانن بڕوا بەکام کوڕ بکەن بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژدا خیانەتیان لێ نەکەن، چونکە کوڕان ئەمڕۆ وەک چۆن مۆدێلی قژ دەگۆڕن، ئاوەهاش کەپڵ دەگۆڕن و هیچ گوێشیان لێی نییە و وا دەزانن ئەوان نەبوون".

ئەو وتیشی:" ئاساییە ئەگەر بزانیت کوڕێک لەگەڵت ڕاست دەکات و خۆشەویستی لەگەڵ بکەیت، بەڵام ئەگەر دواتر درۆی لەگەڵ کردی ئەوە چی، چونکە هەر ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی قوتابیانی زانکۆ پشتیان بشکێت لەو بوارەدا".

ئەگەرچی کوڕانیش هەمان ڕەخنە ئاراستەی ڕەگەزی بەرامبەر دەکەن، بەڵام ئەوان دەڵێن:"خۆشەویستی مەرجی پێشینەیەو، پێویستە هەبێت لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا، بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێت لەو بوارەدا، بەڵام کچانی زانکۆ خۆبەزل زانن و دەزان کوڕان، کە داوای خۆشەویستیان لێ دەکەن ئەوە لاوازی کوڕانە لە بەرامبەر کچاندا".

ناسر شەریف قوتابی زانکۆ هێما بۆ ئەوە دەکات زانکۆکانی کوردستان بوونەتە جێگەی دڵ گۆڕینەوەی کوڕان و کچان و هیچ زانست لەزانکۆدا نەماوە، ئەوەی ماوەتەوە تەنها خۆشەویستی نێوان ئەو دوو ڕەگەزەیە، ئەگەر لەگەڵ هاوڕێیەکت دەگەڕێیت یەکسەر پێت دەڵێت کەپڵت هەیە یاخود نا.

ناسر دەڵێت:"زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ گەورەترین ڕابواردن لەو بوارەدا دەکرێت، کە هەردوو ڕەگەزەکە بەرامبەر یەکتری ئەنجام دەدەن، دەبوایە ئەوە زۆر بە پیرۆزتر سەیربکرێت نەک بەو شێوە ناشیرینە، کە لە زانکۆدا باس دەکرێت، هەرکەسێک کەپڵی هەبێت پەنجەی ناشیرینی بۆ درێژ بکرێت".

ئەو وتی:" کوڕان و کچان دەڵێن چووینە زانکۆ وا دەکەین و وا دەکەین، چونکە پێدەچێت پێشتر لە قۆناغی ئامادەییدا ئەو بوارەی بۆ نەڕەخسابێت، کە دێتە زانکۆ تەقینەوەی گەورە لە بوارەدا ڕوودەدا، چونکە ئەو کوڕە یان کچە شتی وایان بە خۆیانەوە نەبینیوە".

ئەوەی کوڕان لە زانکۆدا پەست دەکات ئەوەیە، کە دەبێت لە دەست نیشانکردنی خۆشەویستیدا کوڕان هەمیشە بە وتەی خۆیان ببنە قوربانی و بڵێن بە کچان، تا پێی دەڵێن گیان دەردەچێت لەترسدا بەدەگمەن کچان دەستی خۆیان پێش بخەن لە خۆشەیستیدا، ئەوەش بە وتەی کوڕان تەنها کۆمەڵگەیە.

ئەحمەد لوقمان بەهەفتەنامەی بەدرخانی ڕاگەیاند:" یەکێک لەو کێشانەی لە کاتی خۆشەیستیدا ڕوو بەڕووی کوڕان دەبێتەوە ئەوەیە هەمیشە دەبێت کوڕان دەستی خۆیان پێش بخەن، کچان بە دەگمەن دەستپێشخەری دەکەن و بە کوڕان دەڵێن:"خۆشم. دەوێی"یان شتێکی لەو بابەتە".

ئەحمەد وتی:" بەدەیان کوڕ لەزانکۆدا ڕووبەڕووی ئەو گرفتانە دەبنەوە و نازانن چۆن سەری خۆیان لەوە دەربهێنن، بەو هۆیەشەوە کێشەی کوڕان لەبواری خۆشەیستیدا زیاترە لەکچان".

# بەشداری هەڵبژاردن بکەیت چاکترە، وەکو پەندە چینیەکە دەڵێ:
# مۆمێک داگیرسێنی باشترە لەوەی نەفرەت لە تاریکی بکەیت

**وەرگێڕ: مستەفا ڕابەر**

**پرۆگرامی هاوبەش (تەنز)**

دوو کەس زۆر پەرۆشی خۆ زەنگین کردن بوون ویستیان بەهەر شێوەیەک بێت بەختی خۆیان لەهەڵبژاردنی گشتی تاقی بکەنەوە، دەستیان بگاتە پلەو پایەو موچەی گشتی و دەوڵەت، بۆیە بەنهێنی پلانێکی توکمەیان داڕشت هەموو ڕینمایەکانی کۆموسیۆنی باڵای هەڵبژاردنیان کۆپی کرد، وەکو دوو کاندیدی ڕکابەری دژ یەکتر خۆیان ناساند، بەرنامەیان داڕشت، یەکێکیان بەتوندی بانگەشەی بۆ گەڕانەوەی شارە داگیرکراوەکەیان کرد بۆ باوەشی نیشتمان بەمەبەستی مسۆگەرکردنی دەنگی هاووڵاتیانی ڕەسەنی شارەکە، ئەوی تریان بانگەشەی دەکرد بۆ خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان و سەقامگیرکردنی هێمنی و ئارامی وڵات شارەکە هەر وەکو خۆی لەناو بازنەی حوکمڕانی داگیرکەری بێگانە بمینێتەوە باشترە وەکو فێڵێک بۆ وەدەستهێنانی پشتگیری و دەنگی خەڵکی ناحەزی ڕکابەرەکەی، بۆ ئەم مەبەستە هەریەکەی بۆ هەڵبژاردن لۆگۆی تایبەتی ساز کرد ئامێری کامیراو پۆستەریان ئامادەکرد، دەیان دروشمی قەبەیان بڵاوکردەوە، تەنانەت بیریان لەوە کردەوە لە هیندستان چەند دانە فیلێک بەکرێ بگرن و بیانهێنن بۆ ئەوەی بەسواری فیل مەزنی خۆیان نیشانی خەڵکی شار بدەن، لەئەفریقاش مەیمون بێنن بەزم و ڕەزم بۆ بینەران ساز بکەن و چەواشەیان بکەن.

یەکیکیان بیری لەوە کردەوە ماڵ بەماڵ بگەڕی سەردانی پیاوە ماقوڵەکانی دەڤەرەکەی بکات بۆ سواڵی دەنگ باسی شیرینی و دەم چەورکردنیان بکات، بەلێنی قەبەو زلیان بداتێ، ئەویتریان داوای کرد مێزگردێک سازبکات لەگەڵ ڕکابەرەکەی باسی سەروەرییەکانی خۆی بکات و باسی بەرنامەکاتییەکەی بکات لە ڕۆژێ دیاریکراوو بەرامبەر کۆمەڵێک خەڵکی بەشمەینەت و سەدجار فێڵ لێکراو دانیشتن، هەندێ قسەی ماقوڵیان کرد، یەکێکیان خۆی هەڵکێشا یان وەکو دەڵێن خۆی فش کردەوەو گوتی: من لە هەموو بوارەکانی ژیان شارەزام، بۆ نموونە با باسی بۆقتان بۆ بکەم، بۆق ئاژەڵێکی وشکاوەکییە بێ کلکە، دەتوانێ شەش مانگ بێ خواردن و خۆراک بژیت، حەوسەد جۆری هەیە لە چین، جۆرە بۆقێک دۆزراوەتەوە وەکو چۆلەکە دەجریوێنێ لە قورئانی پیرۆزدا لەسورەتی ئەعراف ناوی هاتووە ساڵانە لە فەرەنسا زیاتر لە چوار هەزار تۆن لاقە بۆق دەخورێت هەروەها لە ئاسیاو ئەفریقا، تەنانەت لە ئەمریکاش دڵخوازی زۆرە، بۆیە توخمی بۆق مەترسی لەناوچون و قڕان تێکەوتنی زۆرە، ڕۆژی ٢٨ نیسان بەڕۆژی بۆق دەست نیشان کراوە.

بۆ زانیاریتان جاڵجاڵۆکە هەشت چاوو دوپشک شەش چاوو هەنگ پێنچ هەروەها کارتی یاری ٤٢ چاوی تیایە زۆر بابەتی تریش دەزانم ئەگەر ماوە هەبێت پاشان بۆتان باس دەکەم.

کاندیدەکەی تریش باسی شارەزایی و پسپۆری خۆی کردو وتی: منیش کتێب و ڕۆژنامەم زۆر خویندۆتەوە بۆ نموونە دەزانم مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی نزیکەی ٣ ساڵی ڕەبەق لەئاو دەست بەسەر دەبات، واتە لە ماوەی ساڵێکدا بەڕێژەی ٢٥٠٠ جار بەناچاری سەردانی دەکات.

دەربارەی شیعر بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ شیعر هەبووە، بەڵام نەنووسراوەتەوە، بەڵام داستان و چیرۆکە مێژوییەکانی پێ تۆمارکراوە، نەوەکان پشتاوپشت لێکیان وەرگرتووە، کۆنترین چامە کە نووسرابیتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان (عێراقی ئێستا)، کە دەربارەی داستانی گلگامێشە، گلگامێش پاشای ئۆرۆک دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ بەر لەزایین فەرمانڕەوایی کردووە.

درێژترین شیعر لە جیهاندا شیعری مهابهارتایە، داستانێکە دەربارەی پیرۆزی ئایینی هیندوسە، کە بریتییە لە هەزار دێرە شیعر، یەک ملیۆن و هەشت سەد هەزار وشەیە لەسەدەی هەشتەمی بەر لەزایین نووسراوە، بەڵام حەیف و مخابن لەم سەردەمەدا لە وڵاتە پێشکەوتووەکان شیعر برەوی خۆی لەدەستداوە، خوێنەری کەمبۆتەوە، لەژاپۆن و ئەڵمانیا هەندێ کۆمپانیاکان شیعری هەڵبژاردەی کەڵە شاعیرەکان لەسەر کاغەزی نەرمی توالێت چاپ دەکەن، بۆ ئەوەی لەکاتی دەست بەئاو گەیاندنا ئەگەر کەسێک تاقەتی خوێندنەوەیانی هەبێت.

ئامادەبوان سەبارەت بەدرێژ دادری و لەبابەت دەرچوون و هەڕاسان بوون یەکێک هەڵی دایەو وتی بۆیە پێتان دەڵێین خاڵە هەتا چۆلەکەمان بۆ بگرن یەکێکی تر بەتەوسەوە وتی: کێ دەڵێ خۆیان چۆلەکە نین، چەند کەسێکی تر ڕوون و ئاشکرا تیشکیان خستەسەر کۆمەڵێک نمونەی گەندەڵی و بێوەفایی دەسەڵاتدارەکانی ناو دەوڵەت یەکێکیان گومانی لای خەڵک پەیدا کردو بەڕاشکاوی ئەم بەسەرهاتەی گێڕاوەو مەترسی خۆی نیشاندا، کە دوور نییە هەردوولایان ژێر بەژێر وەکو ئەو دووسواڵکەرە جوولەکەی ڕۆما ڕێککەوتبن کامیان دەسکەوتی زۆرتر بێت بەشی ئەوی تر بدات.

**سەربردەی یەکەم ... دوو سواڵکەر لەڕۆما**

دوو سواڵکەر لە ڕۆما بەتەنیشت یەکەوە لە شەقامێک دانیشتبوون سواڵیان دەکرد، یەکێکیان خاچێکی لەبەر دەمی خۆی دانابوو ئەوی تریان ئەستێرەی حەزرەتی داود. زۆر کەس بەوێدا تێدەپەڕین و سەیریان دەکردن، بەڵام تەنیا پارەیان دەخستە ناو کڵاوی ئەو سواڵکەرەی لەپشت خاچەکەوە پاڵ کەوتبوو، قەشەیەکی دیان بەوێدا ڕەت بوو، هەڵوەستەیەکی کردو سەیری خەڵکەکەی کرد تەنیا پارە بۆ ئەوسواڵکەرەی لەپشتی خاچەکەوەیە فڕێ دەدەن، بەڵام هێچ نادەن بەوی دیکە. دواجار قەشەکە لەو سواڵکەرەی ئەستێرەی داودی لەبەر دەمی خۆی دانابوو نزیک بۆوەو پێی گوت برای هەژارم، تۆ نازانی ئێرە وڵاتی کاسۆلیکانە.

پیاوەکە بێ دەنگ بوو هیچی نەوت تەنیا هەر سەیری دەکرد .

قەشەکە درێژەی دایێ و گوتی خەڵک هیچت پێنادەن بەتایبەتی ئەگەر ئەستێرەی داودت لەبەردەم بێت نەخوازەڵا ئەگەر بەتەنیشت سواڵکەرێک دانیشیت خاچی دانابێت، مەگەر تەنیا ئەو کەسانەی دڵیان ڕقوکینەی تیا نەبیت خێرێکت پێبکەن، سواڵکەرەکەی پشتی ئەستێرەی داود ڕووی لە سواڵکەرەکەی تر کردو پێی گوت: مۆشێ تەماشاکە کێ بەتەمایە برایانی گۆلدستاین فێری کاسبی بکات.

**کەوچکە دەسک درێژەکان**

هەر لەو کۆڕە کەسێکی تر هەڵی دایەو وتی: منیش چیرۆکێک دەگێڕمەوە دەربارەی هەندێ کەس تەنیا خۆشگوزەرانییان بۆ خۆیان و دەست و پێوەندەکانیان دەوێت، پیاوچاکێک لەگەڵ پەروەردگار گفتوگۆی دەبێ ڕۆژێکیان پرسیاری لێ دەکات، حەزدەکەم ئەحواڵی بەهەشت و دۆزەخ بزانم؟ پەروەردگار پیاوچاکەکەی بۆ لای دوو دەروازە برد. دەرگایەکیانی کردەوە، تەماشای کرد لە ناوەڕاستدا مێزێکی خڕی گەورە دانراوە مەنجەڵێکی زلی چێشتی لەسەرە، بۆنی ئەوەندە خۆش و تامدار بوو پیاوچاک دەمی ئاوی تێزا. ئەو خەڵکەی لە دەوروبەری مێزەکە دانیشتبوون دیار بوو لەڕو لاوازو برسی و نەخۆش بوون سەرو کەوچکی دەسک درێژیان لەدەست دابوو بەدرێژی قۆڵ و باسکیان دەیان توانی لە مەنجەڵی شۆرباکەی باوێن، بەڵام لەبەر ئەوەی کلکی کەوچکەکان لە باسکیان درێژتر بوون نەیان دەتوانی بۆ دەمی خۆیان ببەن، پیاوچاکەکە لەحەژمەت ئەو دیمەنە سامناک و پڕ مەینەتە دەلەرزی و سەری سوڕمابوو، پەروەردگار فەرمووی: ئەوە دۆزەخ بوو نیشانمان دایت.

پاشان هەردووکیان چوونە دەروازەی دووەم و دەرگاکەیان کردەوە هۆڵەکە کتومت وەکو ئەوەی پێشتر وابوو، لەوێش مێزێکی گەورە، مەنجەڵێکی زلی پڕ شۆرباو دیسان لەبەر تام و بۆنی خۆش دەمی پیاوچاک ئاوی تێزا، خەڵکە بەهەمان شێوە بە کەوچکی کلک درێژەوە، بەڵام خەڵکی گۆشتن لەش ساغ و بەکەیف، لەنێوان خۆیان و خەریکی باس و خواس بوون، پیاوچاک وتی: تێناگەم هەردوو لایان وەکو یەکن، پەروەردگار فەرمووی بەڵێ تەنیا یەک وریایی و کارامەیی تیایە ئەوانە فێری ئەوەن، هەریەکەی خواردنەکە بداتە دەمی ئەوی دیکە لەکاتێکدا پیسکەو چاوچنۆکەکان تەنیا بیر لەدەمی خۆیان دەکەنەوە.



# له تاراوگه‌وه

## سەرچاوەکانی هەواڵ

سەردەمی هاتنی لەشکری ئیسلام بۆ کوردستان، لەشارەزوورەوە داخل بوون، ئەوەی لەدەستیان هات کردیان دەرهەق بەخەڵکی ئەم دەڤەرە، هەر لەکوشتنی پیاوان و گەنجەکان، هەر لە بەدیل گرتن و بردنی کچان و ژنان، هەر لە رووخاندن و سووتاندنی ئاتەشگاو نووسراو ئەوەی پەیوەندی بەکلتووری ئاهورامەزداوە هەبوو، واتە بەزەبری شمشێرو خوێنڕشتن دەسەڵاتەکەیان سەپاند بەسەر کوردستان و خەڵکەکەی، دواتر بەرەو ئێران چوون لەوێش ئەوەی لەدەستیان هات، کەمتەرخەمیان نەکرد.

بازرگانی هونەری لێزانینە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین سەرمایە، گرنگ نییە کۆکردنەوەکەی چۆنە، زەریبە بدەی یان جۆری کەلوپەلەکە چۆنە باش یا خراپ ئەوانە گرنگ نین، پەتاو نەخۆشی بڵاو دەبێتەوە یان نا، خەڵکی بەهۆی خۆراکی ئێکسپایەرەوە دەمرن یان نا گرنگ نییە، میللەت سەری بەگۆڕی بابی، گرنگترین شت ئەوەیە سەرمایەدار سوودمەند بێت و گیرفانی پڕبێت .

ڕۆژنامەنووسی و کاری ڕۆژنامەگەریی، بەپێی میزاج یا پرەنسیپی ڕۆژنامەوانی بێت، کامیان؟ ئەکادیمیانە دەبێ ڕۆژنامە نووس هەواڵەکە یا ڕووداوەکە باش ببینێ و تۆماری بکاو ئینجا وێناکان بکێشێ و وەک خۆی بیگەێنێتە بەر دەست و چاو گوێی بینەر، وەڵامە گرنگەکانی، کە ڕەگەزەکانی هەواڵ پێک دێنن وەک: چی و چۆن و لەکوێ و کەی و کێی و بۆ، وەڵام بداتەوە واتە زانیاری تەواو بگەیەنێ، میزاجیش ڕۆژنامە نووس چۆن بتوانێ بابەتە کە بەدڵی لێپرسراوەکەی و بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێ و بڵاوی بکاتەوە، ئەوەی رقیشی لێیەتی ئەوە هەر دەری ناخات و ڕەشی دەکاتەوە لەشوێنی هەواڵەکە، ڕەچاوی پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەوانی ناکات، واتە وێنەو زانیاری تەواو نادات بەدەستەوە، بۆیە هەواڵێکی کرچ و کاڵ دەردەچێ و ئامادەبوانیش ئەوکاتە هەقیانە ڕەخنە بگرن .

ئەوەی لەکوردستان دەگەڕێتەوە بۆ تاراوگە لێی دەپرسین ئەرێ خەبەرو باسی کوردستان چییە؟ لەوەڵامدا دەڵێ:" کوردستان بەهەشتە بەهەشت ئەمە چیمانداوە لێرە، لەوێ پارە ڕژاوە خەڵکی خەنیبونە بەپارەی نازانن پارەی لەکوێ بکەن هەمووکات ئەو خەڵکە لەو دەشت و دەرە خەریکی سەیران وتکە خواردنن بەو بوارەی "، پێی دەڵێی: ئەدی باشە کە کوردستان بەهەشتە لۆ ناچیتەوە لە وێ بژیت، دەڵێ: کورە کاکە ئەوە ئەمن دە پازدە ساڵە لێرەمە لێرە ڕاهاتیمە لۆمن زۆر زەحمەتە تازە بتوانم لەوێ بژیم لێرە لەهیچم کەم نییە، منداڵم هەمووی لە قوتابخانەن، بەخودای خۆشم بکوژم لەگەڵم نایەنەوە، ئەو باسەیان لەگەڵ بکەمەوە هەر لەماڵێ دەرم دەکەن دەلێن تۆ کوێت پێخۆشە بڕۆ ئەوێ، کە قسەش لەگەڵ خەڵکی وڵات دەکەیت وەزع چۆنە دەڵێن: وەڵاهی کاکە بۆ هەندەکان دوو شەشە و بۆ هەندێکیش مالوێرانییە، شەو ڕۆژ رابکەی بەکرێی خانوو ڕاناگەی، بەگشتیش دەڵێن وەڵاهی بۆمان ڕێکبکەوی یەک دەقە لە کوردستان گیر نابین دێینە ئەوروپا، لەکەمپی بکەوین زۆر خۆشترە لێرە !.

یاسا یاسا یاسا کوا یاسا، یاسا ئەوەتانێ لای مەلای مزگەوتەکانە، مەلاکان ئەوەی ئەقڵیان نەیبڕی فتوای دژ دەردەکەن بەجاهیل و نەفامی لەقەڵەم دەدەن، فتوا دژ بە مەهاباد قەرەداغی دژ بە حەمەسەعید حەسەن دژ بە شێرکۆ بێکەس دژ بە ئیسماعیل بەرزنجی دژ بە مەریوان هەڵەبجەیی دژ بەئارام ڕەشید، کەس نەما دژی فتوا دەر نەکەن، دواجار دژ بەگۆڤاری وێران و دەزگای سەردەم و ئاراس وەک حەیوان دەشوبهێنن بەوەی کە لغاویان بکەن لغاو بۆ وڵاخ دێت نەک بۆ مرۆڤ، نەک بۆ دەزگای کلتووری، کە ڕۆشنکەرەوەو پێشڕەوی شارستانییەتی کۆمەڵگەن، ئەی باشە بۆ کەس باس لەوەناکات مەلاکان چیان بۆ خۆیان پێ باش بێت حەڵاڵی دەکەن و بۆ خەڵکیش حەرام، نووسەران سەدان سەرچاوە دەخوێننەوە ڕۆژانە چاودێری هەواڵ و گۆڕانەکانی دنیا دەکەن، بەڵام با بزانین ئەو بەڕێزانە لەپارووی چەورو مووضەی سەری مانگ زیاتر خەیاڵی چی دەکەن !.

**یوسف مەنتک - ئەڵمانیا**



# پیاوێکی سپی و ئەزموونێکی زۆر

**ئەگەرچی کاروانی هونەر سەختەو زۆر کەسی ناتوانێ بەشاخە بەفراوییەکانییدا هەڵزنێ و جەرگ شاخ پڕ بکات لە گوڵە نێرگز و ڕێحانە، بەڵام مرۆڤێکی سپی قژ وەک کڵۆی بەفر زۆر دەمێکە سەر قافڵەی ئەو کاروانەیەو هەمیشە و هەمیشە لە کارکردندایە، مرۆڤێکی سۆزی نیشتمان و کورد چۆتە خوێنی و هەرگیز سازش لەسەر کوردایەتی بوون و هونەرو مرۆڤایەتی ناکات...**

**عەلی جۆڵا کە لە دایکبووی شاری هەڵەبجەیە و هەر هەڵەبجەشە دەبێتە زامی قووڵی تابلۆکانی و ئاوارەیی و دایک و ژیانی لادێ و گەلێک بیرۆکەی تر دەبێتە تەوەری کارەکانی...**

**بەم دواییە لە هۆڵی تەوار لە سلێمانی و گەلەری کوردستان لە شاری هەولێر دەیەمین پێشانگای تایبەتی خۆی کردەوە و بڕیاریشە ئەم پێشانگایە شاری دهۆکیش ببینێ. لە دەرفەتێکدا ئەم دیدارەمان لەگەڵدا سازکرد.**

**ئا: محەمەد فەتاح**

*** سەبارەت بەم پێشانگەیەت چی دەڵێیت؟**

- بەهیوام ئەم پێشانگەیە کە پێشانگەی دەیەممە جێی ڕەزامەندی هەمووان بێت.

ڕەخنەگرانیش بتوانن بە جوان هەڵیسەنگێنن، چونکە ئەم بەرهەمانە زادەی هەڵقوڵاوی ناخمەو بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ئەزموونی عەلی جۆڵایە.

هەموو بەرهەمێکی هونەریش زادەی بیرو بۆچوونێکی ناوەوەیە. لەوە دەچێ بۆچوونەکانم لە تەعبیری نوێ و ئەبستراکت خۆی ببینێتەوە و هەندێکی زۆر بۆنی ئەبستراکتیان لێ دێت.

*** سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەی، کە مەبەستەو ڕەهەندەکان چۆن دەبینن؟**

- ئەگەر بە ڕاستگۆیانە سەرنجی وردو تێرامان بۆ تابلۆکانم بکەی بە جوان شێوازی کارکردنم دەناسرێتەوە، واتە هەندێ جار دەتوانم بڵێم لە جاران زیاتر زانستیترو هێمای جیاوازتری تێدایە و بەدی دەکرێت.

چێژ لە بەرهەمە هونەرییەکە ببینێ.

گەر بۆ گۆڕانکاری بگەڕێین لە کۆنەوە تا ئێستا هونەر وەستاو نییە...

چونکە ژیان لە گۆڕاندایە.

*** سەبارەت بە ڕۆڵی کۆلێژی هونەر. بەو سیفەتەی بەڕێزتان ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆلیجی هونەرو پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانین. ئاست و داهێنان تیایدا چۆنەو گۆڕانکارییەکان و ڕەخنەی هونەری چۆن دەبینی؟**

- بەشداربوونمان لە دامەزراندنی کۆلێژی هونەر دوای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی یەکێکە لە دەستکەوتە مەزنەکانی دی، کە شەرەف و بەشداری بوونمان تێیدا هەبوو، هەموو نەتەوەیەک بە ئەدەب و هونەرەکەی خۆی دەسەلمێنێ و جێگای ئاسایی شیاوی خۆی دەکاتەوە لە کۆمەڵگا جیهانییەکاندا. بەو هیوایەی بەرپرسان زۆر زیاتر بایەخ بەم لایەنە گرنگە بدەن و زیاتر پشتگیری هونەر بکەن.

*** ئایا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان شانۆو شێوەکاردا دەبینن..؟**

- بەڵێ زۆریش. ڕەنگ و هێماو جوڵەو میوزیشن و زۆرن ئەوانەی هاوبەشی لە نێوان ئەو دوو هونەرە، من خۆم زۆر حەزم بە شانۆیە، کاتی خۆشی وامدەزانی هەر دەبم بە شانۆکار، لە کاتی قوتابی بووم ڕۆڵم بینیوە لەسەر شانۆ و ئارەزووی نووسینی سیناریۆم هەیە و زۆر دەگەڕێم بەنێو شانۆکاندا.

هەر بۆ زانیاریتان من بە کاریگەریی باوکم، کە جۆڵایی دەکرد. نزیک بوومەوە لە دنیای ڕەنگ و شێوەکاری، ئەوکاتە هەستم دەکرد، کە ئێمەی کورد کەمتر هونەرمەندمان هەیە، بۆیە چوومە بەغدا و کۆلێژی هونەرم تەواوکرد، وەک ئەرکێکی نیشتمانی دەمویست ئەو کەلێنە لە کلتووری کوردو نەتەوەکەماندا پڕ بکەمەوە. هەروەها کاریگەری ئەوسای "رباعیات الخیام" کە وێنەکانی زۆر جوان بوو بەلامەوە و زۆربەیانم نەقڵ کردۆتەوە، زۆری کار هەبوو لەسەر بەشێوەکاری بوونم.

*** بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان و سەرەتای دروستبوونی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و مانگرتنەکەی هونەرمەندانی ئەوسا؟**

- لەڕاستیدا شەڕی هونەرمەندان ئەوساکە لەگەڵ داگیرکەر بوو لەلایەک و گرتنەبەری ڕێگای زانستی بوو لەلایەکی دیکە بۆ هونەرو نەتەوە ستەمدیدەکەمان... بەڵام بەڕاستی بوێری و ڕەوشەنفکری هونەرمەندان، خوێندکارانی ئەو سەردەمە مێژوویییەکی پرشنگدارە بۆ هونەر زۆر، لە خۆ بوردەیەوە دژی دوژمنانی نەتەوەکەمان وەستانەوە و دڵسۆزانە بەسەر جەلادەکاندا سەرکەوتن، ئەو مێژووە زیندووە هەر زیندووش دەبێت یەکێکە لەسەروەرییەکانی هونەرمەندان.

*** تا چەند کاری هونەری ئەکادیمی کارو خزمەتی دەقی هونەری لە تابلۆیەکدا دەکات؟**

- گەر بۆ گۆڕانکاری بگەڕێین لە کۆنەوە تا ئێستا هونەر وەستاو نییە.

چونکە ژیان لە گۆڕاندایە، هەر خودی خۆم. تۆ. کە لە پەیمانگە بوویت و هاتیتە کۆلێژی هونەر، کە خوێندکار بوویت، تەواوتکرد بەسەرکەووتوویی. چەندێ گۆڕان لە تۆدا ڕووی داوە. هەر تەمەنەو هونەری خۆی دێنێتەکایەوە. بۆیە پێویستە بەرهەمەکان گۆڕابێت، مەبەستم تەنها تەمەن نییە، ژیانی کۆمەڵایەتی، باری سیاسی و سەرانسەری جیهان دەگۆڕێ. ئەی هونەر چۆن ناگۆڕێت. ئەوەش سروشتییە و هەروا دەبێ.

لەبەر ئەوەی هونەری شێوەکاری هونەری تاکە کەسە تارادەیەک بۆیە پێویستە هونەرمەند لەسەرەتای دەستپێکردنییەوە خۆی مامۆستای خۆی بێت و هەوڵ بدات کە سوود لە پەروەردەکردنی بە ڕێگای زانستی دریغی نەکات. تا مرۆڤێکی نموونەیی بەردەوام خۆی لەسەر ڕاهێنان و کارکردن ڕابێنێت، چونکە هونەر جیاوازە لە بەشە زانستییەکانی ترو کۆتایی نایەت، تەمەن مرۆڤ بەس نییە بۆ فێربوون، بۆیە دەبێت بەردەوام نەوەستێ لە خۆکردن بە هونەرمەند.

*** لە بیرمە مامۆستا ساڵی ١٩٧٩ لە پێنجەمین پێشانگای هونەرمەندانی سلێمانی تابلۆیەکی گەورەی کچە جووتیارێکی لادێت پیشاندا بوو. ئەو دەمە سەرسامییەکی تەواو لەلام دروست بوو، دەمویست بزانم حیکایەتی ئەو تابلۆیە چییە، بەڵام ئێستا پرسیارەکە دەکەم؟**

- ئەو زەمەنە. بەکارتێکردنی هونەری ئەوروپا زۆرم حەزدەکرد منیش کچە کافرۆشێکی کچە جووتیارێک دروست بکەم، بۆیە بەو قەوارە گەورەیە، ئەو تابلۆیەم ئێستا کە دیمەنی کچێکی چاو سەوزی بەرگ پۆشراوی کوربوو لە نێو دەغڵێکی گەنم دا باوەش بەگەنمەکەدا کردووە و وەستاوە.

هەر هەستە نەتەوایەتییەکەو بەراوردەکەیە، کە دەبینین هونەر لە ئەوروپادا بەوشێوەیە سەرکەوتوو و تۆش دەتەوێ بگەی بەو.

بۆ نموونە کە بمویستبا جلێکی کوردی دروست بکەم دەچووم دەگەڕام چەندین شێوەی شاڵم دەبینی تا دەگیرسامەوە لەسەر ئەوەی دەمەوێ- یان سەرو مێزەری ژنانەی ڕەسەت. یان کەوای تەنگ و کراسی کوردی ڕەنگاورەنگ...

بەشوێنی ڕەنگی تایبەتدا دەگەڕام. هێڵکاریم بۆ زۆرێک لەو وێنانە کردووە، باشتر بە بۆیەی ئاوی یان باستیل کارم تێدا کردوون.

*** ئەو پەیامانە چین کە دەتەوێت بیڵێیت و بۆ دایک و نیشتمان چی دەڵێی؟**

- ئێوە ئاگادارن کە هێمای دایک لە سەرەتای دەستپێکردن لە هونەری شێوەکاریدا...چەندەها تابلۆ و پیشانگەی تایبەت لەسەری هیواو ئامانجی من بوو، چونکە دایک هێمای هەموو شتێکە لە ژیاندا کە دایک هەبێ نیشتمان و نەتەوەی پێوە دەبەسترێت.

لەسەرەتای ژیانمەوە ئەم هێمایە تا ئێستاش لەگەڵمدایە و ئەو بوارەش کە پەرستگای منە دایکەو تا دوا هەناسەم هەر پەرستگامە.

دەمەوێ بڵێم لە کۆتایی تەمەنم هیوادارم توانیبێتم ئەو ئەرکەی کەوتۆتە سەر ئەستۆم بەشێکی کەمم لێ جێبەجێ کردبێت.



هونەرمەند عەلی جۆڵا



یەکێک لە تابلۆکانی هونەرمەند عەلی جۆڵا



# ئەزموونگەریەت لە شانۆ (١٠)

**هیوا سوعاد یونس**

هەر لە سەرەتاوە باسی سەرهەڵدانی شانۆ و دیاردەو ڕێباز و شێوازی شانۆییمان کردو هەوڵماندا چەند پێناسەیەکی پڕ بە پێستی ئەزموونگەریەت و دیاردە ئەزموونگەرییەکان بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا جارێ بڕوامان وانییە ئێمە بتوانین پێناسەیەکی تایبەت یان بنچینەو سیمایەکی دیاریکراو بۆ کاری ئەزموونگەری دابنێین. ئەزموونگەریەت هەوڵ دەدات یاساو ڕێساکان تێک بشکێنێ، بەڵام یاساو ڕێسای تایبەتی نییە، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی قالبێکی نوێ کە لەگەڵ ئەزموونێکی تر یان چەند کارێکی ئەزموونگەری تر لەوانەیە تێک بشکێ و شێوازێکی تر بگرێتە بەر، دەبێ ئەوە بزانین کە هەر بەرهەمێکی شانۆیی ئەزموونێکە بۆ خۆی، بەردەوامی چالاکی شانۆیی کاری ئەزموونگەری جوانی لێ دێتە بەرهەم، مەرج نییە هەر کارێکی ئەزموونگەری نوێکاری و پێشکەوتنی لێبکەوێتەوەو شانۆ ببوژێنێتەوە، بەڵام بەردەوام بوون لەسەر کاری ئەزموونگەری بۆی هەیە بە دەرەنجامێک بگات، کە ڕێخۆشکەر بێت بۆ دیاردەی نوێ و زەمینە لەبار بکات بۆ بووژانەوەی شانۆ، لەم هەموو قسەو باسانە دەتوانین هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی شانۆی ئەزموونگەری یاخود ئەو کارە ئەزموونگەرییانەی کە کراوە بەدی بکەین لەوانە پێکدانانی دەرهێنەر وەک پاڵەوانی بوارەکەو فاکتەرێکی گرنگ لە گۆڕانکارییەکان، دەرهێنەر ئەو کەسایەتییەیە کە دەتوانێ لە شانۆدا زۆر شت بکات لە کاتێکدا تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم نووسەرە شانۆییەکان شۆڕەسواری ئەو بوارە بوون، ئەوان دیاردە نوێیەکان و گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگایان وەردەگرت و لە نووسینەکانیان بەرجەستەیان دەکردو بۆ هەر گۆڕانکاری و زەمەنێک و بارودۆخێک بۆچوونی خۆیان هەبووەو توانیویانە کاریگەرییان هەبێت لەسەر شانۆ و ستایلی پێشکەشکردن و جۆری بەرجەستەکردنی بابەتەکەو شێوازی نمایشیش گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، بەڵام دوای ئەو مێژووەی کە باسمان کرد، واتە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دەرهێنەر بووە گەورەی نمایش و زۆربەی گۆڕانکارییەکانی کە لە شانۆدا ڕوویانداوە لەسەر دەستی دەرهێنەرەکان بووە، بەڵام نووسەری شانۆش کاریگەری ماوە، وەلێ وەک جاران نا، بەڵکو زۆرجار بەدووقوڵی گۆڕانکارییەکانیان ئەنجام داوە. هەر لەو کاتەوەی "ئەلفرید جاری" شانۆیی "ئۆپۆ" لە ساڵی ١٨٩٦ و پێشکەش کرد، شۆڕشی نووسەرەکانی شانۆیی یەک لەدوای یەک دەستی پێکرد، هەر لە شانۆییەکانی سوریالی و دادایی تا شانۆی پێشڕەو و شۆڕشگێڕ لەوێشەوە شانۆی داستان. ناوی دەیەها نووسەری شانۆیی بەرزبووەوە، کە هەوڵی گۆڕانکاری و نوێکاریان داوە لە شانۆدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نووسەری شانۆیی شان بەشانی دەرهێنەر گۆڕانکاری کردووەو لە زۆربەی گۆڕانکارییەکان هاوبەش بوونە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم مایرهۆڵد ئاشکرای کرد کە "شانۆی نوێ لە ئامێزی ئەدەبەوە سەرهەڵدەدا، ئەدەب هەمیشە پێشەنگ بووە لە تێکشکاندنی شێوە درامییە باوەکان". ئەم هاوبەشییەش لە گۆڕانکاری تا ساڵەکانی هەشتاکان بەردەوام بوو، بەڵام لەوە بەدواوە دەرهێنەر توانی لە گۆڕەپانی ئەزموونگەریەتدا بە تەنها پێشڕەوی بکات و لەژێر دەستی نووسەر دەری بکات زۆربەی کارە ئەزموونگەرییەکان تێکستی شانۆیی نەبوو، زۆربەی پێناسەکانیش هەمووی دەربارەی ڕیبورتواری دەرهێنەر و ئامانج و هزری ئەوان، هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی نووسەر لە پێناسەکان نابینین، ئەمەش ئەنجامێکی ڕاستەقینەی ئەو سەرکەوتنەیە کە دەرهێنەر بەدەستی هێناوەوهەموو ئەزموونگەرییەکانی دوای هەشتاکان بەناوی دەرهێنەرەکان تۆمارکراوە، هەرچەندە دەرهێنەری ئەزموونگەری وەک ئەوانەی بەر لەخۆی کە کاری نوێکاریان کردووەو شانۆکەیان بەناوی ئەوانەوە تۆمار کراوە، بەڵام گرنگیەکی زۆریان هەیە لە برەودان بە چالاکی شانۆیی و گۆڕانکاری کردن تیایدا، هەر دیاردەیەکیش وەک باسمان کرد شتێکی لە دیاردەیەکی پێشووی خۆی لاداوەو بە لاسایی کردنەوە یاخود بێهودەو بێ سوود ناوبردووە.

دەرهێنەرەکان هەموویان لەژێر یەک ناونیشان برەویان بە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانیان داوە، ئەویش شانۆی "ئەزموونگەری"یە، شانۆی ئەزموونگەری بووە ناونیشان و ئامانج. هەروەها تێکشکاندنی توخمەکانی نمایشی شانۆییە تایبەتمەندییەکی ترە کە بەدی کراوە، ڕەخنەگران ستانسلافسکی بە مامۆستاو پایەبەرزترین دەرهێنەر دادەنێت لە جیهاندا، چونکە ئەو توانی توخمە جیا جیاکانی هونەری شانۆ کۆبکاتەوەو یەکیان بخات، ستانسلافسکی لەڕێگای ئامادەکردنی ئەکتەرەوە هەوڵی داوە توانای بەرجەستەکردنی داهێنەرانە پەرە پێبدات و ئەو توانایەی کە بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکەی یان کەسایەتییەکەی ئامادەی دەکات بە مەبەستی ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی دەق و بیرۆکەی سەرەکی کە دەقەکەی لەسەر بیناکراوە، هەرچی دەرهێنەری دوای ئەو هاتووە سوودی لە ڕێبورتوارەکەی وەرگرتووە "تەواوکەری هونەری لە نمایشی شانۆیی کە نمایشی شانۆیی وەک پێگەیەک دەناسێنێ و کە لەسەر چوار ستوون بیناکراوە.

ستوونەکانیش بریتین لە "نووسەر + ئەکتەر + دەرهێنەر + بینەر" بەپێی ئەم دانانەی ستانسلافسکی بینەر گرنگترین ستوونە، کە توانا و بەرهەمی هەوڵەکانی نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەر وەردەگرێ.

# جاران هونەر بۆ هونەر بوو



**زیاد کەریم خدر**

ئەگەر لەم ژیانەی ئێستای زۆربەی هەرە زۆرمان وردبینەوە دەبینین بە پلەی یەکەم پارەو پوول لە پێشەوەی هەموو پێداویستییەکانی ژیانەوە دێت، ئەگەرچی لەلای زۆرانیش بەم شێوەیە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دێت و سەرو ماڵ و گیانی خۆیان قوربانی ئەدەب و هونەر کردووەو بە هەژارییەوە خزمەتیان بە هونەرو خەڵکانی تر گەیاندووە، هەر بۆ ئەوەی ناوو سەروەریان بە پیرۆزی بمێنێتەوە، کەچی ئەمڕۆ هونەر وەک پیشەیەکی بازرگانی بۆتە شتێک کە هەموو ڕۆژێ دەکڕێ و دەفرۆشرێ چ کڕیار و چ فرۆشیار هەردووکیان بەیەکەوە گرنگی هونەر نازانن و لە تام و چێژی هونەر ناگەن و هونەریان لەلا خۆشەویست نییە، ئەوەی کڕیارو فرۆشیار لە یەکتری نزیک دەکاتەوە تەنها کارە هونەرییەکەیەو بۆ فرۆشتن مەزاد کراوەو لەو ڕێگەیەوە هەردووکیان دەیانەوێت هەندێک پارەو بازرگانی بەجوانی و ناسکی هونەر بکەن.

زۆرن ئەو کەسانەی کە لە خۆشەویستی و بنج و بنەوانی هونەر دەگەن و ڕێزی ئەو شتەیان لەلایەو ئەوەندەی هونەری گەلەکەیان لەلا گرنگە ئەوەندە پارەو دۆلارو ژیانییان لا گرنگ نییە، سەرەڕای ئەوەی تاڵی و شیرینی ئەمڕۆی ژیان زۆربەمانی خەریککردووەو بۆی کێبڕکێمانە، بۆ نموونە دوو کۆمپانیای گەورەی جیهانی هەن بەناوی کریستیس و سوتبیس هەر ئەوەندەیان زەحمەتە تا شوێنی خۆیان لە شوێنێکی ئەم جیهانە دەکەنەوە ئیتر دەکەونە سازکردنی ئاهەنگ و لە دواییشدا هەموو کەلوپەلێکی هونەرو ئەم ئاهەنگانە مەزاد دەکەن و دەفرۆشن، کە پەیوەندیان بە هونەرەوە هەیە، لەوانەش کەلوپەلی مێژوویی لەخۆوەدەگرێت، کە پێویستیان بە پاراستن و لێکۆڵینەوەی هونەری هەیە. یان زۆرێک لەو دەزگاو کۆمپانیایانەی، کە بۆ کاری هونەری و مۆزەخانەو هۆڵەکانی شانۆو کۆنسێرت تەرخانکراون. بۆیە پێویستە کەسانی شارەزاو پسپۆڕو ئەکادیمی بخرێنە ئەو شوێنانە، لە هەمووشیان گرنگتر ڕێزی ئەو کارە بگرن و خۆشەویستیان بەرامبەر هونەر هەبێت، نە تەنها بۆ مەبەستی پەیداکردنی پارەو دۆلار بێت و بخرێتە گیرفانی خاوەن هۆڵەکە.

ئەگەر بێتو هەڵوەستەیەک لەسەر ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو بکەین و سەیری هونەرو هونەرمەندانی ئەو کاتەی جیهانی بکەین، زەوی و ئاسمانی نێوانە، چونکە ئەو کارە هونەریانەی لە هۆڵەکانی پاریس پێشکەش دەکران چ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ ئەو کارە جوانانەی کە لە هۆڵەکانی بەیروت پێشکەش دەکران، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێزو خۆشەویستییەی لەلای خودی خاوەن هۆڵەکان هەبووە، هەر بۆیەشە ڕێزیان لە هونەرو هونەرمەند گرتووەو بەگەورەیان زانیون و پارێزگاریان لێکردوون.

ساڵانی هەشتاکان کاتێک شانۆگەرییەکیان لە هۆڵەکانی ڕۆشنبیری و گەل و لە هەولێر پێشکەش دەکرد، بە شێوەیەک خەڵک ڕووی تێدەکردو جمەی دەهات، شوێنی دانیشتن نەدەما، یەکێک لەو شانۆگەریانە حەمەدۆک بوو کاتێک گەیشتە کۆتایی و حەمەدۆکێکی نوێ لە دایکبوو دانیشتووی هۆڵەکە هەر هەموویان هەستانە سەرپێ و لە خۆشیان چەپڵەیان کوتاو خۆشم یەکێک بووم لەوانەی لە خۆشیان گریام.

هونەر ئەوکاتە تام و بۆنی خۆی هەبوو، خەڵک تامەزرۆی هونەر بوو، تەنها هونەر بۆ هونەر بوو هونەرمەند بیری لە پارەو دۆلار نەدەکردەوەو هەموویان بەگشتی هەژار بوون و زۆربەشیان بە هەژاری مردن، هونەرمەند ئەوکاتە شۆڕشگێڕبوو، سەرشانۆ مەیدانی شەڕبوو، پەیڤەکان گوللە بوون بەرەو سنگی دێوەزمەو شەوی ئەنگوستەچاو ئاراستە دەکران.

بە پێچەوانەوە ئەوەی ئەمڕۆ زۆر بە ئاسانی دەکڕێ بە هونەرو زۆر بە ئاسانی دەفرۆشرێت هونەرە. لای خەڵکانێک وایە تابلۆیەکی کێشاو ڕەنگاو ڕەنگی کرد، ئەوا هونەرمەند خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە هونەر کرد، ئەگەر هاتوو گۆرانییەکی گوت و تۆماری کردو لە شاشەی تەلەفزیۆنێک پەخشکرا، ئەوا بوو بە هونەرو هونەرمەند. مایەوە بڵێین پێش هەموو شتێک هونەر قوتابخانەیە، خۆشییە ناخۆشییە، تاڵی و شیرینییە، برسیەتییە ئەوەی نەچێتە ناو ئەو قوتابخانەیە لە هونەر ناگات و هەست بەتام و لەزەتی ناکات. هونەر ئەمڕۆ لە نێو گێژاوێکی جیهانیدا مەلە دەکات و ئەوەی ئەمڕۆ ناوی دەنرێت "الفن المعاصر" وانییە و باوەڕیان بە ڕەنگ و ڕێزمانە سەرەتاییەکانی هونەرو هونەرمەندەوە نییە تەنها بازرگانیکردنە بە هونەرو هونەرمەندان و پەیداکردنی چەندین دۆلار. ئەمەشیان نازانم تاکەی بازرگانی بەجوانی و ناسکی و خۆشەویستی هونەرەوە دەکرێت.

# یەکەمین هەست

**ئا: عەبدولڕەحمان مەعروف**

**یەکەمین وتار، یەکەمین بەرهەمی نووسین تەوەرێکی چکۆڵانە لە بەدرخان رووبەڕووی سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین و بەرپرسی دەزگاکان و شاعیرو ئەدیبانی دەکەینەوە.**
**لە دەسپێکی ئەم تەوەرەیەدا، غازی حەسەن سەرنووسەری هەفتەنامەی "بارزان" بەشداری دەکات و لێی دەپرسین: کەوا لەو دەمەی یەکەمین بابەتی بڵاوبۆوە هەستی بەچی کرد، دواتر بۆئەوەی ئەو هەستە لای گەنجێک و بەهرەدارێک پەرەپێدەیت دەڵێیت چی؟**

**غازی حەسەن:** یەکەمین شت لەژیانی مرۆڤدا بایەخی تایبەتی هەیە، رەنگە هەندێکیان باش و خۆش بن و هەندێکیشیان بێزەوەرو ترسناک. گرینگ باسی نووسین و بەرهەمی خوێندەواری تامی چێژێکی تایبەتی هەیە، بۆ من نووسین هەمیشە کۆن نابێت و هەر بابەتێک دەنووسم، وا دەزانم ئەمە یەکەمین بەرهەممەو تام و چێژی زۆری لێوەردەگرم، چونکە زۆر بەدەگمەن رێک دەکەوێت شتێک بنووسم، بڕواو قەناعەتی خۆمی تێدا نەبێت. یاخود باشتر بڵێم، نووسین لای هەمیشە نوێیەو کۆن نابێت.
نامەوێت زۆر چەنەی بدەمێ، یەکەمین وتارم لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بوو، مامۆستا زمانی کوردی ئەمینە فەندی کە نووسینەکەی بینیم، کە بریتی بوو لە ئەرکی نێو پۆل، زۆری هاندام، گوتی دەبێت لەپێش پۆل بۆ هەمووقوتابیەکانی بیخوێنیتەوە، ئا لەو چرکەیەدا هەستم کرد، مامۆستا ئەمین منی


غازی حەسەن

بردە قۆناغێکی دی ژیان و بیرکردنەوەو هەر لەو ساتەدا دەستم بە قونکە نووسین و خەت خەتۆکەو هێنان و بردنی وشەو رەوسە دانەوەی توانا سەرەتاییەکانی خۆم کرد. تاکو ئێستاش ئەو رۆژە گرینگەم لەبیر ناچێتەوەو هەمیشە بیری لێدەکەمەوە. بابەتەکەم لەسەر برسیەتی بوو، بیری چەپخوازی تێدا زاڵ بوو، لەئالێک باسی مردنی خەڵک لەبرسان و لەئالەکی دنیش فرێدانی بەمیلۆنان تەن گەنمیش بۆ ناو دەریاکان لەلایەن سەرمایەدارانەوە. گرینگ لێرەوە چوومە نێو دونیای خەنی لەخۆم خەنی نووسینەوە، لەو رۆژە ترسم لەنووسین شکا..
بەڵام کاتێک یەکەم بابەتم لە کۆلیژ لە رۆژنامەی هاوکاری بڵاوبۆوە، هەست و توانایەکی دیم لەخۆم بەدی کرد، هاوڕێکانم لە کۆلیژ هاندەری باش بوون، کە بینیان من نووسینم لە رۆژنامە بلاودەبێتەوە. ئەمە متمانەی لا دروست کردم، فێربووم چۆن بچمە نێو دونیای نووسینەوە. کاتێک وتارێکم بلاو دەکرایەوە، لە خۆشیان باڵم دەگرت. هەتا وتارەکەشم بلاو دەبۆوە، هەمیشە لەچاوەڕوانی دابووم. یەکەمین نووسین گۆڕانکاری لەژیان رۆشنبیر دروست دەکات. هەر کە ناوم کەوتە نێو رۆژنامەوە، هەستم کرد دەتوانم من خۆم بم و قوڵتر بیربکەمەوە.
سەبارەت بە بەشی دووەمی ئەو پرسیارەی لێم دەکرێت، کە من ئێستا سەرنووسەرم، چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسێک دەکەم کەدەیەوێت یەکەمین نووسین لای من بلاوبکاتەوە. بەهەمان هەست و نەستی خۆم کەلە سەرەتای دەستدانە نووسین هەمبووە، مامەلە لەگەڵ ئەو نووسەرە گەنجانە دەکەم کەدەیانەوێت بیر لە خۆیان و بوونی خۆیان بکەنەوە. زۆر حەز دەکەم نووسینی ئەو کەسانە بۆ یەکەمینجار لای من بڵاوبێتەوە. هەمیشەش هەوڵدەدەم، هاوکاریان بکەم لە چۆنیەتی نووسین و دارشتن و هەڵبژاردنی بابەت و چڕ کردنەوەی تواناکانیان بەرەو ئاراستەیەکی تایبەت. واتە من نەک تەنیا رێگرم نیمە، بەڵکە، وەکو پرۆسەیەکی مێژووی زۆر حەز دەکەم، یەکەمین بەرهەمی ئەو گەنجانە بڵاوبکەمەوە، کە جورئەتی نووسینی دەبێت. لای من خۆشترین شت ئەوەیە کە یەکەمین بەرهەمت بڵاو دەبێتەوە یا بەرهەمی یەکەمی کەسێکی دی بڵاودەکەیتەوە. چونکە بۆ من هەردوو حالەت یەک ماناو دەرەنجامی دەبێت.

# ئەحمەد مەحمود: کاریگەری هێمنم بەسەرەوەیە

**کارێکی حەتمییە گۆرانی بەبێ بوونی شیعر لەدایک بێ، وەلێ بەداخەوە لەم وڵاتەی خۆمان تەنها گۆرانیبێژان ناوبانگ پەیدا دەکەن و شاعیرانیش لەو ناوبانگە بێ بەشن، یەکێک لەو شاعیرانەی تا ئێستا کۆمەڵێک شیعری کراوەتە گۆرانی "ئەحمەد محەمەد"ە، لە دیدارێکی تێرو تەسەلدا دواندمان...**

**ئا: بەدرخان**

*** بە چی دەگووترێ تێکستی گۆرانی، یاخود بە هەموو شیعرێک دەگوترێ تێکستی گۆرانی؟**
- من تێکست لە شیعر جیا دەکەمەوە، تێکست رێکخستنی کۆمەڵێک وشەی جوانە، بەڵام شیعری گۆرانی هەیە کە ئەگەر سەیرکەی لەناو عەرەب نزار قەبانی ئەو شێوازەی داهێنا، بەوەی شیعرەکانی بەمانای وشە شیعرن، بەڵام دەشکرێن بە گۆرانی و مۆسیقای تیایە، یا لەناو فارسەکاندا ئەردەلانی سەرفراز، ئیرەجی جەننەتی عەتایی بەرهەمەکانیان شیعرن، بەڵام دەکرێن بە گۆرانی، هەندێک کەسیش هەیە خۆی ئاوازدانەرە یان مۆسیقییە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی ئەدەبی نییە، بەڵام کۆمەڵێک وشەی جوان رێکدەخاو پێی دەگوترێ تێکستی گۆرانی.

*** نووسینی تێکست لەلایەن گۆرانیبێژ یان ئاوازدانەرانەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەراغی شاعیران یان شتی تر؟**
- نەخێر لەهەموو دنیادا ئەو شتە هەیە، عەرەب و فارسەکانیش ئەوە دەکەن، جاری وا هەیە ئاوازدانەرێک یان گۆرانیبێژێکە سەلیقەی هەیە لە دانانی گۆرانی و ئاواز، ئەمە دەستی بە شاعیرێک ناگا، واتا ئەوەی لە دڵیەتی ناتوانێ بیگەیەنێتە شاعیرێک ناچار خۆی لەگەڵ کۆمەڵێک وشە دەژی و ئەم وشانە دەبنە دروستکەری گۆرانییەک کە لەگەڵ ئاوازەکە دەتوێتەوە.

*** وەک ئەحمەد محەمەد شیعر دەدەیتە چ گۆرانیبێژێک؟**
- بەر لەهەموو شتێک من شیعر دەنووسم، ئەو شیعرانە هەڵگری خەسڵەتێکی تایبەتی شیعرن و مۆرکێکی تەواوی شیعریان تیایە، هەم وێنەو هەم تەکنیک، هەم درامای شیعر، بەڵام لەناو نووسینی ئەم جۆرە شیعرەدا زۆر بایەخ بە مۆسیقای وشە و دێر دەدەم، ئەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی گۆرانیبێژێک یان ئاوازدانەرێک بێت شیعرێک هەڵبژێرێ و ئاوازی لەسەر دابنێ، ئەمە ناکاتە ئەوەی پێی بڵێی تێکستی گۆرانی، من دەتوانم بڵێم ئەوانە شیعرن، بەڵام ئەو شیعرانە دەکەنە گۆرانی و ئاوازی لەسەر دادەنێن، بەچی شیعر لە تێکستی گۆرانی جیا دەکرێتەوە، تێکستی گۆرانی چەند وشەیەکی سادەی ناو خەڵکە، بەڵام شیعر هەڵگری هەموو خەسڵەتەکانی شیعرە.

*** بۆ گۆرانی شیعر یا تێکست گرنگترە بۆ ئەوەی خەڵک زووتر وەریبگرێت؟**
- بە بڕوای من گۆرانی هەتا بیرازێنیتەوە و وێنەی شیعری و دراماو تەکنیکی تیابێ کەمە، وەکو ئەوە وایە تۆ دوو دیوار دروست بکەی، دیواریکیان کۆمەڵێک خشتە رێک هەڵیدەچنی، دیوارێکیشیان لەناو ئەو خشتەدا جوانترین نەخش و نیگاری تیا دروست دەکەی، بێگومان دیواری دووەم جوانترە، بۆ شیعر و تێکستیش بێگومان شیعر باشتر و جوانترە.

*** لەو شیعرانەت کە کراوەتە گۆرانی، کام هونەرمەند هەقی بە شیعرەکەت داوە؟**
- هەندێکیان هەقیان پێداوە و بوونەتە گۆرانی نەمریش، ناکرێ یەک یەک دەستنیشانیان بکەم، بەڵام سەرتۆپەکەیان مامۆستا کەریم کابانە، بە گۆرانی "تەمەن" کە دەتوانم بڵێم یەکێکە لەو گۆرانیانەی نەمرە، ئەگەر وەکو گۆرانی و بەرهەمی مامۆستا کەریم کابان سەیری بکەم دەتوانم بڵێم گۆرانییەکە نەمرەو دەچێتە مێژووی گۆرانی کوردی.

*** لە کاتێکدا گۆرانی تەمەن شیعرەکەی هی تۆیە، چۆن رێگا دەدەی شیعرت بکرێتە گۆرانی و ئاستی کەمتر و خراپتر بێ لە گۆرانییەکەی مامۆستا کەریم کابان؟**
- بەڕاستی یەکێک لەو کێشانەی هەمە، زۆر لە شیعرەکانم کراونەتە گۆرانی هەر گۆرانیبێژەکانیش ناناسم، چونکە لەرێی کتێبەکانم کردوویانە، بەڵام


ئەحمەد محەمەد

هەندێکی دیکەیان هاوڕێمن و هەندێکیشیان گۆرانیبێژن و خۆم پەیوەندیم پێیانەوە کردووە یان بە پێچەوانەوە، بەڵام خۆت دەزانی ئەوە نیگەرانی دروست دەکات، بەڵام دەسەڵاتیش نییە، لەوڵاتی ئێمەدا یاسایەک نییە بۆ ئەوەی تۆ کاتێک شیعرێکت دەکرێتە گۆرانی لێپێچینەوەیەک یا لێپرسینەوەیەکت هەبێ بۆ ئەو کەسە.

*** کەسێکی هێمنی، بەڵام ناخت چەندە لەناو شیعرەکانت دەتەقێنییەوە؟**
- بێگومان هەموو کەسێک لە ناخیدا دوو کاراکتەر ئیش دەکا، کاراکتەرێکی میهرەبانی و فریشتەیی، کاراکتەرێکی توندوتیژی و هەڵەشەو پڕ لە کینە، مرۆڤ کاتێک میهرەبان دەبێ کە لایەنە فریشتەییەکەی ئیش دەکا، کاتێکیش شەڕانگێز دەبێ کە لاینە شەیتانیەکەی ئیش دەکا، هەڵبەتە ئەو مرۆڤانەی کە لەناو کۆمەڵگا توندوتیژن، دیارە رەنگدانەوەی دیارە، ئەگەر مرۆڤێکیش هێمن بێ ئەمە دیارە، بەڵام نووسەر کاتێک دەکەوێتە نووسینی دەقێک و کاتێک هەڵگری ناوێک دەبێت و وەکو نووسەرێک دەردەکەوێ، ئەوکاتە دەبێ بیر لەوە بکاتەوە تەنیا موڵکی خودی خۆی نییەو بۆ خودی خۆی نانووسێ، دەبێ پانتایی خۆی فراوان بکات، تەنها لە بیرکردنەوەی خۆی نەنووسێ، ئەو پانتاییە گەورەتر بکاو بۆ خەڵکی بنووسێ.

*** لای خۆمان گۆرانیبێژ لەسەر حیسابی شاعیر و مۆسیقی دەناسرێن تۆ قسەت لەسەر ئەو باسە چییە؟**
- لەسەر ئەو بابەتە زۆر شەڕیشم کردووە لەگەڵ هەندێ گۆرانیبێژ، کار گەیشتە ئەوەی هەندێ گۆرانیبێژم ئاگادارکردەوە، کە شیعرم نەکەنە گۆرانی، بەڵام سەیردەکەم سوودی نییە، رام وایە چۆن لەدوای راپەڕینەوە میدیا وردە وردە فراوانتر بوو و ئێستا گەشەی کردووەو خەریکە دەکەوێتە سەر سکەی خۆی، پێموایە ئەو کێشەیەی ئێمەش پێویستی بەکاتە، بە تووڕەبوون و هەڵچوونی من ناکرێ، بەوە ناکرێ من هەموو رۆژێک بە کەسێک بڵێم تۆ شیعری من مەکە بە گۆرانی، وابزانم کە گەنجێکیش دێت گۆرانییەک دەڵێت ئەگەر شیعری من بەکارنەهێنێ و شیعری دوو شاعیری دیکە بەکارنەهێنێ ئەی چی بکا، دەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێ خۆ ئێمە موڵکی خۆشمان نین، نابێ مرۆڤیش ئەوەندە لەخۆی رازی بێ، جوانی مرۆڤ لەوەدایە کە خۆی لە ئاستێکی زۆر بەرزدا نەبینێ، کە ئەگەر زۆر بڕواو متمانەت لە ئاستی باڵا بەخۆت کرد، ئەوکات زوو دەپووکێیەوە.

*** قەڵەمی رەخنە لە بەرامبەر شیعرەکانی تۆ هەڵوێستی چۆن بووە؟**
- لە راستیدا لە سەرەتای نووسینمدا کۆمەڵێک نووسەری زۆر گەورە کە لەناو کورددا دەنگن، قەڵەمن، لەسەریان نووسیوم بە باشە، من کاک شێرکۆ بێکەس قسەی لەسەر کردووم، کاک حەمەفەریق حەسەن، فەرهاد پیربال و زۆر لە گۆرانیبێژەکانی وەکو ناسر رەزازی و مامۆستا کەریم کابان قسەیان لەسەر کردووم، قسەش دەکرێ بەڵام نازانم ئەمە ناوبنێم چی، سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم بە چاک بە خراپ لێکۆڵینەوە و تێڕوانینی خۆی هەبێ لەسەر شیعرەکانم، بەڵام خۆی لای ئێمە شێوازی رەخنەو لێکۆڵینەوە زۆر کەمە یان هەر نییە، ئەگەر هەشبێ ئەو کەسانەی لەو بوارە کاردەکەن ژمارەیان کەمە.

*** بە بەردەوامی خۆت بەدوور دەگری لە راگەیاندن، بۆ؟**
- خۆم کەسێکم زۆر حەزم لە دەرکەوتن نییە، باوەڕ بکە گەر بمزانیا شیعر نووسین ئەو ناوبانگ و شوهرەتە زۆرەم پێ دەبەخشێ و ئاوا دەناسرێم، باوەڕکەن تا ٧٠ شیعریشم کرابووە گۆرانی هیچ دیدارێکی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی و رۆژنامەوانیم نەکردبوو، تەنانەت لەزۆر شوێنا دەمگوت من ئەحمەد محەمەد نیم، بەڵام دوایی سەیرم کرد تازە من وەکو ئەوەی هەڵگری ناوێکم دەبێ رووبەڕووی ئەو پێگەیەی خۆم ببمەوە.

*** بۆچی تا ئێستا هەوڵت نەداوە سەرجەم شیعرەکانت لە دیوانێک کۆبکەیتەوەو بەچاپی بگەیەنی؟**
- هەندێکیم کرد بە کتێبێک، لە ئایندەیەکدا بەنیازم هەمووی بکەم بە دیوانێک، ئەو خەیاڵە لەناخمدا هەیە.

*** وەکو شیعر کاریگەری چ شاعیرێکت بەسەرەوەیە؟**
- وەکو کاریگەری بە پلەی یەکەم هێمن موکریانی، دوای ئەوە "ئەردەلانی سەرفرازی، ئیرەجی جەنەتی عەتایی، نزار قەبانی، ئەوانە زۆر کاریگەریان هەبووە لەسەر من.

## کتێبێکی دیکەی یاسایی کەوتە کتێبخانەکانەوە

**تایبەت بە بەدرخان**

**ئەکادیمیست، د.تاڤگە عەباس بوستانی کتێبی "پڕەنسیپی تایبەتمەندی جیهانی لە یاسای سزادادندا" چاپ و بڵاوکردەوە.**
**لەدوو توێی ئەو کتێبەدا کە لە ٣٧٢ لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوەو دەزگای ئاراس چاپی کردووە، نووسەر لەو کتێبەدا باس لە گرنگی پڕەنسیپی تایبەتمەندی جیهانی دەکات، کە مافی هەر دەوڵەتێک دەدات دادگایی ئەو تاوانبارانە بکات، کاتێک تاوانێکی نێودەوڵەتی یان جیهانی ئەنجام دەدەن، ئەم کتێبە لە چوار بەشی سەرەکی و پێشەکیەک پێکدێت، کە تیایدا بەشێوەیەکی گشتی چاوخشێندراوە بە ترەنسیپەکانی تایبەتمەندی تاوانی، ئەویش بە سێ باس، باس لە چەمکی تایبەتمەندی و دواتر ئاماژە بە تایبەتمەندی تاوانی لە یاساکانی سزادادندا کراوە، دواتریش تایبەتمەندی تاوانی لە شەریعەتی ئیسلام خراوەتە روو.**
**ماوە بگوترێ ئەم کتێبە نامەی دکتۆراکەی دکتۆرە تاڤگە عەباس بیستانییەو لە ساڵی ٢٠٠٩ چاپکراوە.**



## نۆڤلێت (٢٨)

# خەرەندەکانی سنوور

**کاروان عەبدوڵڵا**



عەلیرەزا هەستی بەوە کرد کە من دیقەتم لە ملپێچەکەی گرتبوو، خێسەیەکی وای بۆ کردم وەک ئەوەی پێم بڵێ ( ئەوە بۆ کوێ چووی سەران ؟) من نەمتوانی هیچ شتێکی پێ بڵێم، خۆیشم نەمزانی بۆچی نوتق گیرا، عەلیرەزا لەسەر قەرەوێڵەکەی هاتە خوارێ، زۆر بە نەرمی دەستێکی خستە سەر شانم و پێیوتم :
--- ئێمە هیچ شتێک نامانکوژێ تەنیا یادگارییەکان !
عەلیرەزا راستی فەرموو، بەڵام بە پێچەوانەکەشی هەر راست بوو، بۆیە منیش لەسەرخۆ وتم :
--- بەڵام لێرە لە رابردوو زیاتر بە چ شتێکی دیکە دەژین ؟
عەلیرەزا بەو قسەیەی منیش قەناعەتی هات، بە جووڵانەوەی سەری تێمیگەیاند کە قسەکەی منیش راستە، بەڵام بۆ ئەوەی هێندێک گەشبینم بکا و کەمێک لە کەناری بێ ئومێدی دوورم بخاتەوە دەمی هێنایە بن گوێم، وەک ئەوەی نەیەوێ کەسێکی دیکە گوێی لەو قسانە بێ، بە دەنگێکی نزم، وتی :
--- ژیان بێ ئایینده نابێ سەران !
--- بەڵام ئێرە بۆ کوشتنی ئایینده دروست کراوە !
عەلیرەزا دەستی لەسەر شانم هەڵگرت و رووبەرووم وەستا، وێدەچوو ئەمجارە بیەوێ زۆر بە جیدی لەگەڵم بدوێ:
--- راستە بەڵام ئەوان نە دەتوانن ئاییندەی خۆیان بەسەر هەموو خەڵکیدا فەرز بکەن، نەدەشتوانن ئاییندەی ئێمە بسڕنەوە .
ئەو برادەرە چاو رەش و گەشە ئازەرییە، هێندە بە جیدی و گەشبینییەوە قسەی دەکرد،هەر لەو زیندانییانە دەچوو،کە ساڵانێکی زۆریان لە نێو زیندان بەسەر بردبێ و بیانەوێ گرۆتینی بەرگری و خۆراگری بدەنە گیراوە تازەکان . شێوەی قسەکردن و بەرخوردی ئەو کوڕە وایلێکردم لە ماوەیەکی کەمدا باوەڕێکی زۆری پێ بکەم، هەر کاتێک هەستم بە دڵتەنگی کردبا، خێرا دەچوومە لای و ئەویش دەستبەجێ لە ترمزی چایەکە، پیاڵەیەک چایەکی بۆ تێدەکردم، هەرزووش دەیگوت :
--- ئاوی زیندان پاگژ نییە، ئەگەر تینوشت بێ وەک خۆم، هەر چا بخۆرەوە !
من لەو کوڕە فێربووم کە بتوانم بە درێژایی ئەو هەموو رۆژو مانگەی لە زیندان بووم، لە چا زیاتر دەمم بۆ قومە ئاوێ نەبەم، رۆژانە تا دە چام لە ترمزەکەی عەلیرەزا دەخواردەوە، لە دواییدا لە رێگەی ئەو ئافرەتەی کە بە ناوی دایکمەوە دەهاتە لام ترمزێکم گەیشتە دەست، ئیدی خووم بە چا خواردنەوە گرت . من کە لە شاخیش بووم حەزم لە چاخواردنەوە دەکرد، بەڵام زۆربەی چایەکانم بە تاڵی دەخواردەوە، خۆشترین ساتەکانی چا خواردنەوەشم ئەو رۆژە بوو، کە من و تارا دوای نانخواردنی نیوەڕۆیەک بڕیارمان دا لە بارەگاکەمان دوور بکەوینەوە و بەرەو بناری ئەو شاخە هەڵکشێین کە کەوتبوە پشت بنکەکەمان، لەوێ ئاگرێکمان کردەوەو چامان لە نێو قوتی ئاوی تەماتە لێنا، تارا لە بەرامبەر من دانیشتبوو، دیقەتی لە ئاگرەکە دابوو، نەمدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە، بەڵام لەوە دەچوو، خەیاڵی بۆ ئاییندەیەکی دوور رۆیشتبێ، من وامهەست دەکرد لە نێو خەیاڵی ئەودا پشکێکی سەرەکیم بەر کەوتبوو، دیمەنە خەیاڵاویەکەی هێندە سەیرو سەرنج راکێش بوو، هەر لەوەی دەکرد لە فیلمێکی پڕ کێشمەو درامی بڕوانێ، ئەو کاتەی چایەکەشم بۆ راگرت، هەر ئاگای لێنەبوو، ناچاربووم کەمێک شانی راتەکێنم، تارا لەگەڵ راچەنینەکەیدا بزەیەکی بۆم کردو پێڵوی چاوێکی بۆم نوقاند، وامهەست کرد رۆح و جەستەم بە نێو چاویدا رۆچوو، نوقمی دنیای خەیاڵاتی ئەو بوو، من بۆ ساتێکی کەم هیچ پەیوەندییەکم بە دنیای دەرەوەدا نەمابوو، لەپڕ پەنجەیەکی نەرم و ناسکی ئەو، بەسەر پەنجەکانمدا تێپەڕی، کە سەیرم کرد قومێکی لە چایەکە دەدا، دواتر یەکسەر پێمی وت :
-- ئەمە بۆ وا شیرینت کردووە ؟
ویستم پێی بڵێم (ئەمە زاری تۆیە شیرینە !) کەچی خێرا وتی :
-- دەتامی بکە بزانە دەتوانیت بیخۆیتەوە ؟
پەرداخی چایەکەم لێوەرگرت و قومێکم لێدا، چاوم بڕیە نێو چاوە پڕ داخوازییەکانی، لە چرکەیەکدا روومەتی سوور هەڵگەڕا، نیگام کەوتە سەر لێوەکانی، لێوەکانم وەبەر تیری نیگاکانی کەوتن، لەو دەمە خۆیشم نەمدەزانی لە کوێی ئەو سەر زەمینەم، من تەنیا جەستەیەک بووم بەهێزی بایەک کە لە نێویدا بتوێیتەوە،لە شوێنێکەوە هەڵدەکشام بۆ شوێنێکی دیکە، پەلەم بوو لەنێو جەستەیەکی دیکەدا جێگەی خۆم بکەمەوە، لەوێدا بە هەر چوار پەلم بە هەورازێکی پڕموچڕکەو خۆشیدا هەڵگەڕێم، من هیچم نەدەبینی تەنیا هاڵاوی گەرمی هەناسەکانی تارا، ئەو هەناسانە گڕێک بوون بە خوێنی جەستەمان هەڵایسابوون، من دەمم بە نێو گوڵە شەکرەکان و سێوە تورت و تەڕەکاندا هاتوچۆیان دەکرد، ئێمە نەک جەستەو رۆحمان تێکئاڵاو و ئاوێتەی یەکتر ببوون، پەیڤەکانیشمان لە نێو ئاگری هەناسەکانماندا دەسووتان، من تەنیا لە دوا چرکەکانی شەڕی جەستەکانمان، لە دوای گەمەی موچڕکەکان، گوێم لێبوو تارا وتی :
-- نەمگوت چایەکە زۆر شیرین بوو ؟
منیش بە پێکەنینەوە کە هێشتا سەروسیمام لە نێو قژە پەرش و بڵاوەکەیدا بوو پێموت :
-- بەڵێ وابوو، بەڵام دەمووزاری تۆ لە چایەکە شیرینتر بوو !
هەردووکمان بۆ دواجار توند ئامێزمان لەیەکتر وەرێناو نێوچاوانمان لەیەکتر سوواند، پێکەوە هەڵساینەوەو ئاگرو قوتیە چایەکەمان لە پاش خۆمانەوە جێهێشت .
دەمویست یەکێک لە یادگارییەکانی شاخ بۆ عەلیرەزا بگێڕمەوە، بەڵام بانگەوازێک کە لە بڵندگۆی هۆڵەکە گوێبیستی بووین ئەو دەرفەتەی پێنەدام و نەک هەر رێی لێگرتم، بەڵکو ترسێکی زۆریشی خستە دڵی هەردووکمان، عەلیرەزا کە گوێی لە دەنگی خۆی بوو، وەک ئەوەی قەت چاوەڕێی ئەو بانگکردنەی نەکردبێ، یەکسەر رەنگی سپی هەڵگەڕا، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکا، بۆ لای قەرەوێڵەکەی گەڕایەوە، شتێکی خستە گیرفانی و خێرا گەڕایەوە لای من، بزەیەکی ترسئامێزی بۆ کردم و دەستێکی خستە سەر شانم، ویستم پرسیارێکی لێبکەم، کەچی ئەو، وەک ئەوەی کەسێکی نزیکی خۆی جێبهێڵێ پێمیوت :
-- ئەگەر ئازاد بوویت، سڵاو لە (دنیا) بکە !!
ئەی خودایە ! پێدەچێ هەموو نهێنییەکی لە چاوی مندا خوێندبێتەوە، بۆچی ئەو قسەیەی بۆ ئەو ساتە ناخۆشە هەڵگرتبوو؟ دەبێ بۆ کوێی ببەن، حەتمەن دەزانێ جارێکی دیکە نایبینمەوە، ئەگینا بۆ ئەو قسەیەی کرد، من قەت عەلیرەزام بەو تێکشکاویە نەبینیبوو، ئەو ئەگەرچی کوڕێکی زۆر بێدەنگ و کەمدوو بوو بەڵام بۆ من جێگەی سەبووری و ئاوەدانی بوو، کە عەلیرەزا بۆ دواجار نیگای لە نیگاکانم گیر بوو، هەستم کرد لە ژیانیدا ئەوە بۆ جاری دووەمە زەبرێکی قورس بە حەزێکی ناسکی دەکەوێ، ئەو کات زانیم کە من بۆ ئەو لە نێو ئەو زیندانە دا چ پەیامێکی شیرین بووم، رەنگبێ قەت بە خەیاڵیدا نەهاتبێ کە رۆژێک لە رۆژان ئاوا بە رێکەوت لە نێو ئەو هۆڵە بێ ئەمانەدا منێک بدۆزێتەوە، کە بۆن و پەیام و یادگارییەکانی (دنیا)ی ئەوم پێبێت !

# با چیتر باجی ڕێککەوتن نەخرێتە ئەستۆی کورد



**پارێزەر: کەمال محێدین**

پاش هێرشەکانی هێزی هاوپەیمانی بە سەرۆکایەتی ئەمریکاو یاریدەدەرانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆ سەر ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی سەدام حوسێن و ڕووخاندنی حکومەتەکەی حزبی بەعس لە بەرەبەیانی ٢٠٠٣/٤/٩ هێزەکانی هاوپەیمانی لە سەرانسەری عێراق دەسەڵاتیان گرتە دەست و دەرگای تەلاری کۆماری عێراق و وەزارەتەکان و مۆزەخانەو فەرمانگاو کارگەو قوتابخانەو زانکۆو نەخۆشخانەو ئوتێلە گەورەکان و خانووی لێپرسراوە مەزنەکانیان والاکردو لەگەڵ خەڵکی دڵرەق و دوژمنانی عێراق کەوتنە تالانکردن و سووتاندن و تێکشکاندنی ژێرخانی عێراقی بریندار، سەرکردایەتی هێزەکانی هاوپەیمانیش لە تەلاری کۆماری جێگیربوون و کردیان بە بارەگای خۆیان، کە ناویان بە"ناوچەی سەوز"برد.

لێپرسراوەکانی ئەمریکا گەیشتنە ناوچەی سەوز و سوپاکەشیان بلاوکردەوە بۆ جێگا گرنگەکانی عێراق.

یەکەمین لێپرسراوی مەدەنی ئەمریکی، کە گەیشتە عێراق"گارنەر"بوو، لەپاش ئەو برایمەرو دوایی زەڵمای خەلیل زاد و پاشان کرۆکەرو ئێستاش"کریستوفەر هێل"بەناو وەک سەفیری ئەمریکا لە عێراق، بەڵام لە ڕاستیدا سەرپەرشتیاری کاروباری ئابووری و سیاسی و سەربازییە لە عێراق.

یەکەم هەنگاوی سیاسی ئەمریکاییەکان بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ئینگلیز کۆمەڵگای عێراقیان دابەشکرد بەسەر ٣ سێ پێکهاتەی گەلی عێراق، ئەویش پێکهاتەی"شیعە+ سوننە+ کورد"بەبێ ڕەزامەندی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق و لایەنە سیاسییەکان، هەرکەسێک شارەزای پێکهاتەی ڕاستەقینەی گەلی عێراق نەبێت گەر تەماشای ئەم دابەشکردنە بکات وادەزانێت، کە کورد نە شیعەیەو نە سوننە، واتا موسڵمان نییە، لەکاتێکدا زیاتر لە ٣ یَ بەشی کورد سوننەیەو بەشێکیشی شیعەیە، ئایا لەناو شیعەو سوننەشدا کورد نییە، بەڕاستی ئەم دابەشکردنە ژەهراوییە دوژمنکارییەکی یەکجار گەورەیە بەرامبەر گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، چونکە نەک تەنها سوکایەتییە بەرامبەر کورد، بەڵکو زوڵمێکی گەورەشە لە پێناسەی ئیسلامی کورد، لەهەمان کات بۆمبێکی گەورەو زۆر ترسناکە چێندراوە لەناو کۆمەڵگای عێراقی، هەرکاتێ داهێنەرەکانی بیانەوێ بیتەقێننەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دوودڵی تێدا ناکەن و کەسیش نییە بیان وەستێنێ.

لێرەوە سەپاندنی پیلان و ئیرادەو ویستی دەرەکی و نەتەوەپەرستی توندڕەوی عەرەب دژی گەلی کورد دەستی پێکرد، بەڵام بەداخەوە نە لایەنی کوردی نە عەرەبە نیشتیمانپەروەرەکان هیچ نارەزایی و بەربەستێکیان نیشان نەدا بەرامبەر ئەم دابەشکردنە، جا لە نەفامی یا شەرمکردن یا لەترسان بووبێت، خۆ لەو کات و ساتەدا کورد گەلێک بەهێزو قسە ڕۆیشتوو تر بوو، نەدەبوایە ئەم زوڵم و ئیهانەیە قبووڵ بکات، چونکە بەم دابەشکردنە کە پڕە لە مەرامی دوژمنکاری بەرامبەر کورد، دیسان لەڕووی ئامار و ڕێژەی کوردەوە زیانێکی گەورەیان لەکورد داوە، زۆر ئاشکرایە کە گەلی عێراق لە گەلی کورد و عەرەب پێکهاتووە، لەگەڵ کەمایەتییەکانی دینی و نەتەوەیی، واتا کورد بەشێکە لە دوو پێکهاتەکەی گەلی عێراق، بەڵام بەم دابەشکردنە بووەتە بەشێک لە ٣ سێ بەشەکەی پێکهاتەی گەلی عێراق بە حیسابی"شیعەو سوننەو کورد" ئەمەش کارێکی سلبی و خراپ دەکاتە سەر ماف و داواکانی گەلی کورد لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی.

بۆیە بەلای ئێمەوە مێژووی نەتەوەکەمان لە لاپەڕەیەکی ڕەش ئەم بێدەنگییەمان تۆمار دەکات و تۆمەتبارێشمان دەکات، بۆیە دەبێ بە جددی هەوڵبدەین ئەم دابەشکردنە پووچەڵ بکرێتەوەو پێکهاتەی گەلی عێراق بگەڕێتەوە بۆ گەلی کورد+گەلی عەرەب+ کەمایەتییەکانی ئایینی و نەتەوەیی.

ڕەنگە ئەم چەشنە دابەشکردنە لە قۆناغێکی گونجاو بۆ لوبنان یا سودان بگونجێت، چونکە هەموو بە نەتەوە عەرەبن و کێشەی نەتەوایەتییان نییە، بەڵام لەڕووی مەزهەبی جیاوازن دەبێ بە ناسنامەی دینی خۆیان بانگهێشت بکرێن و حیسابیان بۆ بکرێت، بەڵام لە عێراق دوو گەلی جیاوازو یەک ئایینی هاوبەش هەیە، بۆیە دەبێ بە ناسنامەی نەتەوەی خۆیان حیسابیان بۆ بکرێت، چونکە لەڕووی ئایینەوە جیاوازییان نییە.

لەکاتی خۆی زۆر بیروبۆچوون و ڕەخنەگرتن لەم دابەشکردنە خرایە بەردەم بەرپرسانی کورد و عەرەب، بەڵام بە بیانووی پاراستنی یەکریزی و داکۆکیکردن لە ئەزموونی عێراقی دیموکرات و فیدراڵ دابەشکردنەکەیان قبووڵکردو لێی بێدەنگ بوون.

ئەگەر ئەم دابەشکردنە بێ بنەماو زیانبەخشە بە گەلی کورد و عەرەب نسکۆی یەکەم بێت، ئەوا قبووڵنەکردنی فیدراڵییەتی نەتەوەیی و سیاسی بۆ گەلی کورد لە عێراق نسکۆی دووەم و ترسناک و پێشێلکردنی مافی ڕەوای کوردە لە عێراقی فیدراڵ و دیموکرات، زۆر ئاشکرایە کە لە ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٤ ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان بڕیاری قبووڵکردنی فیدراڵییەتی نەتەوەیی دا بۆ گەلی کورد لە عێراقێکی فیدراڵ و دیموکراسی ڕاستەقینە، کە لە نزمترین پلەکانی مافی چارەنووسی دەژمێردرێت، بە مەرجێک هەموو مافەکانی گەلی کوردی تێدا پارێزراوبێت، بەتایبەتی لەڕووی سنوور و نیشانکردن و دانانی حکومەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستان و بودجەی تایبەتی و هێزی ئاسایشی تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو مافە ڕەوایانەی دیکەی گەلی کورد لەچوارچێوەی حکومەتی فیدراڵ و دیموکراسی ڕاستەقینەی عێراق.

بەڵام بەداخەوە نە لایەنە سیاسی و دینییەکانی عێراق و نە نوێنەری ئەمریکا"بریمەر" ئەوەیان قبووڵ نەکرد فیدراڵییەتی نەتەوەیی و سیاسی بخرێتە ناو دەستووری عێراق، بەڵکو مافیان دا بەهەموو پارێزگاکان لە عێراق، کە فیدراڵییەت دروست بکەن بۆخۆیان، واتا فیدراڵییەتی کوردستان و بەسرەو عەمارەو کەربەلا و موسڵ و.. یەک پلەو پایەو ماف و ئەرک و دەسەڵاتیان هەیە، ئەو چەشنە فیدراڵییەتە شێوەیەکە لە فیدراڵییەتی ئیدی لە وڵاتێکی پان و بەرین، کە دانیشتوەکانی یەک گەل"شعب"بن، نەک لە وڵاتێکی وەکو عێراق کە پێکهاتووە لە دوو گەلی جیاواز، واتا گەلی کورد و گەلی عەرەب، بۆیە دەبوایە لە عێراقی فیدراڵ و دیموکراسی دوو فیدراڵییەت دروستبکرێت، یەکێکیان بەناوی فیدراڵییەتی کوردستان بۆ گەلی کورد، ئەوی دیکە بەناوی فیدراڵییەتی عەرەبستان یا ڕافیدەین یا سۆمەرییە بۆ گەلی عەرەب بە هەردوو فیدراڵییەت حکومەتێکی ناوەندی فیدراڵی دیموکراسی پێکبهێنن بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوەندی بەپێی دەستوور و یاسای وڵات دەکرێت، لەناو هەریەک لەم فیدراڵییەتە ئۆتۆمی بدرێت بە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکان، بەپێی قەوارەی خۆیان، ئەمە سیستەمی ڕاستەقینەی فیدراڵییەتی نەتەوەیی و سیاسییە کە کورد داوای دەکات بۆ مانەوەی لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵ، تەنها بەم شێوەیە گەلی کورد و کەمایەتییەکان خۆیان بە هاوبەش دەزانن لەم وڵاتەو بەگیان و بەدڵ پارێزگاری لێدەکەن.

نوێنەرەکانمان لەم زوڵمە گەورەش بێدەنگ و بێ هەڵوێست بوون، هەرچەندە ئێمە چەندجار ئەم باسەمان وروژاندووە، بەڵام هیچ کەس و لایەنێک نابینم خۆی بکاتە خاوەنی ئەم کێشە گەورەیە، بۆیە لێرەوە دووبارە ڕوو دەکەمەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان، کە جێگای متمانەی گەلی کوردن بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی مافەکانیان، لێیان دەپرسم ودەڵێم: ئایا ئێوەی بەڕێز ئەمجۆرە فیدراڵییەتان قبووڵە بۆ گەلی کورد و وڵاتی کوردستان، ئەو فیدراڵییەتەی، کە خراوەتە یەک تەرازوو لەگەڵ فیدراڵییەتەکانی هەریەک لە ١٥پارێزگاکەی دیکەی عێراق، ئایا قبووڵتانە ئێمە بەیەک پێوەر حیسابمان بۆ بکرێت، لەگەڵ فیدراڵییەتی بەسرەو عەمارەو موسڵ لەگەڵ ڕێزم بۆ هەریەک لەم پارێزگایانە، ئایا ئەمجۆرە فیدراڵییەتەی ئێستای کوردستان وەک لەناو دەستووری عێراق چەسپێندراوە تام و بۆنی مافی چارەنووسی لێدێت، نەخێر سەدجار نەخێر ناشمەوێ بچمەوە ناو هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی دەستوورەکەی عێراق، کە بریتییە لە ١٤٤ماددەو ٦ باب و ٩ فرع و ١٢ بەند و ٥٨٢٢وشە، تەنانەت بۆ دەرمانی بێهۆشکردنی کوردیش بە تاکە وشەیەک باسی گەلی کورد ناکات لە عێراق، تەنها لە ماددەی"١١٧"ی دەستوور دەڵێت:"یقر هذا الدستور عند نفاذه اقلیم کردستان وسلطاته القائمة اقلیما اتحادیا" بەڵام باسی حکومەتی هەرێم ناکات، واتا مەبەست لەم ماددەیە تەنها دروستبوونی هەرێمێکە لە عێراق بەناوی کوردستان لەڕووی جوگرافی هەروەک لە ئێران ناوی پارێزگای سنەیان گۆڕی و کردیان بە کوردستان، واتا ئەم ماددەیەش تینوەتی کورد ناشکێنێ بۆ مافەکانی، دەبێ ئەوەش بڵێین، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاری و بەخششی لایەنە سیاسییەکانی عێراق و دەرەکییەکان نییە، بەڵکو بەرهەمی خوێنی سەدەها هەزار پێشمەرگەو شەهیدی قارەمانی کوردستان و بەرهەمی ڕەنجدەران و تێکۆشانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بەرهەمی سەرکردە نەمرەکانی گەلی کوردە، وەک بەڕێزان:"بارزانی نەمر و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و کاک ئیدریس و کاکە دەبابەی خوالێخۆشبووش لەگەڵ شەهیدانی سەرکردە بەڕێز کاک عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و ئیبراهیم عەزۆو کاک شەهاب و بارام و جەعفەرو چەندەها سەرکردەی دیکەمان. بەلای کەمەوە دەبوایە لەبەندی یەکەم یا بەندی دووەمی دەستووری عێراقی ناسنامەی گەلی کورد بچەسپایەو نیشانە بەوە بکرابا، کە عێراق پێکهاتووە لە گەلی کورد و عەرەب لەگەڵ کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان، لەچوارچێوەی حکومەتی کۆماری فیدراڵی دیموکراسی، بەڵام لە شوێنی ئەوە زیاتر لە ١٥جار نووسراوە:"عراق الموحد الواحد غیر قابل للتجزأة...."

ئەم بۆچوونە چەوت و شۆڤێنییە، مانا لە دڵ و دەروون و بیروباوەڕی کاربەدەستانی عێراق و وڵاتانی هاوسێ و هێزی هاوپەیمانان دەکات، بۆیە قەت نەدەبوایە ئەم چەشنە فیدراڵییەت و دەستوورە قبوول بکەین، کە لەوکاتە ئێمە هێزی هەرە گەورەبووین پاش هێزی هاوپەیمانی لە عێراق.

نسکۆی سێیەم بریتییە لە کێشەی کەرکووک و ماددەی ١٤٠و ناوچە دابڕاوەکان لە کوردستان ئەگەر بچینە ناو ئەو باسە پڕ لە ئێش و ئازار و نەهامەتی و زوڵمی بێ سنوورە، ئەوە هەموو دڵسۆزێکی کورد خەجاڵەت دەبێت، چونکە تا ئەمڕۆش ئاوارەکانی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان لەژێر چادر و دیواری بلۆک دەژین، سەرماو گەرماو برسییەتیش هێزی لێ بڕیون، ئەمەش دیسان سووچی خۆمانە، چونکە نەمانتوانیوە بەشێوەیەکی عادیلانەو دیموکراتیانە ڕەفتار بکەین لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، بەڵکو بە کردەوەو کارە نارەواکانی خۆمان نەیارمان بۆخۆمان زیادکردووە، ئەوەی عەرەب و تورکمانیش نەبوو لە کەرکووک و ئەو ناوچانە، ئێستا ناڵێین کوردین، چونکە خۆشی و یەکسانیان لەژێر دەسەڵاتی کوردا نەدیت، چوارساڵمان تەواوکرد و ماددەی ١٤٠ تائێستا نەک تەنها لەشوێنی خۆی چەقیوە، بەڵکو ئاڵۆزترکراوە، سەرەڕای ئەو هەموو پارەو پوولەی خەرج و سەرفکرا بۆ گەڕانەوەی هاوردە عەرەبەکان بۆ شوێنی خۆیان، دەبینین ژمارەی عەرەب لەم شوێنانە لەزیادبووندایە.

بەڵێ بەڕێز مام جەلال شەڕی مردن و ژیانی کرد لەناو ئەنجومەنی حوکم لە بەغدا لەپێناو چەسپاندنی کوردستانییەتی کەرکووک بە سەدەها دیکۆمێنتی عێراقی و عوسمانی و نێودەوڵەتی ڕوونی کردەوە، کە کەرکووک شارێکی کوردستانییە، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانی مام جەلال بەرهەمی نەبوو، چونکە نوێنەرەکانمان بەدواداچوونیان نەکرد لەم کێشەیە تا کار گەیشتە ئەوەی نوێنەرەکانمان لەناو ئەنجومەنی عێراق دەنگیاندا بە پرۆژەی، کە کورد و عەرەب و تورکمانی بەیەک ڕێژەو ئامار چەسپاند، کە بەهیچ پێوەرو بیانوویێک نەدەبوایە نوێنەرانی کورد ئەم بڕیارە قبوول بکەن، خۆ دەیانتوانی بڕیار نەدەن بۆ بڕیارەکە بۆئەوەی لەسەرمان نەبێتە بەڵگە بۆ دواڕۆژ، هەندێ کەس دەڵێن: فشاری ئەمریکامان لەسەر بوو، خۆ لەکاتی دانانی مەلیک فەیسەڵی خوالێخۆشبوو بە مەلیکی عێراق ئینگلیزەکان فشارێکی زۆر توندیان خستە سەر کورد، بەڵام کورد دەنگی بۆ مەلیک فەیسەڵ نەدا ببێتە مەلیکی عێراق، ئێستاش ئێمە شانازی بەم هەڵوێستە دەکەین.

خۆ لە هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٧لەگەڵ هەموو فێڵ و دزی و دووبەرەکی بە ڕوون و ئاشکرا دەرکەوت، کە ژمارەی کورد نەک وەکو ژمارەی هەریەک لە عەرەب تورک نییە، بەڵکو لە ژمارەی هەردووکیان پێکەوە زیاترە، واتا دەرکەوت کە ئێمە هەڵەیەکی زۆر گەورەمان کردووە دەرهەق بە کوردستانییەتی کەرکووک و ژمارەی کورد لەم شارە، بەڵام خۆ بۆمان دەکرا لە ڕێگای پەرلەمانی کوردستان یا سەرۆک کۆمار و یا خەباتی مەدەنی لەلایەن دانیشتوانی کەرکووک و هەموو کوردستان داوای پووچەڵکردنەوەی ئەو بڕیارەمان بکردبایە، بەڵام سەدجار بەداخەوە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێمان بڵێن خیانەتتان کردووە لەسەر کێشەی کەرکووک.

نسکۆی چوارەم لە دانانی ژمارەی کورسییەکانی پارێزگاکان بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی تووشمان هات، کە بە زۆرەملێ بەسەریاندا سەپاندین و نوقەشمان لێ نەهات، خۆمان سەلماندمان، کە ڕێژەی لەدایکبووانی شاری سلێمانی و دهۆک و هەولێر نەگەیشتووەتە٥٪ بەڵام لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق چوار هەندی کوردستان منداڵ لەدایکبووە، سەرەڕای برسییەتی و نائارامی و نەخۆشی ئەم پارێزگایانە بە پێچەوانەی کوردستان، کە زرووفی منداڵبوونی تێدا زیاترە.

بۆیە ئەم بێدەنگییە بوو بەهۆی کەمبوونەوەی کورسییەکانمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

**بەشی یەکەم**

## سەلام عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان:

# هیچ پەیوەندیەکی ڕەسمیمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا نییە

**پرسی گۆنگرە و گۆرانکاریەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان باس و قسەی ناو ڕیزەکانی پارتی و هاوپەیمانەکانیشیەتی بۆ ئەم مەبەستەو چەند پرسێکی تر بە چاکمان زانی ئەم دیدارە لەگەڵ بەڕێز سەلام عبدوللا بەرپرسی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان ساز بکەین:**

**دیمانە: سۆران مارف کەریم**

*** پرسی کۆنگرەی پارتی گەیشتۆتە کوێ ؟**

- بە پێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان دەگات بڕیارە لە (١٦)ئابی ئەم ساڵدا کۆنگرە ببەسترێت ئەگەر گۆرانکاری تێدا نەکرێت، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت دەبێت ئەمساڵ کۆنگرە ببەسترێت

*** ئەولیەتی کارەکانی کۆنگرەی پارتی چی دەبێت ؟**

- هەموو کۆنگرەیەک پێدچوونەوەیە بە سیستەمی کار و پەیڕەو پرۆگرام و بەرنامەی تایبەتی خۆتدا، دانانی هەندێک بڕگە و بەرنامەی نوێ کە لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت، چونکە خۆت دەزانی ئەم پەیڕەووپرۆگرامە زیاد لە یانزە ساڵە کاری پێدەکرێت، دیارە دوای ئەو وادە زۆرەش کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە شەقامی سیاسی کوردی ڕوویان داوە، بۆیە پێویست دەکات لە کۆنگرەدا دەستکاری پەیڕەوو پرۆگرام بکرێت، سیاسەتی تازە دابڕێژرێت کە لەگەڵ ئەم قوناغەا بگونجێت، ئێستا قوناغی ڕووخانی دوای سەدامە، ئێمە جاران داوامان دەکرد ڕژێمی سەدام بڕوخێت ئێستا چەندین ساڵە حکومەتی پێشوو گۆڕاوەو ڕووخاوە بۆیە دەبێت بۆ داهاتوو بەرنامەی نوێمان هەبێت.

*** دیارە هەموو کۆنگرەیەک پێشتر پێویستی بە ئامادەکاری پێش وەختە هەیە، ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی سیانزدەی پارتی گەیشتۆتە کوێ ؟**

- تا ئێستا بە عەمەلی ئامادەکارییەکانی کۆنگرە دەستی پێنەکردووە، ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەکەین کەوا مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتیمان کۆ ببێتەوە و ڕۆژی کۆنگرە دیاری بکەن و لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرە هەڵبژێرن.

*** پرسیارێک هەیە لە ناو خەڵکدا، کە بۆچی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتی کاریگەری ڕۆڵی ئافرەتی تێدا نییە، تا ڕادەیەک کەمە ئەویش تەنها شیرین ئامیدی هەیە کەوا پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی یە لە کاتێکدا پێگەی پارتی لە ناو جەماوەری ئافرەتدا پێگەیەکی بەهێزە تا چەند ئەمجارە پارتی لە ڕێگەی کۆنگرەوە گرنگی بە بەتواناو لیهاتووی ئافرەت دەدات لە بواری کاری سیاسی خۆیدا ؟**

-ئێمە هیوادارین لە ئایندەدا ئافرەتان بێنە ناو سەرکردایەتی پارتییەوە، برواناکەم پارتی خۆی ڕێگر بووبێت لەوەی ئافرەت کەم بێت لە ناو مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیدا، بەڵام پێم وایە مەسەلەکە بۆ لێهاتوویی ولێوەشاوەیی و توانای سیاسی دەگەڕێتەوە من بڕوام وایە لەم کۆنگرەیەدا جیاواتر بێت ژمارەیەک ئافرەت بتوانن بێنە ناوسەرکردایەتی پارتییەوە، کەئێمە دەڵێین ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، کەواتە دەبێت ئافرەت ڕۆڵی هەبێت لەناو پرۆسەی سیاسیدا و بەهەمان شێوەش بۆ ناو سەرکردایەتی پارتی، ئافرەت دەتوانێت ڕۆڵی باش ببینێت .

***پارتی تا چەند هەوڵ دەدات گرنگی بەتوانا گەنج بدات لە ڕێگەی ئەم کۆنگرەیەوە ؟**

- من پێم وایە ئەمە بۆ لێهاتوویی و توانای ئەو گەنجانە دەگەڕێتەوە کەوا خۆیان دەپالێون بۆ سەرکردایەتی، ئێمە وەکو پارتی هەرگیز ڕێگر نەبووین لەوەی گەنج پێگەی خۆی بسەلمێنێت لەناو پارتیدا، پارتی هەمیشە گرنگی بە تونای گەنج داوە .

*** زۆر جار میدیاکان پشت بە سەرچاوەی نارەسمی دەبەستن و باسی ئەم باڵ و ئەو باڵ دەکەن لە ناو پارتیدا تۆ لە سەر ئەم مەسەلە یە چ تێڕوانینێکت هەیە ؟**

- ئەوەی ئەو پڕو پاگەندانە دەکات کاری میدیا ئەهلیەکانە، بروا ناکەم ململانێ لە ناو سەرکردایەتی پارتیدا بوونی هەبێت هەموو برادەران لە ناو سەرکردایەتی پارتیدا هەموویان تەبان و ئەمە کاری ڕۆژنامەی "هاوڵاتی ولڤین" و وەکو ئەم بابەتانەیە شت لە نەبوو درووست دەکەن.

*** سەبارەت بە پرۆسەی هەلبژاردنی ٣/٧ پارتی توانی زۆرترین کورسیەکانی پەرلەمانی عێراق لە سەر ئاستی کوردستان بە دەست بهێنێت، چی لە پشت سیاسەتی سەرکەوتنی پارتی بوو، لە هەڵبژاردنەکاندا ؟**

- ئاشکرایە سەرکردایەتی پارتی سیاسەتێکی حەکیمانە پەیرەودەکات، هەڵوێستە مەردانەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی جێی دڵخۆشی جەماوەر بوە و پارتی هەرگیز لەسەر مەسەلە نەتەوەیەتییەکان سازشی نەکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی پارتی خاوەنی پێگەی بەهێزی جەماوەری بێت.

*** پارتی لەسەر ئاستی کوردستان توانی سەرکەوێت و زۆرترین کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت کەچی لە سلێمانی بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٥ پارتی نزیکەی (٨٠٠٠)هەزار دەنگی لە دەست داوە تۆ هۆکاری ئەمە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە ؟**

- بەپێی ئامار و داتای ڕێکخستنەکانمان ژمارەی ئەندامان لە شاری سلێمانی لە چاو ئەو ساڵەدا زیادی کردووە، بەڵام هەموو ئەو ئەندامانە مەرج نییە بەشداری پرۆسەی هەلبژاردنیان کردبیت، ئەمەش من دەیخەمە ئەستۆی دەنگدەر وئەندامانی خۆمان نەوەک بۆ شکستی حزب لە سلێمانی.

*** پەیوەندییتان لەگەڵ یەکە ئیدارییەکانی سلێمانی لە چ ئاستێکدایە؟**

-ئێمە لەگەڵ هەموو یەکە ئیدارییەکانی شاری سلێمانی پەیوەندیمان باشە، بەڵام خۆت ئەزانی هێشتا دوو ئیدارەیی سیمای ماوە کە هیوادارین ئەمە نەمێنێت .ئێمە وەکو پارتی بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاروباری فەرمانگە حکومییەکان وەرنادەین.

*** هەندێک گلەییان لە ئەدای کارکردنی تۆ هەیە لە سلێمانی، بۆ ؟**

- چۆن گلییەیان لە ئەدای کارکردنی من هەیە .

*** بۆنمونە ئەو لێدوانەی کارگێڕێکی لق (ڕەئوف ڕەباتی ) کەوا لە گۆڤاری لڤین بڵاوکرایەوە؟**

- ئەو جۆرە قسانەی کادرێک لە دەرەوەی کەناڵە حزبیەکان دەیکات ئێمە هیچ ڕازیمان لەسەر نیە و کارێکی ئینسانێکی حزبی مولتەزم نیە، خەڵکی حزبی ملتەزم لە ناوکەناڵەکانی ناو حزبدا دادەنیشتێت و ڕەخنەی خۆی دەگرێت و پێشنیاری خۆی دەکات، نەوەک لە ڕێگای گۆڤارێکی نەیارەوە کە خۆی تەرخان کردووە بۆ دژایەتی پارتی دیموکراتی کورددستان و مێژووی بەرزان و بنەماڵەی بارزانی و مەکتەبی سیاسی ئەو برادەرەی بانگ کردووە بۆ لێپرسینەوە و ئیستا بۆ زانیاریتان ئەو برادەرە لە ماڵەوە دانیشتوە.

*** زۆریک لە ئەندامانی ئێوە فەرمانبەری حکومەتن، کەچی تاوەکو ئیستا ناوچەیەکی فەرمانبەرانتان نیە، باشە ئەو ئەندامانەی ئێوە کەی دەتوانن کاری حزبی خۆیان لە دوای دەوامی فەرمانبەرایەتی بکەن؟**

- لەبەر ئەوەی ئالیەتی کارکردنی ڕێکخستنی ئێمە تاوەکو ئێستا لەسەر ئەساسی شوێنی جۆگرافی بووە. منیش لەگەڵ ئەوەدام ناوچەیەکی فەرمانبەران لە سنوری سلێمانی بکرێتەوە.

*** لە شەری ناوخۆدا ژمارەکی زۆر خەڵک زیانی پێکەوت و ئاوارەبوون هەنگاوەکانی قەرەبوو کردنەوەی ئە و خەڵکانە بە کوێ گەیشتوە ؟**

- ئێمە چەندین جار راپۆرتمان ئاراستەی سەروو خۆمان کردووە داوامان کردووە بۆ قەرە بووکردنەوەی ئەو کەسانەی کەماون قەرە بوو بکرێنەوە.

*** پەیوەندیتان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا چۆنە ؟**

پەیوەندییەکانمان لە هیچ ئاستێکدا نیە، هیچ پەیوەندیەکی ڕەسمیمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا نیە، گۆڕان کەسانێکن خەڵکی ئەمشارەن و ئێمەش وەکو خەڵکی ئەمشارە زۆربەی هەرە زۆریان دەناسین و دۆستایەتیمان لەگەڵیاندا هەیە. بەڵام وەکو پەیوەندی سیاسی هیچ پەیوەندییەکمان نییە.



سەلام عەبدوڵڵا

# کۆمپیوتەر و ڕۆژنامەگەری کوردی



**لقمان قادر ڕواندزی***

**پێشەکی**

زمان، داب و نەریت، کەلچەر ئەو بنەما سەرەکینانەن بۆ پێکهینانی هەر نەتەوەیەک، کوردیش وەک نەتەوەیەکی زیندووی سەر گۆی زەمین بەهۆی پاراستنی بابەتەکان چەندین ساڵ بێ حوکمەت و فەرمانڕەوا بووە، بەڵام بە ژیری، زیرەکی هوشیاری خۆی توانیویەتی نەک لاوازبوونیان پێوە دیار بێ، بەڵکو بیانکاتە هوکار بۆ دەوڵەمەندی و بڵاوبوونەوەی زیتری لە نێو تاکەکانی خۆیدا.

**ڕاستییەک هەیە دەڵێن :**

دوژمن بۆ زاڵ بوونی بەسەر هەر کۆمەڵگەیەک هەوڵ دەدات کاریگەریی نێگەتیڤانەی لەسەر زمان بکات، وەک فەرەنسییەکان کە لە جەزایر کردیان، ئێستەشی لەگەڵدا بێت گەلی جەزایری زمانی فەرەنسی لە زمانی دایک باشتر دەزانێت.

رژێمی بەعس لە شەستەکانی سەدەی بیست تا ڕووخانی لە کۆتایی سەدەی بیست و یەکدا، هەموو هەوڵی بۆ تێکدانی ئاستی رۆشنبیری و لەیەک جیاکردنەوەی دەستەواژەکان و کردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە بەهەردوو زاراوەی سۆرانی و کرمانجی بوو، هەرچەندە هەموو هەوڵەکانی سەری نەدەگرت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:-

**یەکەمیان:-** پلانەکانی بە زۆڵی دەکرد،بە شێوازێک لە هەندێک ناوچە لەبەر مەزلومیەتی خۆیی، دۆست و هاوکاری لە رەگەزی عەرەب پەیدا کرد، ئەمانەش پاڵەپەستۆی لەسەر خەڵک کەم دەکردەوەو هێمنییەکی پێ دەبەخشین و پشت ئەستوورتری دەکردن بە کێشە مێژووییەکان، هەرچەندە ئەم گروپە ژمارەیان زۆریش نەبوون، بەڵام دیاربوون و هەست بە دەنگیان دەکرا.

**دووەم:-** بوونی ڕاگەیاندنێکی بەرامبەر کە بەردەوام لە هۆشیارکردنەوەی و پێدانی ئامۆژگاری بە جەماوەری ژێردەستی، لەگەڵ بوونی ئەم ڕاگەیاندنە زۆر ئاسایی و ساکار بوون، بەڵام لەبەر ڕاستگۆییان کاریگەرییان وەک مانگی شەوی تاریک دیار دەکەوت، بە بوونی ڕادیۆ، بڵاوکراوەی بەیاننامە، کە ئەم سەردەمە دەست بە دەست بڵاودەبوویەوە، خەڵکی پڕ جۆش و خرۆش دەکرد.

**هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆبەکارهێنانی فۆنتی کوردی** (Font)

دوای ڕاپەڕین هەلێکی زێڕین هاتە کایەوە، بۆ سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ، بەتایبەتیش پاش سەرهەڵدانی مانگی دەست کرد، کە بووە هۆکار بۆ بڵاوبوونەوەی پەخشی (T.V) و بێ تەلی.

بۆ یەکەم جار کە کۆمپیوتەری کەسی ((PC)) بە شێوەیەکی چاک لە کوردستان بڵاوبوویەوە، بەڵام گرفتێک هاتە پێشەوە ئەویش ئەوەبوو، نەتواندرا بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی سوودبەخش بێت، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆئەوەی، چونکە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان بەتایبەتی کۆمپانیای "IB.M"، دواتریش کۆنپانیای "Microsoft" هیچ وڵاتێکی جیهان پاڵپشتی لە کڕینی پرۆگرامەکان نەدەکرد تا وەکو بە زمانی کوردی وەریان بگێرێت و پیتی کوردیش ببێتە یەکێک لە چەندین جۆرە پیتەکانی تر، کە بەکار دەهێنرێت .

زمانی فارسی کە خاوەن دەوڵەتێکن و پێش ئێمەش بۆ ڕۆژنامەگەری کۆمپیوتەریان کردبووە ئارمانج، دوای راپەڕین بە بەرنامەیەک دەستکرا بە بەکارهێنان پێی دەوترا (الناشر الدولی) تا رادەیەک چاکبوو، بەڵام هەندێک گرفتی هەبوو، ئەم بەرنامەیش بە ڕێگەی ئەو بەڕێزانەوە هاتە کوردستان، کە لە ئەوروپا و ئەمەریکا دەژیان، بە تایبەتی ڕێزدار دکتۆر بەرهەم ...ئەم هەوڵانە تەنها بۆ کۆمپیوتەر لە جۆری (I.B.M.) بوون، هەرچەندە کۆمپیوتەری (Apple، Mac) زیاتر بۆ خزمەتگوزارییەکانی ڕۆژنامەگەری و چاپ و بڵاوکردنەوە دەشیا، بەڵام لەبەر گرانی و نەبوونی لە کوردستان تا ڕادەیەک کەمتر بەکار دەهێندرا.. ئێستا زۆربەی دەزگا ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەکانی ناو هەرێم ئەم جۆرە کۆمپیوتەرە بەکار دەهێنن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار :-

**یەکەمیان:-** ئەم جۆرە کۆمپیوتەرانە، کە داهێندراون تەنها بۆ بواری ڕۆژنامە گەری بەکاردەهێندرێت و هیچ کارێکی تری پێوە ناکرێت، واتە پسپۆری بەخۆیەوە دیتووە و لە هەموو جیهان ڕۆژنامەگەری بەم جۆرە کۆمپیوتەرانە چاپ و دیزاین دەکرێت. لەم ماوەی دواییەش لێرە هەمان ڕێچگە گیراوەتە بەر ئەم کۆمپیوتەرە بەکاردێت هەر بۆیەش ڕۆژنامەگەری کوردی بە شێوەیەکی یەکجار، جوان و رازاوە و مۆدیرنانە دەردەچێت بە کەمترین کات و بە کواڵتەیەکی یەکجار بەرز..جاران گەر ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک بە هەفتەیەک یان چەند هەفتەیەک تەواو دەبوو و چەندین هەڵەشی تێدەکەوت..بەڵام ئێستا بە کەمترین کات دەتواندرێت ڕۆژنامە یان گۆڤار ئامادە و چاپ بکرێت..ئەوەی جێگەی دڵخۆشیشە ئەوەیە ئەمڕۆ چاپخانەی وا نوێ گەیشتوونەتە هەرێم، کە ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە لەگەڵ کۆمپیوتەر و پێویستی بە بەکارهێنانی فیلم و کەرەستە کۆنەکان ناکات بەڵکو بە بوونی تۆڕ (Network) گۆڤار یان ڕۆژنامەکە لەسەر کۆمپیوتەر یەکەمین جار تایپێت دەکرێت و دواتریش دیزاین و ڕەنگەکان ئامادە دەکرێن.

**دووەمیان:-** ئەم کۆمپیوتەرانە بۆ هیچ کاری تر بەکار ناهێندرێن وەک کۆمپیوتەرەکانی تر نین.بۆیە وا داهێندراوە کە هەموو ئامراز و پێداویستی ڕۆژنامەگەری بۆ فەراهەم کراوە لە ڕووی کەم کردنەوەی کات، زوو گەیشتن بە ئارمانج، شیکار کردنەوەی سیمبولەکانی ڕۆژنامەنووسی، یەکخستنی هەموو ڕێنووس...هتد.

یەکەمین جار لە شاری دهۆک و بە تایبەتیش برادەرانی زانست توانیان "Font" لە شێوازی عەرەبی بگۆڕن بۆ شێوازی کوردی بۆ ئەو پیتانەی کە لە زمانی کوردی بەکارناهێنریت، وەک پیتەکانی "گ، ڤ، چ، ژ، پ " و داهێنانی (^) ی سەرەوە و (v) ی خوارەوە..

هەرچەندە ئەم کارە زۆر چوارچێوەدار بوو و خەڵکانێکی زۆر نەیاندەتوانی بەکاری بهێنن، لە سەرەتا هەندێک گرفتی هەبوو و تەنها بۆ یەک جۆر بوو...

هەوڵەکان بەردەوام بوون و ژمارە و جۆری (Font) ەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ لەزیادبوون و کێشە و گرفتەکانی چاپ و دەرنەچوون کەم کرانەوە و ئێستا لە هەموو بەرنامەکان تێکەڵ دەکرێن و بۆتە هۆکار بۆ پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری خێرای کوردی و زیاتر بڵاوبوونەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان و ڕووەو پسپۆری بەخۆیان بێنن، کە بۆ هەموو گۆڤاری تایبەت دەربچێت چ پزیشکی، ئەندازەیی، ژینگە ...هتد.

بەرنامە تایبەتییەکانی وەک Photo shop و Auto Cad ئەمڕۆ پیت و ڕێنووسی کوردی تێیدا بەکاردەهێنرێت بەجوانکاری، ئەم بەرنامانەش تەکانێک بە ئاستی زانستی و ڕۆژنامەگەری، وێژەیی سەری هەڵدا، ئەوەی جێگەی زۆر خۆشحاڵیشە لە بەرنامە جیهانییەکانی تایبەت بە بەرنامەڕێژی وەک "Oracle"،" "V.B"، کە سەرتاسەری جیهانی داپۆشیوەو لە ژمارەی بەکارهێنەر و سوودبەخشبێت. ئەم بەرنامانە " Font"ەکانی کوردی تێدایە و لە کاتی بەرنامە ڕێژی دەتواندرێت بەرنامە بە زمانی کوردی دابڕێژیت، بە پێچەوانەی "Fox Pro"، کە ناتواندرێت پیتەکانی " ژ، چ، ڤ، ێ،ڕ، پ" تێدا نییە، بۆیە سنووردارە لە بەکارهێنان.

بەرنامەکانی "Office" کە لە ژمارەیەک بەرنامە پێک دێت بۆ سەرجەم بوارەکان داهێندراون لە دامودەزگا حوکمیی، کۆمپانیا، دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکاندا ڕۆڵیان هەبووەو هەرێمی کوردستان بۆتە ناوچەیەکی پڕشنگدار لە ناوچەکە بە گشتی و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا . هەرچەندە بوونی دیموکراتی وەک تەریب بوون بۆ پرشنگداری تاقیکردنەوەکەمان بە تایبەتی وڵاتە ئەوروپییەکان بەچاوێکی ڕێزو ستایش بۆی دەڕوانن چاکیش دەزانن، کە میللەتی کورد میللەتێکە دەتوانێت خۆی بگونجێنێت و هەوڵەکانیش تا ڕادەیەک بۆ خۆی بقۆزتەوە.

* **ماستەر لە** (I.T.)











## کاکەم گۆتێ

**سەرتیپ جەوهەر**

## هەڵەو .. واسیتەیە

لەگەڵ پەسندکردنی بودجە ئیدی دەنگوباسی دامەزراندنی فەرمانبەران گەرموگورترین هەواڵی ناو وەزارەتەکانە، لەئێستاوە هەزاران واسیتەو خۆ گەیاندنە کونوقوژبنەکان دەستی پێکردووە، ئیدی هەریەکە لەڕێی دۆست و برادەرو خزمانییەوە، باروودۆخێکی سەیری لەنێو وەزارەتەکان دروستکردووە، ڕەنگە مودیری مەکتەبی وەزیرەکان لەهەموان باشتر بتوانن باسی ئەو کێشەیە بکەن، چونکە هەتا یەکێک ڕازی دەکەن دوانیان لێ زویر دەبیت، یەکێک نامە دەهێنێ و یەکێکی دیکە تەلەفۆن ئەوی تر خزمی کاکەو..تاد.

کاکم دەیگۆ یەک لەوەزارەتەکانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بەپێی بودجەو میلاکی ئەمساڵ تەنها ١٥٧ کەسێکی بەرکەوتووە دایانمەزرێنێت، واتە مافی دامەزراندنی تەنها ئەوەندە کەسەی هەیە، لەوەش خراپتر لەو ژمارەیەش تەنها ٧یان لەدیوانی وەزارەت دادەمەزرێن ئەویتریان دابەشبووە بەسەر بەڕێوەبەرێتی و فەرمانگەکانی شاروشارۆچکەکانی کوردستان، خۆشمان دەزانین دوو ئیدارەیی هێشتا هەر هەیەو ئەگەر وەزیر سەر بەهەولێر بێت ناتوانێت پشیلەیەکیش لە سنووری سلێمانی دابمەزرێنێت و ئەگەر سەر بە سلێمانیش بێت، ئەوا ناتوانێت فەرمانبەرێک لەسنووری هەولێر دابمەزرێنێت.

بەهەرحاڵ، کاکم گۆتی وەزیرەکە ئێستا سەریسوڕماوە لەوەی چی بکات و کام نامە بخوێنێتەوەو کام تەکلیفیش قەبوڵ بکات، لەوەش گەڕێ لەئێستاوە سەنتەرەکانی حزبی بەتایبەتیش لەسنووری هەولێرو لقەکانی سلێمانی دەستیانکردووە بەناردنی تەزکییەو بەلێشاو خەڵک بەتەزکییەوە دەنێرنە وەزارەتەکان بۆ دامەزراندن.

بەپێی چەند بەڵگەنامەیەک نەک لەشوێنە نزیکەکانی هەولێر بگرە لە شارەزوورو سلێمانیش لقەکان دەستیان بەناردنی تەزکییە کردووە، لەوەش خۆشتر تەزکییەکان لەوەزارەتی پەروەردە وارید کراون بۆئەوەی کاریان پێبکرێت و بەو پێیەی وەزارەتی پەروەردە زۆرترین میلاکی بۆ دانراوە لەبودجەی ئەمساڵ، کەچی هەر حزبەکەی (لق) بوو عەرقەلەی بۆ بودجە دروستدەکرد لەپەرلەمان بۆ بڕیارلێدانی، ئێستاش پێش هەموو لایەنێک تەزکییە دەنێرنە حکومەت نەخاسمە دەزگای پەروەردە بۆ دامەزراندن.

کاکم گۆتی مودیری مەکتەبی وەزیرێک لۆی باسکردم کە مەسەلەی دامەزراندن بووە بەکێشەیەکی گەورە، نووسینگەی تایبەتی وەزیر دەیان و سەدان نامەی وەرگرتووە سەدان تەکلیفیشکراوە لۆ دامەزراندن، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی دامەزراندنیش دراوە بە وەزیر ئەوەندەی دیکە ئیحراجی لۆ وەزیرو نووسینگەی تایبەتی دروستکردووە.

لێرەدا جێی خۆیەتی پێشنیازێک بخەمە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی مەسەلەی دامەزراندن و بەتایبەت حکومەتی هەرێم لە فەرمانبەری کەم نییە، ئەویش بەدانانی پێوەرێک لەهەموو وەزارەتەکان بگیرێتەبەر ئینجا بەدانانی لیژنەیەکی تایبەت بێت یان پڕکردنەوەی فۆرمێکی تایبەت بێت و پلەو نمرەی لەسەر بێت بۆ ئەوکەسەی پڕیدەکاتەوە بەپێی بڕوانامەو شارەزایی، تەنانەت ئەگەر تاقیکردنەوەی عەمەلیشی لەگەڵدابێت ئاسایی بێت، ئەوکاتەش وەزیرەکان و نوسینگەکانیان و خەڵکانی دیکەش، کە واسیتەیان پێدەکرێت لەدەست ئەو کێشەیە ڕزگاریان دەبێت و هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت لەو ڕێگەیەوە خەڵکی شیاوتر وەرگرێت بۆ پڕکردنەوەی میلاکاتی، نەک خەڵکانێک لەڕێی تەزکیەی لق و دەزگا حزبییەکان کوێرانە لە وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەت وەرگیرێن بێ ڕەچاوکردنی بڕوانامەو لێهاتویی و تەمەن و باری خێزانیی.

## تەنــــــز

مامۆستایەک ئامۆژگاری قوتابییەکانی دەکرد، دەیوت: "پاساری باڵندەیەکی جوان و بێ زەرە، نابێ بەردی تێبگرین یا بیگرین و بیکوژین". ئەو مامۆستایە لەو قسانەدا بوو پاسارییەک بە ژوورکەوت، بە ئاسمانی ئەو ژوورەدا هات و چوو تا جیقنەیەکی تەڕو لینجی بەردایەوە سەر سەری ڕووت و لووسی مامۆستاکە. قوتابییەکان بەو دیمەنە دایانە قاقای پێکەنین، مامۆستاکە جیقنەکەی سەرە ڕووت و لووسەکەی بەکلێنکسێک سڕییەوە، چاوی هەڕەشەی دایە پاسارییەکە و وتی: "ئەمن ئەوە دەمێکە بەشان و باڵتان هەڵدەدەم و بەرگریتان لێ دەکەم، کەس نەتانگرێ و ئەزیەتتان نەدا، کەس نەتانکوژێ، ئەوەش چاکەو پیاوەتیتانە" کە ڕووی کردە قوتابییەکان، بە نەزاکەتەوە وتی: "کوڕینە ئێوە لەسەر هەقن و من ناهەقم بۆ ئەو قسانەی لە پێشەوە کردم، لەمەودوا گەردەنی باب و باپیرتان خۆش و ئازابێ دەستیان لێ مەپارێزن چۆن، بۆتان ڕێک کەوت ڕاویانکەن، ئەزیەتیان بدەن و بیانکوژن".

سروشتی مرۆڤ وایە زۆرجار کە دەدوێ بەگفت و لفتێکی شیرین زمانی دەگەڕێنێ، کاتێکیش ناخۆشییەک دەبینێ، ئۆقرەو حەوسەڵەو ئارامی لێ هەڵدەگیرێ، دەتەقێتەوە.

مارفی ئامۆزام بە پیاوە قرچۆکەکە ناوی دەرکردبوو، ڕەزیلیەکەی گەیشتبووە ئاستێک چاوی بەوە هەڵنەدەهات کەس بچێتە ماڵی و پاروە نانێکی لەلا بخوات نەک هەر ئەمە، بەڵکو بەرامبەر ماڵ و مندالەکانیشی قرچۆک بوو، بە دینارو درهەم حیسابی لەگەڵ دەکردن، ئەوەش وایکردبوو بەحەسرەتی هەموو شتێکەوەبن.

مارف بۆ قسەکردن بەهاری دێنایە سەر چۆکان، گفت و لفت شیرین بوو، دەچووە داوەتی هەموو کەسێک، بەڵام داوەتی کەسی نەدەکرد، ئەوەندەی لە بازاڕ یەکترمان ببینییایە چ قسەیەک خۆشە، ئەو قسەیەی دەکرد و زوو زووش دەیوت: "ئامۆزا ئەوە بۆ سەرێکمان لێ نادەی و جەمێک لەلامان بمێنییەوە؟". هەر جارەی بەبیانوویێک خۆم لەو داوایەی دەزییەوە تا دواجار ئەوەم بە خەیاڵ داهات بچمە سەردانی و بەدەستی کیسەیەکی پڕ لە گوێزی هەورامی چوومە ماڵیان، وەلێ خۆی لە دەرەوە بوو، ناچارمام لەگەڵ عەزیزی کوڕە گەورەی بمێنمەوە تا نیوەڕۆ دێتەوە. عەزیز وتی: "دانیشتن بەبێ قسەکردن دانیشتن نییە با بەخۆمان یارییەک بکەین". کیسە گوێزەکەی کردەوە، کەوتە گوێز هاوێشتن، نەجارێک و دوان و دە ئەوەندەی پێموت حەزم لەو جۆرە یارییانە نییە، قسەکردن لەگەڵی بێ سوود بوو تا ڕقم بۆوە دەستم گەیاندە یەک لەو گوێزانەی بۆی هاوێشتبووم، بەتوندی گوێزەکەم بۆی هاوێشت، ئەفسووس لە شانسی من خۆی نەوی کرد، ڕێک گوێزەکە بەر پەنجەرەکەی پشتی کەوت، جامەکەی لەسەرڕا هێنایە خوارێ، جام بووە بیست و پێنج پارچە.

عەزیز هەربەوە نەوەستا وازبێنێ، نەختێک چووە ئەولاتر، دووبارە کەوتەوە گوێز هاوێشتن، نە جارێک و دوان و دە، دووبارە پێموت: "کوڕە وازبێنە حەزم لەو یارییە حیزانە نییە". قسەکردن لەگەڵی بێسوود بوو تا ڕقم هەڵسا بەناچاری تا لە کۆڵم بێتەوە دەستم گەیاندە یەک لەو گوێزانەی بۆی هاوێشتبووم، بەتوندی گوێزەکەم بۆی هاوێشت، ئەفسووس لە شانسی من خۆی نەوی کرد، ڕێک گوێزەکە بە قورگی ئەو کەڵەشێرە شامییە کەوت، کە نزیکەی ٣-٤ کیلۆ دەبوو، کەڵەشێرەکە لرخە لرخێکی لێوە دەهات و لەجێوە مردار بۆوە، بەوە ڕانەگەیشتین سەری ببڕین، بەمە عەزیز دوو زەڕی گەورەی پێکردم.

بەرەبەری نیوەڕۆ مارفی ئامۆزام لە بازاڕ گەڕایەوە، دوای بەخێرهێنانم، کە چاوی بە جامی پەنجەرەکە کەوت ئەوە شکاوە بەری چاوی تاریک داهات، بە تووڕەییەوە وتی "ئەوە چ بێ ئەخلاقێک ئەو جامەی شکاندووە؟". عەزیز وتی: "وەڵلا بابە ئەو بێ ئەخلاقەی جامەکەی شکاند، ئەو ئامۆزایەت بوو". مارف وتی: "ئەی هاوارم هەیش چما پارە وا بەئاسانی خڕ دەبێتەوە تا وا بەئاسانی پەنجەرەیەک بشکێ؟". ناچارمام پاساو بێنمەوەو بڵێم: "عەزیز ڕاستی نالێ، کیسەیەک گوێزم بۆتان هێنا، ئەو کوڕە هیچ و پیچ و بێ حەشرو نەشرەت کەوتە گوێز تێگرتنم، نە گوێزێک و نە دوان و دە تا ڕقم بۆوە دەستم گەیاندە گوێزێک تێیبگرم و لەکۆڵ خۆمی بکەمەوە، لەو گوێزەی هاوێشتم، خۆی نەوی کرد گوێزەکە بەر پەنجەرەکەی پشتی کەوت و جامەکەی وردو خاش کرد".

مارف وتی: "دەی هەرچەندە زەرەر ناخۆشە بەهەرحاڵ چونکە یەکەمجارە دێیە ماڵم با ئەو جامە بە قوربانتبێ". کە ڕووی کردە ژنەکەی: "ژنەکە وەرە پارەت دەمێ بڕۆ لەو دوکانەی بەرەوە مریشکێکی کیلۆیی سەربڕاو بکڕە، ماقوول نییە لە ساڵان ئەوجارە ئەو ئامۆزایە بەڕێزەم بێتە ماڵم و خواردنێکی باشی نەدەمێ".

ژنەکەی وتی: "مادام ئەو ئامۆزایەت هێندە لا خۆشەویستە بۆ کەڵەشێرە شامییەکەی بۆ نەکوژینەوە".

مارف شڵەژا، وتی: "نا. نا، باسی کەڵەشێری شامی مەکە، ئەو کەڵەشێرەم لە ڕۆحی خۆم زیاتر خۆش دەوێ، وەرە پارە ببەو مریشکێکی سەربڕاو بێنە". لەو قسانەیدا ئاوڕێکی بەلای کۆڵێتی مریشکەکان دایەوە تەماشای کرد ئەوە کەڵەشێرە شامییەکە مرداربۆتەوە، هێندەی دیکە تووڕە بوو، وتی: "وەی، وەی، ئەمڕۆ دەڵێی نەهاتییە ئەی ئەو کەڵەشێرە بۆ وایلێهاتووە".

عەزیز وتی: "وەڵا بابە ئەوە ئەو ئامۆزایەت وایلێکردووە".

ناچارم پاساو بێنمەوەو بڵێم: "عەزیز ڕاستی نالێ، کیسەیەک گوێزم بۆتان هێنا، ئەو کوڕە هیچ و پیچ و بێ حەشرو نەشرەت کەوتە گوێز تێگرتنم، نە گوێزێک و نە دوان و دە تا ڕقم بۆوە دەستم گەیاندە گوێزێک تێیبگرم و لەکۆڵ خۆمی بکەمەوە، لەو گوێزەی هاوێشتم، خۆی نەوی کرد، گوێزەکە بەر ملی کەڵەشێرەکە کەوت، سەیرم پێهات لرخە لرخێکی لێوە هات و یەکسەر مرداربۆوە".

ژنەکە وتی: "مارف دەی درەنگە ئەگەر پارەم دەدەییێ بچم لەو دوکانەی بەرەوە مریشکێک بێنم".

مارف تووڕەتر بوو وتی: "مریشکی چی، تەڕەماشی چی، میوانێک پەنجەرەکەم لێ بشکێنێ، کەڵەشێرم لێ مردار بکاتەوە ئەوە کەی ڕاستە مەگەر قوزەڵقورت بخۆم، نا. مریشک پێویست نییە".

بەو قسانە بەری چاوم تاریک داهات، وتم: "هەی پیسکە چما من لەبرسا مردووم ئەگەر لەبەر قەدری نەبێ چ ئیشم لە ماڵتانە خەڵک لەخۆڕا ناڵێن مارف قرچۆک و لە برسا مردییە، ئەوە ڕۆیشتم".

پێم هەڵێنا، هەرچەند وتی: "ئێ دەمەڕۆ دەی قەینا مریشکت بۆ لێ دەنێین".

وامدەزانی گوێزم بۆ دەژمێرێ، بێ خواحافیزی ڕێ و ڕێ گەڕامەوە ماڵ.



**شاخەوان عەلی حەمەد**

# نەورۆزەکەی (دکتۆر مەولود ئیبراهیم)م خوێندەوە

## عەبدولواحد دیبەگەیی

((کورد عەقڵی کوردانەی خۆی دۆڕاندووە، بۆیە لە خۆدۆزینەوەی خۆی خەمسارده)).
لە ژمارەی "١٣٧" ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٠/٣/١٧ی هەفتەنامەی بەدرخان، بابەتی: نەورۆز بێ خاوەن نییە، کە بەڕێز دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن نووسیبووی خوێندەوە، ئۆخژنم هاتێ؛ بەڵام بارتەقای خۆشییەکە خەمی دامێ!، ئۆخژنم هاتێ چونکە خۆی لە قەرەی بابەتێکی زۆر ئاڵۆزکراو داوە، کە ڕەنگە نووسەرە بروانامەدارەکانی تر بەم زهنە زانستییە خۆیان لە قەرە نەدابێ. ئەگەرچی قۆناغی ئەمڕۆمان ئەمەی لە شارەزاو نووسەران دەوێ، کە دنەی کێشەی مێژووی نەتەوایەتی بدەن، لە ڕوانگەیەکی ئیستمۆلۆژی و سیسیۆلۆژی، تۆژینەوەکان بە توانای پڕ لە بەهرە و داهێنان پێشکەش بکرێ. نەک هەر خەریکی (ڕاوح) پێکردنی عەقلی کورد بین لەسەر شێوە (ئیستۆکە)کۆنە دەقپێگیراوەکە، ئەمڕۆ دەبێ نووسەری خۆ بە خاوەن زان و نووسەری هەگبە تژی لە زانستی مێژوویی، هەموو ئەو درۆ و بوختانانە لە هەوکی کورد دارنێ، کە ١٤٠٠ ساڵە دەقەبەلمان کراوە و عەقلی کوردی تێکداوە!. دۆزی کورد، ڕەچەڵەکی بنەچەکەی کورد ئێستاش هەر لەو (ئیدیۆم)ەی، ڕەگەزپەرستان دەربازی نەبووە، کە بۆیان (جغز) کردووین!داگیرکار ئەگەر وجودیشی نەمابێ لە باشووری کوردستان سێبەری ماوە! خەڵکانێکی ماوە بە سەروسیما کوردن، بەڵام بە هەمان عەقڵی داگیرکار دەڕوانێتە کورد و کوردستان، (ئەو عەقڵانەی کە لە دەباغخانەدا دەبغ کراون، ئەگەر بۆنی عەتری بکەن دەپشمن!!)... چونکە بوونەتە توتی داگیرکار!. کەواتە ئەرکی نووسەری ئەمڕۆمان ئاسان نییە، بگرە دەبێ بێ هەدادان لە تۆژینەوە و تەتەڵەکردن دابێ تا ئەو هەموو ژەنگە لە بەرۆکی عەقڵی کورد دەکاتەوە! لە ئێوارەکەی ٢٠١٠/٣/١٧ لە کونسوولخانەی فەڕەنسی کە بارەگاکەی لە هەولێری پێتەختە، کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بەهاوکاری سەنتەری ڕۆشنبیری فەڕەنسی سازیدا لەگەڵ چەندان نووسەری باڵاو و سیاسەتمەداری کوردو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشداریم کرد لەو سیمینارەی بەڕێز دکتۆر (مەولود ئیبراهیم حەسەن)، کە دەربارەی نەورۆزو ریشەی کۆنی مێژوویی نەورۆز بوو. دیارە چەند ڕۆژێ پێشتر ڕاگەیەندرابوو جەماوەری خوێنەرو ئێمەی بەشدرابووش وا تێگەیەنرابووین خاڵی سەرەکی کۆبوونەوەکە بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە سەر داوای هەر یەک لە – حکومەتی ئێران، تورکیا، ئەفغانستان، ئازەربایجان، تورکمانستان، تاجیکستان – بڕیاری داوە – نەورۆز بکاتە جەژنێکی جیهانی!! بەڵام ئەم خاڵە لە کۆڕەکە خەفەکراو، نەورووژێندرا! بۆ؟!! وەڵامەکە لای دەستەی هەڵسووڕێنەری کۆڕەکەیە!!، بەڵام تەقاندنەوە و بەرگوێ خستنی ئیفرازاتەکەی ئەوەی لێ کەوتەوە، ئاخۆ بۆ؟!! ١- حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەک ئەو هەشت دەوڵەتەی ناوچەکە لە کات و شوێنی خۆیدا یاداشتی خۆی پێشکەش نەکردووە؟! لە کاتێکدا تێکڕای کورد، نەورۆز بە مولکی کورد دەزانین؟!! ٢- ئایا نەتەوە یەکگرتوەکان قەناعەتی وایە کە نەورۆز هی ئەو وڵاتانەیە، کە داوایان کردووە؟! یان وڵاتەکان نەتەوە یەکگرتوەکانیان ناچار کردووە ناوی کوردی تێدا نەبێ؟! ئەمانە هیچی لای شەقامی کورد دیار نییە، چونکە حکومەتی هەرێم (قوڕ قەپی) لێکردووە. ٣- ئایا لەم سەین و بەینەی کە کارەکەی تێدا پەسەند کراوە نوێنەری کورد لە کوێ بووە؟!.
دەگەڕێمەوە سەرخاڵی دووەم: دڵنیاین حکومەتی کوردستان نوێنەری پێکهاتەی کوردستانە و بەرپرسی یەکەمە لە مافەکانی نەتەوەیی و مێژوویی و، لە جوگرافیای کوردستان، هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشتووە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکە هەتا قیسی یاداشتیشی نەداوەتە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم خاڵە گەلێ گران دەوەستێ لە سەر حکومەتی هەرێم، دەبێ ساغی بکاتەوە بۆ ڕۆڵی نەبووە؟ ئایا نوێنەرەکەی لە گوێی گادا خەوتووە، یان هۆکاری تر هەن بەربەست بوون لە پێش خۆ بە خاوەن نەکردنی نەورۆز لە مینەری نەتەوە یەکگرتووەکان؟! دکتۆر مەولود پەنجەی تاوانبارکردنی بۆ کورد ڕاکێشاوەو دەڵێ: کەچی میللەتی کورد – لەم ڕووداوە گرنگ و جیهانی و نێونەتەوەییە نە دەست پێشکەری کردووە..) خەتاکە هی دەسەڵاتی کوردە نەک قەواعید. لە برگەیەکی تریدا دکتۆر دەفەرموێ: لە نەتەوە یەکگرتووەکان ناوەشێتەوە...)، لێرەدا جەنابی دکتۆر تاوانێکیش دەخاتە ئەستۆی – نەتەوە یکگرتووەکان، بەڵام کاکی بەڕێزم ئەگەر من نەتوانم خۆمت پێ بناسێنم، ئەگەر من نەیەم و داوای هەقی خۆم نەکەم لە تۆ، تۆ چۆن دەزانی من هەم و مافیشم هەیە، بۆچی کورد (پەپووە نێچیری بۆ بێتە کونێ)!! ئەی کورد ناڵێ:(دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە) یان دەڵێ: لە تۆ هەرەکەت لە خواش بەرەکەت)، ڕاستە دوێنێ بە داگیرکراوی کورد بۆی نەدەلوا لە خۆی بپێچێتەوە؛ بەڵام ئەمڕۆ لە عێراق و لە جیهانیش پێ تەرازووی کورد سەنگایی خۆی هەیەو دەستمان دەگاتە هەموو شوێنێ. (نابێ چیتر کلاومان لەسەر نێن)، نابێ هەموو تاوانەکان بخەینە ئەستۆی دەرەوەی خۆمان!!. ئەگەر بڵێین کورد هێشتا نەتەوە نییە! ڕووناکبیرانمان بە توانج و پەللار دەمانهارن!! نەفرەتمان لێدەکەن! بەڵام ئەگەر بڵێی کاکی ڕۆشنفکر وەرە نەتەوایەتی نەتەوەی کوردم پێ بسەلمێنە، ئەوا (لە گایێ گوێچکەیەکی لێ دەزانن)!!. ئەگەر بڵێی ئەو خاکەی ئەمڕۆ لەسەری دانیشتووین پێشتر هی گەلانی تر بووە! دیسان بە قەباتت دەبەن، بەڵام لەبەر بێ ئاگایی لە مێژوو ناتوانن بیسەلمێنن ئەم خاکەی کوردستان لە کەیەوە تاپۆکەی هی کوردە.
ئێستاش نایزانن سنووری جوگرافیای کۆنی کوردستان چەند بووە و تاکوێ بووە!!. بەڵام ئەگەر ڕەخنەیەکت گرت یان هوشیارییەکت دایە پەیوەندداران، ئەوا لەجیاتی ئەوەی دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی تۆ بۆ پێش گرتن لە بێ ئاگایی و لە ناشارەزایان، ملت دەگەیەنن بە پەتەکە!! کاکی دکتۆر: شرۆڤەیەکی جوانی نەورۆزو ریشە مێژووییەکەی کردووەو (بەسەر چۆپی گری) ئەم بابەتەی دادەنێم، چونکە ئێستا هیچ پسپۆڕێ، ئەکادیمیستێ وەک ئەو قووڵ نەبۆتەوە لە ناوەڕۆکی زاراوەی نەورۆز و پەیوەندی کۆنینەی بە خاکی کوردستانی و بە کوردەوە، ئەگەرچی هێشتا توێژینەوەی قووڵترو وردترو زانستی تری دەوێ؛ بەڵام دکتۆر تاکە کەسە سکەکەی دۆزیوەتەوە، تەنها بەم ڕێگەیە دەرەنجامی ڕاستەقینەی پەیوەندی نێوان کوردو نەورۆز دەدۆزرێتەوە، ڕوناکبیرانی کورد بە هەموو ئاست و جۆرەکانییەوە دان بەوە دادەنێن، کە خاکی کوردستان (لانکەی شارستانیەتە)؛ بەڵام بەشی هەرە کەممان نازانین کوردستان چۆن لانکەی شارستانیەتە و لەسەر دەستی چ نەتەوەیەک ئەم گەشەکردنەی بە خۆیەوە بینیوە؟ لەم لانکەیە، لە کوێ و لە چ قۆناغێکدا کورد ڕۆڵی خۆی تێدا بینیوە؟!، کورد چەندەمین نەتەوەی ئەم خاکەیە؟ ئایا لە نەتەوەیەکی تر ئەم خاکەی زەفتکردووە؟ لەچی و لە کوێ شوێن پەنجەی کورد بەلانکەکەوە دیارە و هەیە؟! هەر ڕووناکبیرێ بگاتە وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە؛ بێگومان دەبێتە کوردناس، دەبێتە پسپۆڕێ چیتر بە شرە سیپارەی داگیرکاران ناخەڵەتێ! جەنابی دکتۆر مەولود دەفەرموێ: کورد بەم مێژووە دوور و درێژەی کە هەیەتی، بەو جوگرافیایە پان و پۆڕو پڕ لە ڕووداوە ئاڵۆزە، زۆر کەم لەمێژووی خۆی دەزانێ، ئەوەش کە دەیزانێ پێویستی بە پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوە هەیە. دەڵێم: دەستت خۆش دکتۆری برام، دکتۆر بۆ خۆدۆزینەوە (سەرەداوێکی خستۆتە بەردەستمان و لە ڕێچکۆلەی


عەبدولواحید دیبەگەیی و د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن لە کۆڕی کوردبوونی نەورۆز

ئەم سەرەداوە باریکە – سێ جۆرە – مێژوومان پیشان دەدا، دە کاکی ڕۆشنبیری خەمخۆر فەرموون (ئەمە گەز و ئەمەش جاو) دکتۆر چاکی پێکاوە؛ بەڵام شتی لەمانەش بەهێزترو ڕاستترو ڕەسەنتر هەن بۆ خۆدۆزینەوە؛ بەڵام دیسان لەبەر بێ ئاگایی ڕۆشنفکران لە مێژوو، ئەگەر لەم سەرەداوە باریکەی بەڕێزتان دەرچین، لە جیاتی دەستخۆشی و دان پیانان بە هەقیقەت، پێشوەخت تاوانت دەخەنە پاڵ و زاراوەی نەشیاوت دەقەبەڵ دەکەن!! بێ ئەوەی لە چەمکەکەت بگەن چاڵت بۆ هەڵدەکەنن!! وەک پەندەکەی لێدێت (دەستی کوێرە بۆ سەر خەزینە ڕادەکێشێ ئەو دەستی خۆی دەکێشێتەوە)!! من لەمێژە دەخوازم لێزانێکی ئاکادیمی هەڵکەوێ لە دەرەوەی زانستی زانکۆ بگەڕێ بە دوای خۆدۆزینەوەدا، چونکە زانکۆکانی کوردستان لە سەردەمی ڕژێمەکانی پێشوو، هیچ بەرنامەیەکی هاندەری خۆدۆزینەوەی کوردی تێدا نەبووە هەر مێژوونووسێک و توێژەرێک ئەگەر بەوەندە لێگەڕێ، کە سنووری بۆ کێشراوە، ئەوە ماڵی کورد وێرانتر دەبێ!! چونکە هەموو زانستەکانی پێشوو تەنها خزمەتی بەرژوەندی داگیرکاران دەکات، نەک خۆدۆزینەوە! جەنابی دکتۆر خاڵێکی تری جێگیرکردووە زۆر گرنگە دەفەرموێ: دواجار هیوادارم ئەم داواکارییەی میللەتی کورد بە داوایێکی ڕەسمی قبووڵ بکەن و وەڵامی ڕەسمیش بدەنەوە و بیسەلمێنن.



هەفتەنامەی بەدرخان ژ٣٣ی تایبەت بە نەورۆز

جەنابی دکتۆر سەرجەم بابەتە بە پێزەکەت، بە تایبەتی ئەم خاڵەی سەرەوە گوزارشتێکی ڕاستەقینە لە کوردایەتیت دەکات، لە خەمخۆریت، لە هەست کردنت بەرانبەر مێژوو، درک کردنە بەو غەدرە گەورەی، کە لە کوردو مێژوو، کلتوورو، شوناسنامەکەی کراوە، بۆیە، بە تەنها باڵی و بەم لە خۆرادیتنە سنوورە دەق پێگیراوەکانت بەزاندووەو؛ بەڵام بۆ ئەوەی بەری ڕەنجەکەت بەربێنی، دەبوو نووسەران و مێژوونووسان لە پێکهاتەی چین و توێژەکان لە پەرلەمان – بیکەن بە فەرتەنە، لەلایێ سەرزەنشتی پەرلەمانی هەرێم و حکومەت بکرایە، کە بۆ وا بێئاگان سەبارەت بەم کارە چارەنووسسازانە، لەلایەکی تر جەخت لە پەرلەمان و لە حکومەت بکرایە، لەڕێگەی چەندان نوێنەری لێزان و خەمخۆر – لە دەرگای نەتەوە یەکگرتوەکان بدرابا ئینجا هەرچی (لۆبی) کوردی هەیەو هەموو کەناڵە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن لەڕێگەی حکومەتەوە – هاندرابان، تێکڕاو پێکرا بێ سرەوتن، گوێچکەی جیهانیان کاس بکردایە، تا دان بە هەقیقەتەکە دادەنێن، ئەم کارە بەم شێوەیە جگە لەوەی عەقڵی کورد وەئاگادەهێنێتەوە بەرەو کوردایەتی ڕاستەقینە، نەک حزبایەتی، دەبوو بە وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتی جیهانیش، دەبوو بە گەفێکی جەماوەریش بۆ دەسەڵات تا چیتر خەمسارد نەبێ بەرانبەر دۆزی کورد لە دەرەوە. بەڵێ دکتۆر ئەمەی کە تۆ بە تەنها باڵی کردووتە، داوای هەموو کوردێکی و یژدان زیندووە، تەنها داوای ئەوانە نییە، کە لەسەر کە و لی کورد دەلەوەڕێن و فریان بەسەر کوردەوە نییە! بەڵێ دکتۆر، تۆ یەکەم کەسی هەوڵتداوە، کوردو عەشتارو تەمووزو نەورۆز لێکتر گرێ بدەیەوە. بەڕاستی سێرەت پێکاوە. بێجگە لە بەڕێزتان لە ساڵانی پێشوو چەند نووسینێک کراوە دەربارەی سۆمەرییەکان و پەیوەندیان بە کوردەوە؛ بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا ناشارەزایی لە ئارادایە لە مەڕ پێکهاتەو پەیوەندییەکان و هۆکارەکانی یەک ڕەگەزی، وەک پێویست خۆی لە قەرە نادرێ! ئەوەتا – مونجید- دەڵێ: سۆمەرییەکان، گەلێکی غەیرە عەرەبن، لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین لە باشووری عێراقدا نیشتەجێ بوون، شارستانیەتێکی زۆر مەزن و پێشکەوتوویان هەبوو، دەسەڵاتیان بەسەر دەوروبەر، دادەشکا، گەلانی دوای ئەوان لە عێراق و دەوروبەرەکەی، سوودیان لە هەموو شتێکی وان دەدیت، لەو سەردەمیش جگە لە ئێمەی کورد هیچ گەلێکی تر ناوی نەبوو لە قادێی عێراقی کۆن. هەر مونجید دەڵێ: سین = خودای مانگ، خودای سۆمەرییەکان بوو، لەسەردەمی –نەمرودیش- کە ئێستاش گردێک هەیە لە دوای زنجیرە چیای – ماکۆک – بەلای ڕانیەدا، پێی دەگوترێت، قەسری نەمرود – جگە لە چەندان ئاسەواری تر، کە ئێرە جێی نییە، لەو سەردەم لە ڕۆژانی – جەژنی نەورۆزدا- تێکڕای خەڵکەکە لە ئاوایی دەهاتنە دەر و لەبەر مانگەشەو (تقووسییەکانیان) بەکاردەهێنا یەکێ لە گۆرانییەکانیان، کە ڕووبەڕووی مانگ دەوەستان دەیان گوت: سون، سون، سین. بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی لای من هەن – سەرەتای دەسەڵات، بێتواتە= بت + واتە = ماڵی بت، ماڵی بت پەرستی = خوداپەرستی) پێتەختی – سۆبارییەکانی = سۆمەرییەکان – بووە، بەر لەوەی بخشن بۆ دەشتایی و قەراغەکانی هەر دوو ڕووباری دجلە = دەچلە، و فۆرات، حوکم بەسەر هەموو عێراقدا بکەن. سپایزەر دەڵێ: مەبەست لە خۆرییەکان ئەوانەن، کە بە (سۆبارییەکان) ناسراون.
سیدنی دەڵێ: بەشی خۆرئاوای وڵاتی (شۆباری) لە هەزارەی دووەمی پێش زایین، جیابۆوە لە بەشی خۆرهەڵاتی ناوی نرا – خۆری)). واتا خۆرییەکان لقێکی سۆبارییەکانن. دوژمنان زۆر لەمێژە کار لەسەر ئەوە دەکەن زانیارییەکان بشێوێنن! ناوی کورد ناشیرین و شوونبزر بکەن!، هەر ئەم کوردەی ئەمڕۆیە دوێنێ ناویان ناون، سۆمەری، سۆباری، کیشی = کاسی = کاشۆ، کەسیدم، لۆلۆ، گۆتی، ماد، میدی، میتانی، هیکسۆسی، شوانکارە، نەبەتی، ئارامی = هەورامی، خۆری، ساسانی، عەجەمی. هتد.
هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە بووە، کە ئێمە دوێنێی خۆمان لێ بزربێ، ڕاستە هەندێ لەمانە دەوڵەتەکانیان بە ناوی بەرەبابەکانیان ناساندراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، ڕۆشنفکرانی ئەمڕۆ بە فیتی داگیرکاران – دەمێ میدییەکان نەکەن بە کورد، سەردەمێ ناوێکی تر فت کەن، گۆیە کورد نین!! لە هەموو ئەمانەش بەهێزتر ئەوەیە، لەسەر گۆی زەوی هیچ شتێ بە پیرۆزی نامێنێتەوە، ئەگەر پیرۆزییەکە بە ئاسمان و عەقیدەوە نەبەسترێتەوە؛ بەڵکو هەموو ئەمانە کوردی عەیار ٢٤ ن و هەر لەسەر دەستی ئەوانەوە، نەک هەر کوردستانی گەورە؛ بەڵکو هەموو عێراقیش ئاوەدان کراوەتەوە، هیچ نەتەوەیەکی تر پێشی کورد حوکمی لە عێراق نەگێڕاوە، کورد هەر بەمەش نەوەستاوە، ئەوەتا (نەبەتە) کوردەکان، کۆنترین خەڵکی عێراقن و مەزنترین شارستانییەتیان دامەزراندووە، نووسینیان داهێناوەو جگە لە عێراق وڵاتی (شام)یشیان ئاوەدان کردۆتەوە، ئەم شام-ەی کۆن، ئەمڕۆ پێکدێ لە (سوریا، فەلەستین، ئوردن، لوبنان)، ئەو ئاسەوارانەی کە ئەمڕۆ لە شام دەدۆزێتەوە بەڵگەی بەهێزی شارستانیەتی ئارامییەکان = هەورامییەکان، نەبەتەکانن، توێژینەوەکان سەلماندوویانە، کۆنترین جۆتێری عێراقی باشوورن، بە قەد تۆزقاڵێکیش گومان لەوەدا نەماوە، کە نەبەتەکان هەمان سۆمەرییەکان = سۆبارییەکانن، لێکۆڵینەوە زانستیەکانی جیهانی و بیانی سەلماندوویانە، کە هەموو ئەو گەلانەی لەدوای سۆمەرییەکان حوکمی عێراقی دوێنێیان گێڕاوە، لە سومەرییەکان، زانست و نووسینیان، وەرگرتووە. شەپۆلی گۆتییەکان، ئەو گۆتیانەی کە لە یاوەرەکانی ناو کەشتییەکەی (نوح) و پاشکەفتن، گۆتییەکان = جودییەکان، کە حوکمی هەموو عێراقیان دەگێڕا و سەرەتا – کەرکووک = ئارابخا-یان کردە پێتەختی خۆیان، ناویان لە خاکی عێراق نا خاکی پیرۆز = کاردونیاش= کار – واتا خاک – نیاش واتا پیرۆز یان خودا، واتا عێراق = خاکی خودا، چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا = خودا بۆ خۆی ئەم خاکەی = وڵاتی جودی پیرۆز کردبوو، نەوەکانی کەشتییەکە، هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەی کەشتییەکەی لێ نیشتبۆوە ئاگریان دەکردەوەو دەیانکرد بە جەژن، واتا جەژنی نەورۆز. کەواتە سەرەتای پیرۆزکردنی خاکی کوردستان و ئاگرکردنەوە و نەورۆز بۆ ئەو ڕۆژگارە دەگەڕێتەوە. ئێمە کە لە نەورۆز دەدوێین دەبێ ئاوڕ لە پیرۆزییەکەی بدەینەوە، دەبێ ئاوڕ لەو شوێنەش بدەینەوە، کە نەورۆزی لێ پیرۆز کرا. پێش هەر شتێ دەبێ بزانین خاکی کوردستان پیرۆزترین شوێنی سەر زەوییە، بە شاهیدی و بە بڕیاری خودا: ئەوەتا خودا لە قورئان بەم دوو ئایەتە دەیسەلمێنێ، کە کوردستان پیرۆزترین پارچە زەوییە، کاتێ کە (نوح = بابە نەوا = بابە نۆ) چووە ناو کەشتییەکەی نەیدەزانی چارەنووسی لە کوێ دەکەوێتەوە، هەر هێندەی پێکرا لە خودا بپاڕێتەوە لە (پیرۆزترین شوێن) دابەزێ و فەرمووی: (ربی أنزلني منزلا مباركا)= پەروەردگارم لە شوێنێکی پیرۆزم دابەزێنە. خودا فەرمووی: (وقضى الأمر واستوت على الجودي)= بڕیارمدا و کەشتییەکەم لەسەر کێوی – جودی کۆدی گۆتی دابەزاند، دابەزینەکەی ڕێکەوتی سەری ساڵی کوردی بوو، سەرەتای بەهار بوو، ڕۆژی یەکەمی نەورۆز بوو، هەر ئەمانیش کە کەوتنە سەر هیشکایی لە خۆشیان و بۆ چێشت لێنانێکی بە کۆمەڵ – ئاگریان کردەوە، ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەم ئاگرە بووە ڕەمزی یادکردنەوەی ئەم دەربازبوونە و تا ئەمڕۆش دەقی پێوە گیراوە.

**چیرۆکی / کاوە و زوحاک = ئەژدیهاک**

من لە تۆژینەوە دەستنووسەکەی خۆم لەمەڕ (سوڕەتی فیل)ی نێو قورئانی پیرۆز، بە پشت بەستان بە دیراسە زانستییەکانی پسپۆڕانی جیهانی، ئەوەم بۆ ساغ بۆتەوە، کە (ئەسکەندەری گەورە) ئەوەی لە قورئان ئاماژەی پێکراوە بۆ خۆی؛ چونکە لەسەر ڕێبازی (حەزرەتی ئیبراهیم.س) خودا پەرستی دەکردو، بۆئەوەی تۆڵەی (حەزرەتی ئیبراهیم.س) بکاتەوە، لەشکرێکی مەزنی ئاراستەی (عێراق) کردووەو پێشەوای لەشکرەکە کوڕی یەکێ لەو ئیماندارانە بووە، کە لە (عێراقەوە=کوردستان) لەگەڵ (حەزرەتی ئیبراهیم.س) کۆچیان کردووەو چوونەتە (شام) ئەم لەشکرە دەسەڵاتدارانی (عێراقی=کوردستانی) ئەو سەردەمی لەناوبردووەو، هەموو عێراقی گرتووە.. کە زۆر نزیکە ئەو (کاوە)یە، ئەو سەرلەشکرەی (ئەسکەندەری گەورە) بێ. هەندێ لە کتێبەکانیش دەڵێن: ئەو سەرلەشکرە (خدری زیندە) بووە، جگە لەوەی ڕووداوەکانیش زۆر لێکترو لەسەردەمی (نەمروود) نزیکن، هەمووشی هەر لە کوردستان قەوماوە، دڵنیام لێکۆڵینەوەی پتری لەسەر بکرێ هەموو ئەگەرەکان دەبن بەڕاستی و دەسەلمێندرێ، کە هەمووی بە پەیوەندی بە (کوردو بە نەورۆزو بە ئاگرەکەوە) هەیە.
دیارە عەقڵی کورد بەوە دەقی گرتووە، کە ساڵانە یادی نەورۆز دەکەنەوە، جاران لە گوندەکانیش بە گوێرەی تواناو، لە شارو شارۆچکەکانیش شانۆگەری – زوحاک و کاوە- نمایش دەکرا،، ئەمە بەجۆرێ لە عەقڵی کورددا ⟵

یادەوەری

# سەعدون فەیلی و سەلام برزۆ لە قوتابییە جەربەزەکانی حەفتاکان بوون



**حاجی مەمۆ**

لەساڵی ١٩٧١ دا، هەرچەندە بەعس بۆ مەبەستی تایبەتی عەقلی نەخۆشی خۆیان سوودی زۆریان لێوەرگرت . بەهەنگاوێکی بوێرانە نەوتی عێراق خۆماڵی کرا . بۆ ڕۆژی دوایی سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵک، بەتایبەت لە بەغدادی پایتەختدا ڕژانە سەرشەقامەکان، ئاهەنگ و شایی و لۆغان هەموو کونج و کەلەبەرێکی گرتەوە . لە بەغداد بڕیاری ڕێپێوانێکی جەماوەری گەورە ڕێکخرا، کە لەگۆڕەپانی ( المیدان ) دەستی پێدەکرد و لەگۆڕەپانی (التحریر ) کۆتایی دەهات و خەڵکەکە بەدەوری ئەو شوێنە کۆ دەبوونەوە . لەبیرمە ئێمەی قوتابیانی کورد لەزانکۆی بەغداد و المستنصریە لە دروشمە نوسراوەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەریز لەو ڕێپێوانەدا ڕێمان دەکرد . دروشمە نووسراوەکان زۆرتر هەر پیرۆزبایی ئەو هەنگاوەو بەشان و شەوکەت هەڵدانی برایەتی کوردو عارەبانەوە بوو ..لەناو ئەو حەشامەتەدا چەند قوتابییەکی گورج وگۆلی وەک یاسین ئەنوەر کەرکوکی و عەزیز مەحموود، کەوتنە دەست پێشکەرییەکی بوێرانەی داهێنانی پەچەکردارێکی هوتافە بێتامەکانی ئەو ڕۆژەی قوتابییە بەعسی و زۆربەی عارەبەکان، کە لەلایەن خۆیانەوە وەک گەڕەلاوژێ کەوتبوونە گوتنەوەی دروشمی شۆڤینییانەی خۆیان ( نفط العرب للعرب ) و شتی دیکەش . ئەوە بوو یەکەمجار شەهیدانی نەمر یاسین و عەزیز لە پێش هەموو کەسێکەوە چوونە سەرشانی چەند قوتابییەکی دیکەو بەم دروشمە دەنگیان هەڵبڕی . ( تمر العرب للعرب، نفط العراق للعراق ) . ئەوەبوو ئێمەی قوتابیانی کورد هەرچەندە لەچاو ئەو خەڵکەی دیکە بەژمارە زۆر کەم بووین و سەرەتا هەر بەخۆمان و بۆ خۆمان ئەو دروشمەی خۆمان دەگوتەوە و هەتا هەندێ قوتابی ترسنۆک زوو هەستیان بە مەترسی ئەو هوتافە کردو بلەز ڕیزەکانی ئێمەیان چۆلکرد، بەڵام بەدەم ڕۆیشتن و گوتنەوەی ئەو هوتافە تا دەهات دەوروبەرمان قەرەباڵغ تر دەبوو. دیارە هەندێک لەو خەڵکانەی لەئێمە گردبوونەوە، هاوسۆزی رووی دروستی هوتافەکە بوون و لەگەڵ ئێمە دەیانگوتەوە و هەندێکی دیکەش لە بۆرە پیاوەکانی ڕژێم بوون بۆ کۆنترۆڵکردنمان لە کات و شوێنی پێویست . ئەوە بوو تاکو نزیک گۆڕەپانی (السنک ) کە ڕیزەکەی ئێمەی قوتابیانی کورد ئەوەندە گەورە ببوو، کە خۆشمان واقمان وڕمابوو، ئەو هەموو خەڵکە لە ئێمە کۆببووتەوە ! بەڵام لەو شوێنەدا هەستمانکرد لەهەمو لایەکەوە سەربازو سیخوری چەکدار بەدەوروبەرمانەوە زۆر بوونە و ئێمەی قوتابیانی کورد سەیرمانکرد، هەر ئەو چەند هاوڕێیە ماوین کە ئەوەندەمان هاوارکردبوو، دەنگمان نوسابوو، خۆمان بەتەنیا دیتەوە . لەو ئانوساتەدا، پیاوەکانی ڕژێم چیتر حەوسەڵەی بیستنی ئەو هوتافەیان نەمابوو، بەتایبەت زۆری نەمابوو، ئەو ڕیزە بگاتە بەردەم مێزگەردی وتاردانی سەرۆک کۆمار . لە چاوتروکانێک لە هەموو لایەکەوە شاڵاویان بۆ ئەو ڕیزە هێنا، کە ئەو هوتافەی دەچڕی . بەداروخوترمە کەوتنە وێزەی بەشداربووەکانەوە . کە لەناویان ئەو قوتابییە کوردە تاک و تەرایانەی مابووینەوە، بەپەنادزە خۆمان لە پەلاماردان دەربازکرد . کە بەندە ئەگەر هاوڕێی نەمر یاسین نەبوایە، کە لەپشتەوە قۆلی گرتم و لەریزەکە دەریهێنام و بەرنەکەوتم . ئەوە زۆر بەئاسانی لەناو ئاپۆرەی خەڵکەکە دەستگیردەکرام .

ئەڵقەی ٤٢

سالانی ٧٠ تا سەرەتای ١٩٧٤ لە بەغدادی ئەوی ڕۆژاندا، توێژی قوتابیانی کورد، گورج وگۆلترین خەڵکی کورد بوون لەناوجەرگەی پایتەختی عیراقی بەردەستی ڕژێمی بەعس، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەخت و ئەستیرەی دەسەلاتیان لە باڵاکردن و ملۆزمتر دەبوون . ڕژێم چ ناراستەوخۆ لەرێگای یەکیتی قوتابیانی نیشتمانی خۆیان و چ راستەوخۆ لە سێبەری دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیدا، هەزارویەک حیساباتیان بۆ یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەکرد، کە ئەو ڕۆژە زۆربەی هەرە زۆری قوتابییە کوردەکانی بەغداد و تێکڕای زانکۆکانی موسڵ و بەسرە لەژێر ئالای ڕێکخراوەکەیان ڕووبەڕووی سیاسەتە رەگەزپەرستییەکانی دەسەلاتی بەعس، خاوەن هەڵوێستی چاونەترسانەی خۆیان بوون وچقلی چاوی ئەو دەسەلاتە دەخوێندرانەوە . دیارە ئەو ڕۆژانە لەناو ریزەکانی یەکیتی قوتابیانی کوردستاندا و بەتایبەتی کادیرو ئەندامە هەڵسوڕاوەکانی پێشەوەی ریزەکانی دا، دەیان و سەدان خورتی کوردپەروەری خاوەن بیروباوەڕی کوردایەتی و بیری پێشکەوتنخوازی بەرمەیدان بوون و هیچ هەڕەشە و گوڕەشەیەکی دەزگا تۆقینەرەکانی ڕژێم نەیدەترساندن و بگرە لەسەرخەبات و داکۆکیکردن لە خواستە رەواکانی نەتەوەکەمان شێلگیرتر دەبوون . بێگومان هەبوونی رۆڵەکانی وەک عادل موراد وەک سەرۆکی ئەو یەکێتییە و خەڵکانی شۆڕشگێری وەک محەمەد قەرەداخی وجەلال خۆشناو و نەجمەدین عەزیز و چیا عەباس و ئازاد خەفاف یاسین ئەنوەر و سەلام عەبدولرەحمان و قوتابییە فەیلییەکانی وەک سەعدون فەیلی وسەلام بەرزۆ و چەندان و چەندانی دیکە کە ناوەکانیانم لەبیرنەماوە، نموونە گەلێکی ئەو قوتابییە جەربەزە و بوێرانە بوون، کە دەنگ و رەنگی کوردبوونیان لە بەغدادی پایتەخت دەزرگاندەوە . لەبیرمە ئەو ڕۆژانە لەناو ریزەکانی تێکڕای نەتەوەکەمان لە کوردستانی خواروودا، یەک ریزییەکی بەرچاو هەبوو، بەتایبەت لەناو ریزەکانی قوتابیاندا، لەمەیدانی خەباتی سیاسی و حیزبایەتی و هەتا پیشەییدا، یەکگرتویی و خۆشەویستی و یەکترخوێندنەوە زمانیحاڵ بوو . راستە ئێمەی هاوڕێیانی کۆمەڵە، ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی سیاسی خۆمان هەبوو، کە خاوەن دیسپلینێکی پۆلاییی زۆر نهێنی بوو، مەیدانی چالاکیمان ئەو ڕۆژە زۆرتر لەناو قوتابییان بوو، لەسازدان و دروستکردنی بازنە ڕۆشنبیرییە سەرەتاییەکان، بەڵام بۆ مێژوو دەیڵێم هەموو فەرمان و ئامۆژگارییەکانی بەڕێوەبەرەکانی کۆمەڵە، خۆی لەپاراستن و بەهێزکردنی یەکریزی و تۆکمەیی خەباتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو لە پشتیوانی کردنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و بەشداریکردن لەخەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان ..لە پاییزی ساڵی دا ١٩٧١ یەکیتی قوتابیانی کوردستان خۆی ئامادە دەکرد بۆ بەستنی کۆنفرانسی خۆی لە شاری سلێمانیدا . ئەوەبوو لەناو قوتابیانی کورد لەکۆلێجەکان و ئامادەییەکانی تێکڕای کوردستان و عیراق، دەیان کۆنفرانس و کۆبونەوەی ناوخۆیی بەسترا بۆ دیاریکردنی نوێنەرەکانی کۆنفرانسی سەرتاسەری ناوبراو . هەتا ئەو دەمە ئێمەی ئەندام و هەوادارانی کۆمەڵە قورساییەکی ئەوتۆمان لەناو کارەکتەری هەڵسوڕاوی بەڕێوەبەری قوتابیان نەبوو . ئەوەی من لەبیرم بێت، لەو کۆبونەوە ناوخۆییانەی قوتابیاندا، بەتایبەت لەناو قوتابی زانکۆکاندا، زۆر ئەندامی کۆمەڵە بۆ نوێنەرایەتی کۆنفرانس و هەتا مەسئولیەتی ناوچە و لق و کۆمیتەکان بەزۆربەی دەنگ هەڵبژێدران . هەر بۆ نموونە بەندە و ئەرسەلان بابیز و یاسین ئەنوەر و حوسێن خانەقینی لەبەشی کوردی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغداد دەنگی هەرەزۆری قوتابیانمان هێنابوو .

**بەشی چل و چوار**

# وەبەرهێنان و مەرجە سەختەکانی ئیقامە

**میراو ئاژگەیی**

هێنانی وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ کوردستان و کردنەوەی دەرگا بە ڕووی کۆمپانیا و سەرمایەدارانی جیهان، کە بێن پرۆژە و پارەکانیان بخەنەگەڕ، کاردانەوەیەکی یەکجار خێراو پۆزەتیڤی هەبوو بۆ هەرێمی کوردستان، لەهەمان کاتدا بڕیارێکی بوێرانە و ژیرانە بوو...، ئەنجامەکەشی زوو بەدیار کەوت، کە لە ماوەیەکی کورت کوردستان گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و خەڵکێکی زۆری بێگانە ڕوویان لە کوردستان کردووە...

بەڵام دەبوایە حکومەت لە هەمان کات کارئاسانی بکردبا بۆ وەبەرهێنەران و کرێکاران و کارمەندانی بیانی بۆ مانەوەو مۆڵەت وەرگرتن "ئیقامە"، نەک ئەو هەموو مەرجانەی بۆ مانەوە لە سەریان دانراوە... هاووڵاتییەکی ئەوروپی بێ ڤیزە سەفەری زۆربەی وڵاتانی جیهان دەکات و بەهۆی دوو مۆری فڕۆکەخانە یان سنوور ٣ مانگ دەمێنێتەوە، بێ ئەوەی بڕواتە فەرمانگەیەکی نشینگە یان پشکنینی خوێن...

کەچی لە کوردستان هەمان هاووڵاتی ئەوروپی دەبێ لە ماوەی ١٠ ڕۆژ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی نشینگە بکات و ئەگەر نیازی مانەوەشی هەبێ دەبێ پشکنینی خوێن بکات و کەفیلی هەبێ و چەندەها ڕۆتینیاتی تر...

ئێمە لە کاتێک عەرەبەکانمان ئازاد کردووە، کە بە ئارەزووی خۆیان نیشتەجێ ببن لە کوردستان و کاربکەن، ئەی دەبێ هاووڵاتییەکی ئەوروپی کە بۆ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری یان ئیش کردنی لە ڕێکخراوێکی مرۆیی. یان کۆمپانیایەک چ کارێکی خراپەکاری یان تیرۆرستی بکات، کوردستانی ئێمە کۆمەڵگایەکی ئەوەندە داخراوین لە زانکۆیەکانیشدا کوڕان و کچان لە یەکتر نزیک نابنەوە و جورئەت ناکەن قسە لەگەڵ یەکتر بکەن، دەبێ ئەوروپایەک چ کرداری "سێکسی" لەو کۆمەڵگایە داخراوەی ئێمە ئەنجام بداو نەخۆشی ئایدز بڵاوبکاتەوەو کەسەکە پشکنینی پزیشکی خوێنی بۆ بکرێ، زۆر لە ئەوروپییەکان کە دێنە کوردستان بە پەلە دەڕۆنەوە لەبەر ئەو هەموو مەرج و ڕۆتینیانەی فەرمانگەکانی نشینگە تەنها فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێ دەکات و بە دڵسۆزانە کاردەکەن و دەست خۆشیان لێدەکەین.

بەداخەوە ئەو جۆرە مۆڵەت پێدان و مەرجانە بۆ هاووڵاتییانی کوردیشە، کە ڕەگەزنامەیەکی ئەوروپی یان وڵاتێکی تریان هەیە، ڕووبەڕووی ئەو هەموو مەرجانە دەبنەوە بۆ سەفەر یان مانەوە لە کوردستان، بانموونەی مەغریب و تونستان بۆ بێنمەوە، کە گەورەترین کێشەی تیرۆریان هەیە، بەڵام هیچ مەرجێکیان دانەناوە بۆ سەفەرکردن، ئەوان لە ڕێگای پۆلیسی هەواڵگری هەر کەسێک ناوی لە کۆمپیتەر هەبێ و جێگای گومان بێ لە فڕۆکەخانە یان سنوور دەست بەسەر دەکرێ یان ڕێگای پێ نادەن و دەیگەڕێننەوە ئەو وڵاتەی لێی هاتووە.

ئینجا هیوادارین وەزارەتی ناوخۆ پێداچوونەوە لەو بوارەوە بکات و ئاسانکاری تێدا بکات بۆ ئەوەی کۆمپانیاو سەرمایەدارانی ئەوروپی زیاتر ڕوو لە کوردستان بکەن، کە ئەوان زیاتر لە کۆمپانیای تورکی و ئێرانی و عەرەبییەکان جێگای متمانەن و کارەکانیان بە کوالیتر، باش و بێ فڕوفێڵ ئەنجام دەدەن.

# عەلی حەسەن مستەفا : کاک ئیدریس بارزانی ١٥ دیناری بۆ سەرف کردم



عەلی حەسەن مستەفا

**ڕێکخستنەوەی هێزەکانمان:**

لە ١٩٦٨ پاش ڕێکخستن و کۆکردنەوە و نوێکردنەوەی ڕێکخستنەکانی هێزی پێشمەرگەی دەشتی هەولێر، ئەوەبوو لەبارەگای هێز کۆبوونەوەکی فراوان کرا لە نێوان لێپرسراواندا بە مەبەستی هەڵبژاردنی لێپرسراوی تازەو لە هەڵبژاردنەکەدا من بە یاریدەدەری بەتالیۆنی سێی دەشتی هەولێر هەڵبژێردرام . دواتر بارەگامان گواسترایەوە بۆ گوندی (پیرەر) و سنووری کارگێری و پاراستنی زۆربەی ناوچەی کۆیە بە ئێمە سپێردرا و دەستمان بەئیش و کارەکانی ڕێکخستنی بەتالیۆنەکەمان کرد لە ڕووی کەموکوڕی پێداویستییەوە داوامان لە خەڵکی دێهاتەکانی سنورەکەمان کرد، کە یارمەتیمان بدەن . ئەوانیش بەگیانی برایانەوە بەپیر داواکەمانەوە هاتن و بە پێی توانا لە هەموو ڕوویێکەوە یارمەتیان داین . لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ و سەرەتای ١٩٦٩ ئاگادار کراینەوە، کە هێزێکی چەکداری مەکتەبی سیاسی بەرەو شاری کۆیە بەرێ کەوتوون لە ناحیەی شوانەوە دێن . بەپێی بروسکەی سەرکردایەتی پارتی هێزی دەشتی هەولێرو هێزی سەفین دەبێت ڕێگاکانی ئەو سنوورە هەمووی بگرن بۆ ئەوەی ڕێگا نەدرێت بە هێزەکەی مەکتەبی سیاسی شاری کۆیە بگرن، بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەیەکمان بەست لەنێوان هەردوو ئامر هێزەکە و لقی ٢ی حزب، لەم کۆبوونەوەیەدا بە دوورودرێژی لە بارودۆخی ناوچەکەمان کۆڵییەوە تا چی پێویست بکات ئەنجام بدرێت و ئەم بڕیارانەی خوارەوە درا:

هێزی سەفین لێپرسراوی پاراستنی ڕێگای کۆیە- تەق تەق بێت لە کلکەی چیای باواجی، کە دەڕوانێتە سەر شاری کۆیە تاکو سەر ڕووباری کۆیە، کە دەکاتە ناوەڕاستی ناوچەکە لێی بەرپرسیارن .

لەسەر ڕووباری کۆیەوە هەتا چیای گۆڕ قەرەج، کە دەڕوانێتە سەر شاری تەق تەق، هێزی دەشتی هەولێر بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ .

بەم شێوەیە هێزەکانی خۆیان دابەشکرد .

پاش چەند ڕۆژێک هێزەکەی مەکتەبی سیاسی، کە بەڕێزان عومەر دەبابە و شێخ جەنگی تاڵەبانی و حەوێز هیرانی وحەمید کەریم شانە و جەمال خۆشناوو چەند کەسێکی تر بوون هاتنە ناو شاری تەق تەق . بە گەیشتنیان بۆ شارۆچکەکە، ئێمە لە هەموو ڕووداوەکان ئاگادار کراینەوە و هێزی دەشتی هەولێر دەستی بە تەقە کرد و هاوکات تۆپ بارانیش کران . ئەوان بەس وەڵامی تۆپ باران و تەقەکانیان داینەوەو لەناو شارۆچکەکەدا مانەوە، ئێمەش لە جێگا دیاریکراوەکانی خۆمان ماینەوە، کەمە کەمە تەقە هەر هەبوو بۆ ماوەی یەک مانگ، کە مانگەکەش زۆرینەی ڕۆژەکان باران بوو، ئەمە بووە هۆی بێزاربوونی پێشمەرگە و، خەڵکی گوندەکان کەوتنە بەرفشارێکی گەورەی سەرما و باران و خواردنمان لەسەر ناوچەکە بوو و درێژەی خایاند. لەو کاتەشدا من و مەلا عومەر و مەلا خدر مەحمود کراینە لێژنەیەکی چاودێری کردنی بەرەکانی شەڕ، بۆ ئەم مەبەستە سەرمان لە بەرەکانی شەڕی بێستانەدا، مەترسی ئەوەشمان هەبوو نەبادا ڕژێم هێرش بۆ ناوچەی بێستانە بکات، شەو لەگەڵ خوالێخۆشبوو فارس باوە و لێپرسراوانی دیکە کۆبوونەوەمان لەگەڵیدا کردن و زانیاری و ئاگاداریمان دانێ، کە زۆر بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن و ئاگاداری جولانەوەی ڕژێم بن. بۆ بەیانی گەڕاینەوە دەشتی کۆیە، کاتێ بەسەر چیای دێدەوان کەوتین بە دووربین بینیمان لە سەر بانی تاڵەبان سوپای ڕژێم خێمەی هەڵداوە، ئەمە بووە هۆی ناخۆشی و دڵتەنگیمان، کە ئەو دیمەنەمان بینی دڵنیاش بووین، کە هێزەکەی ئێمە شکستی هێنا دەلێرەدا قسەیەکی خۆشی مەلا عومەرتان بۆ دەگێڕمەوە سەبارەت بەم ڕووداوە تازەی کە بینیمان مەلا خدر گوتی کاک مەلا عومەر ئەو خێمانەی کەوا لێمان دیاربن هی دۆمەکانن، مەلا عومەر گوتی: دەزانم دۆم خێمەیان هەیە، بەڵام نەمزانیوە دەبابەیان هەبێ، ئێمەش گەڕاینەوە گوندی گۆپتەپە، کە بارەگای لێژنەی ناوچەی کۆیە بوو، کە شەهید بەکر عوسمان لێپرسراوی بوو هەروەها خوالێخۆشبوو ساڵح شێرەش لێپرسراوی کارگێڕی ناوچەکە بوو، کە گەیشتنە لایان هێزی پێشمەرگەکانی پەرتەوازە بوو بوون، لە گوندەکانەوە دەهاتنەوە، زۆریش لە لێپرسراوە عەسکەرییەکان هاتبوونە بارەگای ناوچە، ساڵح شێرەش بە پێکەنین و گاڵتە کردنەوە گوتی: وریا بن نەوەکو لە ڕێگاکانی ترەوە بۆتان بێن، مەبەستی کاک ساڵح شێرەش بوو کە هەردوو هێزەکەی ئێمە ژمارەی چەکدارەکانی نزیکەی دووهەزار چەکدار دەبوون، کە لە مەیدانی شەڕدا بوون و هێزەکەی مەکتەبی سیاسیشی وەکو باسیان دەکرد لە ١٥٠ – ٢٠٠ چەکدار تێنەدەپەڕی، ئا بەم شێوەیە ڕێگاکان کرانەوە و شەڕەکان کۆتایی پێ هات و ئەو ڕێگایانەش، کە ئێمە گرتبوومان کرانەوە، بەڵام میریش پشتگیری مەکتەبی سیاسی دەکرد لەشەڕەکەدا، بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایەی نێوان کۆیە و تەق تەق بکرێتەوە، ئەوکاتەش کە من لەگەڵ شەهید ئەحمەد حاجی عەلی بەینمان تێکچوو، چوار چەکداری ماڵی حەوێزی مام یەحیا دەیانویست پەیوەندی بە منەوە بکەن و ببنە پێشمەرگەی من . منیش نووسراوەکەم بۆ کاک فارس باوە ڕەوانە کرد، وەڵامی دامەوە گوتی: با بێن و پێشوازیشیان لێ دەکەین و سوپاسی تۆش دەکەین بۆ ئەو هەوڵدانە.

منیش نووسراوەکەی کاک فارس باوەم هەڵگرت لەلای خۆم و ئاگاداری چەکدارەکانم کردەوە، کە بێن پەیوەندی کردنیان بنووسن لەلای ئێمە، هەر ئەو شەوە هەر چواریان پەیوەندیان پێوەکردین، لەبەرئەوەی ئەحمەد حاجی عەلی ئامر بەتالیۆنی سێی دەشتی هەولێر بوو هەر چواریانی چەک کردو چەکەکانی دایە ئەوانەی کە خۆی مەبەستی بوو، منیش لەو ڕووداوە فارس باوەم ئاگادار کردەوە، کە ئەو تەنیا لە بەر بێزارکردنی من ئەو کارەی کردووە.

فارس باوەش وەڵامی دامەوەو گوتی: ئیشەکە جێبەجێدەکرێت، بەڵام ئێستا جەنابت لەلایەن بارەگای بارزانییەوە داواکراوی و دەبێت سەردانیان بکەی، منیش لەگەڵ دوان لەپێشمەرگەکانی خۆم بەرەو سەرکردایەتی بەرێ کەوتین لەناوچەی حاجی ئۆمەران .

کە گەیشتینە ناوچەی (باڵەک) پیاوێکی ناسیاوو دۆستی خۆم، کە خەڵکی هەولێر بوو و لەبەشی پاراستن کاری دەکرد و پەیوەندی تایبەتی بە ئیدریس بارزانییەوە هەبوو کاری تریشی پێ سپێردرابوو.

لە ناو ناحیەی گەڵاڵە بەمنی گوت: باپیاسەیەکی دوو بەدووبکەین:کاتێ لەبارودۆخی هەولێر و دەشتی هەولێر و هێزەکانی دەدوام، هەستم کرد کە ڕاپۆرتم لە سەر نووسراوە بۆ بارەگای بارزانی و ئاماژەشیان بەوە دابوو، کە چۆن ئەو چوار چەکدارە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەمنەوە کردووە؟منیش پاش کۆتایی وتووێژەکەمان چووم بۆ لای کاک (موحسین دزەیی ) پێمگوت: کەوا ڕووداوێکی ئاوها هەیە کە لەڕاستی زۆر دوورە و تەنیا ئەوە نەبێ ئێمە خەڵک خۆشیان دەوێین و سەروەرییەکانمان دادەنێین و هاوکاریان دەکەین و هاریکاریمان دەکەن، بۆیە ئەم پرۆپاگەندەیەیان بۆ بڵاوکردوومەوە، کە گوایە من لایەنگیری باڵی مەکتەبی سیاسیم، بۆئەوەی ئێمە لەو ناوچەیە نەهێڵن و لە خەڵکەکە دوورمان بخەنەوە هەر وەها لەنامەکەی کاتی خۆی کە من بۆکاک فارس باوەم نووسیوە ئاگاداریشم کردۆتەوە.دامە دەستی ئەویش گوتی ئەمە بەڵگەیەکی زۆر باشە و ئێستا دەچینە لای کاک ئیدریس. ئێمەش هەردوو بەرێ کەوتین بۆ بارەگای بارزانی و لای کاک ئیدرس . کاتێ چوینە لای کاک ئیدریس و کاک مەسعود هەردوو دانیشتبوون، دوای بە خێرهاتنی کاک موحسین دزەیی، گوتی: کاک ئیدریس ئەمە کاک عەلییە لەسەر داخوازی بەڕێزتان هاتووەو چاوەڕوانی ئەمری بەڕێزتانە، هەموو ئەو شتانەی کە لەسەرئەم پیاوە نووسراوە لە ڕاستییەوە دوورەو ئەوەش دووبەڵگەی نووسراوە بۆ ڕاستی و پاکی ئەم پیاوە، خەڵکی گوندەکەی ئێمەیەو شارەزای ڕەوشتی ئەم پیاوەم .

کاک ئیدریس گوتی کاک موحسین باشە با پاش هەفتەیەکی تر بگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی و پازدە دیناری ئەو کاتەیان بۆسەرف کردم بەمەبەستی هاتووچۆ، ئیتر منیش گەڕامەوە گوندی پیرەرو وازم لە ئیش و کاری عەسکەری هێنا و چاوەڕوانی کۆنفرانسی لێژنەی ناوچەی جوتیارانم دەکرد لەساڵی ١٩٦٥ لە پاش هەڵبژاردنی ناوچەکەمان و سەرکەوتنی شەڕەکانی هێزی سەفین لە دەشتی هەولێر کە بەدەستی هێنا بەتایبەتی لێژنەی جوتیاران کە من لێپرسراوی یەکەمی بووم سەرکەوتنی یەکجاریشمان بەدەست هێنا لەڕووی ڕێکخستنی سیاسی و عەسکەری پاش ئەو سەرکەوتنانە داوایان کردم لە مەکتەبی سیاسی بارەگای بارزانی منیش بەرەو ناوچەی باڵەکایەتی بۆ بارەگای بارزانی بەرێ کەوتم پاش بەخێرهاتن و ڕێز دانان بۆئەو سەرکەوتنانە و ئیشە باشەکانمان گوتیان ئەگەر حەز دەکەی بچیتە کوردستانی ئێران تاوەکو بەڵگەیەکت بۆبکەین منیش ئەوەم زۆر پێخۆش بووبچمە کوردستانی ئێران لە بەر ئەوەی ئەو ناوچەیە کە منی بۆ دەچووم هەمووی خزم و کەسی خۆم بوو جا لەگەڵ خولێخۆشبوو سابیر کورەچیو واحید خۆشناو ئاقوبانی ئیتر بەرەو شاری پیرانشار بەرێ کەوتین چەند ڕۆژێک سەردانی نەغەدەو شنۆو ورمێ و مهابادمان کرد لەشاری مهاباد لاوێکی کورد ڕانک وچۆغەیەکی کوردی لە بەردابووزۆری لێدەهات سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا ئێمەش ڕوومان کردە ناو دوکانەکەی بە خێرهاتنێکی گەرمی لێ کردین گوتی ئێوە پێشمەرگەن ئێمەش وەڵامان دایەوە گوتمان بەڵێ زۆر ڕێزی بۆمان دانا چای بۆهێناین وە ئێمەش هەندێ ئەشیامان لێ کڕی وەکو کتری وقۆری دوکانەکەی زۆرشتی چاکی تێدابوو بە ئێمەی گوت ئێوە ئەو پێشمەرگانەی کە هەن زۆر زیرەک و چاونەترسن ئیسپاتتان کردووە چونکە گیانتان لە ڕێ ی گەلەکەتان دەکەنە قوربانی و جێگای سەرسورمانە بەلای منەوە هەموو میللەتی کورد پێشمەرگەی خەڵکی شارو دێهاتەکان ئامادەیە قوربانی بە گیانی خۆیان بدەن بەڵام داوای یەک ڕوبعە دینار یارمەتی لێبکەی لەدڵیان گرانە بە دڵخۆشی پێشکەشی ناکەن،من ئێستا لەمخزەنەکەم (١٠٠) هەزار صندوقە قەیسیم هەیە ئەوا ئامادەم کردووە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ فرۆشتن ئێستا ئەگەر قەومەکەم پێویستی پێ ی هەبێئامادەم هەمووی تەبەروع بکەم لە ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەم بەو پەری دڵسۆزی دڵخۆشی یەوە (سابیر کورەچی) پێ ی گووت ئەوا جەنابت ی کەوا ئەو هەموو شتەی دەکەیە تەبەروع زەمی کوردیش دەکەی، گوتی من کوردم بەڵام جوولەکەم و زەمی کوردییش ناکەم چونکە کورد میللە تێکی بەش خوراوە ئیتر گفتوگۆیەکەمان لەگەڵ ئەو هەڤاڵە خۆشەویستە کۆتایی پێهات بە دڵخۆشی بەرێیکردین دووچاپەستی چامان لی کڕی پارەی لێ وەرنەگرتین و دوکانەکەی لەشاریمهاباد بوو.

**بەشی سی و پێنج**

تایبەت

# وەستاندنی درامای "گەرمیان و کوێستان" ...ئەنفالێکی مۆدێرنە



**حەمەسوار عەزیز**
Hamaswar69@yahoo.com

ئەوەی جێگەی داخە لەم وڵاتەی ئێمە ئەوەیە خەریکە هەموو پرەنسیپ و بەهاکانی دیموکراتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ و تاک بەشێواوی لای ئێمە پیادە دەکرێت، ئەوەتا زۆرجار هەنگاوێکی باش یا بڕیارێکی دروست لەسەر پرسێکی هەنووکەیی یا درێژخایەن دەدرێت، کەچی سەیر دەکەین لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی هەندێ کەس کە مەرج نییە ئەو کەسانە زۆرینەی توێژەکەی خۆیان بن، بڕیارەکە دەوەستێنرێت و یا کاری پێناکرێت، من پێموایە دیموکراسی ئەوە نییە هەر هەنگاوێکی چاکسازی حکومەت ئەگەر سەد کەس لێی نارازی بوو دەبێ ئەو بەرنامەیە لەبارببرێت، ئەگەر ئەم سیستمە بکەینە سەرچاوەی بڕیارو چاکسازی، ئەوە من دڵنیام هیچ هەنگاوێکی جیددی حکومەتی کوردستان بۆ چاکسازی و دارشتنەوەو گۆڕینی بەرنامە تەقلیدییەکان سەرناگرێت، چونکە هەمیشە لە هەموو بڕیاردانێک بەرژەوەندی کەسانێک دەکەوێتە ژێر مەترسی یا زیانی پێدەگات، بەڵام جەدوای هەر بڕیارو هەنگاوێکی دەوڵەت دەبێ لەسەر بنەمای بەرژەوەندی زۆرینە و گەشەپێدانی بوارەکانی مەعریفەت و فۆرماتکردنەوەی سیستەم و شێوازەکانی بەڕێوەبردن و پلاندانان بێت پاڵپشت بەو داتا تازانەی کە لەبارودۆخی تازە دەردەکەون.

"گەرمیان و کوێستان" ئەو زنجیرە درامایە بوو کە چەند ئەڵقەیەکی لە کەناڵی کوردسات نمایشکراو دواتر لەژێر گوشاری هەندێ لەو ڕێکخراوانەی کە گوایە بۆ بەرگری کردن لە پاشماوەی ئەنفالکراوەکان کار دەکەن، دراماکە لەو روانگەیەی گوایە سووکایەتی بە ژن و کچەکانی پاشماوەی ئەنفال دەکات وەستێنرا.

سەرەتا دەبێ لەو حەقیقەتە دەسپێبکەین کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش خەڵکانێک هەن بەهیچ شێوەیەک لە ماهیەت و پەیامی هونەر ناگەن و پێیانوایە هونەر دەبێ ئەو تەیرە عەنتیکەیە بێت کە بەهەوەس و حەزی ئەوان بفڕێت و بنیشێتەوەو بە ئارەووی ئەوانیش تەقڵە لێبدات، من لێرەو لە دەیان جێگەی تریش دووپاتم کردۆتەوە کە کاری هونەر گێڕانەوەی مێژوو و تۆمارکردنی ڕووداوەکانی دوێنێ و پێری نییە، ئەو زنجیرە درامایە فیلمێکی دیکۆمێنتی نییە لەسەر پاشماوەی ئەنفالەکان تا ناچاربێت چی بووەو چی ڕوویداوە ئەوە بگوازێتەوە، دراما ئەگەر ڕوویێکی مێژوویشی هەبێت، بەڵام ئەوەڵ و ئاخیری هونەرەو بەندە بەدیدگاو خەیاڵی کۆمەڵێک کەس و هیچ کەسیش مافی ئەوەی نییە کەسێک لەسەر خەیاڵەکانی موحاسەبە بکات، ئەو ڕێکخراوانەی کە نارەزاییان لەسەر دراماکە هەیە دەڵێن لەم درامایە سووکایەتی بە کچ و ژنانی پاشماوەی ئەنفال کراوەو وانیشاندراون گوایە دڵیان بۆ کەسانی تر لێدەدات و خۆشەویستی دەکەن، بەڵێ لای ئەو ڕێکخراوە بەرێزانە خۆشەویستی سووکایەتییە، حەزکردن بەژیان و دووبارە بنیاتنانەوەی مرۆڤەکان سووکایەتییە، گۆڕینی جلی ڕەش و پۆشینی جلی ڕەنگاو ڕەنگی ژیان سووکایەتییە...تاد.

من نازانم لێرەدا سەرم سوڕماوە بۆ دەبێ خۆشەویستی سووکایەتی بێت؟! بۆ دەبێ حەزکردنەوەی ژیان و دووبارە بنیاتنانەوەی ژیانی کەسەکان سووکایەتی بێت؟! ئەگەر ئەمانە سووکایەتی بێت، دەبێ یان ئێمە یا ئەو برادەرانە تێگەیشتنی خۆیان بۆ ووشەی (سووکایەتی) فۆرماتبکەنەوە، دەبێ یەکێکمان بە هەڵە لەو وشەیە گەیشتبین و شورەییش نییە ئەگەر جارێک بەخۆمان دابچینەوە.

ئەگەر لای ئەو ڕێکخراوانەی کە گوایە بۆ بەرژەوەندی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان کار دەکەن، خۆشەویستی سووکایەتی بێت و بە تێڕوانینی ئەوان کچ و ژنانی پاشماوەی ئەنفال نابێت خۆشەویستی بکەن و دڵیان بۆ ژیانێکی تازە لێبدات، لێمببورن کە دەڵێم ئەو تێڕوانینەی ئێوە بەقەد ئەنفالی کەس و کاریان کاریگەری بەسەر ژیانی ئەو داماوانەوە هەیەو ئەمە هیچی لە ئەنفالەکەی تر کەمتر نییە، مانای چییە کە کچێکی دەسگیرانداری پاشماوەی ئەنفال کە چەندین ساڵە دەسگیرانەکەی ئەنفالکراوە و هەواڵێکی نییە، کەچی تاوان و سووکایەتی بێت ئەگەر ئەو کچە بیر لەوە بکاتەوە کە ماڵێکی تازە دروستبکات و ژیانێکی تازە دەسپێبکات، با دەروازەی ئەم ژیانە تازەش لەرێگەی خۆشەویستییەوە بێت، بۆ دەبێ پێتان وابێت کە کچێکی جوان و جاحێل دەبێ هەموو تەمەنی لە چاوەڕوانی دەسگیرانە ئەنفالکراوەکەی بێت کە هەرگیز نایەتەوە، ئەگەر ئەوە مەنتیق و بیرکردنەوەی ئەو ڕێکخراوانە بێت ئەوە بەداخەوە بوونی ئەو ڕێکخراوانە ئەنفالێکی بەردەوامە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان، تەنانەت لەوەش زیاتر ئەگەر ژنێکی پاشماوەی ئەنفالیش شووبکاتەوەو ژیانێکی تازە دەسپێبکات و هەوڵبدات ئەو جلە ڕەشەی داکەنێ و جلی ژیان و هیواو ئومێد لەبەر بکات، ئەمەشیان نە تاوانەو نە سووکایەتی (لەگەڵ ئەوەشدا ئەو حاڵەتەی کەلەو درامایە هەیە تەواو جیاوازە لەبەر ئەوەی ژنەکەی جەوهەر کە شووی بە براکەی کردۆتەوە پەیوەندی بە ئەنفالەوە نییە چونکە ئەو لە بنەڕەتدا ژنێکی پاشماوەی ئەنفال نییە و بەڵکو ژنێکە مێردەکەی لە شەڕی عێراق-ئێران ون بووەو دواتر تەرمەکەی هاتۆتەوەو ئینجا ژنەکە بۆ پاراستنی منداڵەکانی شووی بە برای جەوهەر کردۆتەوە، دوای ئەوە پاشماوەیەک مێردەکە دەگەڕێتەوەو کێشەی چاوەڕواننەکراو دروست دەبێت، ئەم حاڵەتەش یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەو شەڕە نەگریسە بوو، هەمووشمان لەکاتی ئەو شەڕەدا چەندین حاڵەتی لەو شێوەمان بیستووەو بینیووە، بۆیە کاری هونەریش ئەوەیە گوزارشت لە ساتە ئینسانییەکان بکات و بەرجەستەیان بکات و نەفرەت لەو شەڕانەش بکات کە هەمیشە مرۆڤ تیاییدا زەرەرمەندە)، بەڵام ئەگەر ئەو حاڵەتە لەژنە ئەنفالێکیش ڕوویدات کارێکی نۆرماڵە و چونکە هەموومان دڵنیایین و دەزانین ئەنفالکراوەکان ناگەڕێنەوەو پێویستە ئەو ژنانەش جارێکی تر وا ڕابهێنرێنەوە کە بتوانن ژیانێکی تازەدەسپێبکەنەوەکەپێموایە ئەمەش ئامانجێکی درووستبوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە پیشەییەکانی ژنان و کەسوکاری پاشماوەی ئەنفالە، بەڵام واپێدەچێت برادەرانی ئەو ڕێکخراوانە زۆر دڵیان بەوە خۆش بێت کە دەبینن ئەو ژن وکچە ڕەشپۆشانە هەموو تەمەنی خۆیان بە ڕەشپۆشی و دوورە پەرێزی بەرێدەکەن بێئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەرفەتێکی دووبارە دەسپێکردنەوەی ژیانیان لەبەر دەمدا بێت، ناحەقیشیان نییە چونکە مانەوەی ئەو ڕێکخراوانە بەندە بە مانەوەو بەردەوامبوونی مەینەتی کەسوکاری ئەنفالکراوان.

لە ئەمریکا ئەو وڵاتەی کە هەموومان دەزانین جولەکەکان چەند کاریگەرییان بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتەوە هەیە، هونەرمەندی سینەماکار (میل گیبسن) فیلمێکی دروستکرد بەناوی (ئازارەکانی مەسیح) کە نەوەکو هەر سووکایەتی بە جولەکەکان دەکرد بەڵکو لەوەش زیاتر وەک ئاژەڵ و دڕندە نیشانی دەدان، ئا لەم وەختەدا هەموو ڕێکخراوەکانی جولەکەو دەوڵەتی ئیسرائیل و گەورە بازرگان و سەرمایەدارن و سیاسەتمەدارانی جولەکە دەنگی نارەزاییان دژی نمایشکردنی ئەو فیلمە بەرزکردەوەو تەنانەت داوای کوشتن و لەناو بردنی دەرهێنەری فیلمەکەشیان کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فیلمەکە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە هەموو سینەماکانی ئەمریکاو ئەورووپا نیشاندراو حکومەتی ئەمریکاش هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ قەدەغەکردنی نمایشکردنی فیلمەکە، ئەگەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە جولەکەکان ئەوەندە بەهێزن لە ئەمریکا کە ڕەنگە بتوانن زۆر بە ئاسانی کاریگەری گەورە دروستبکەن لەسەر بردنەوەو دۆڕاندنی کۆمارییەکان و دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە، بەڵام هیچ یەکێک لەو حزبانە نەچووە ژێر باری ئەو گوشارەو فیلمەکەیان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی حزبەکەیان لە هەڵبژاردن بەکار نەهێنا، چونکە لەو وڵاتەو لە زۆرینەی وڵاتە دیموکراتییەکانی دنیا هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە فیلمێک رابگرێت لەبەر ئەوەی ڕەنگە تائیفەیەک یا کەسانێک بە باشی لەو کارە باسیان نەکراوە، ئەوەی ئاشکراشە لەو فیلمەی میل گیبسن (ئازارەکانی مەسیح) بە گوێرەی دیدگای شارەزایان موبالەغەی زۆر هەیە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و سووکایەتیکردن بە جولەکەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو وەک فیلم و هونەر مامەڵەیان لەگەڵ کردو لە کۆتاییشدا لایان وابوو دەرهێنەر ئازادە چۆن ڕووداوێکی مێژوویی بە گوێرەی خەیاڵ و دیدگای تایبەتی خۆی لێکدەداتەوە.

بۆیە من پێموایە ڕاگرتنی ئەو درامایە پێشینەیەکی زۆر خراپەو دەبێ بەزووترین کات کەناڵی کوردسات دەس بە پەخشی دراماکە بکاتەوەو نەهێڵێت ماف و ماندووبوون و هیلاکی ستافی ئەو کارە بەهەدەر بچێت و بەری ڕەنجی خۆیان نەبینن، ئەگەر لە کۆتاییشدا دەرکەوت فیلمەکە سووکایەتی بە پاشماوەی ئەنفالکراوەکان کردووە، ئەوە کارێکی ئاساییە ئەو کاتە با دادگا ببێتە سەنگی مەحەک و بڕیاری کۆتایی بدات، چونکە نابێ لەئێستاوە کەناڵی کوردسات نارەزایی ئەو ڕێکخراوانە وەک حوکمی دادگا سەیر بکات و یەکسەر ئەو حوکمە بێ پێداچوونەوە جێبەجێبکات.

لە کۆتاییشدا حەزدەکەم ئەوە بڵێم بەرگریکردنمان لەو درامایە ناچێتە قاڵبی ئەوەی کە ئەو درامایە کارێکی زۆر دانسقەو نایابە بۆیە بەرگری لێدەکەین، بەپێچەوانەوە ڕەنگە زۆرینەمان سەرنجی زۆرمان لەسەر زۆر لایەنی هونەری وتەکنیکی ئەو درامایە هەبێت و لە داهاتوودا قسەی لەسەر بکەین، بەڵام ئەوەیان کارێکی جیاوازەو چونکە ئەو درامایە لەسەر ئەوە ڕانەگیراوە کە لە لایەنی هونەرییەوە لاوازەو کوموکوڕی هەیە، بەڵکو لەسەر تیڕوانین و دیدگاو فەلسەفەی بابەتەکە وەستێنراوە، بۆیە ببورن کە دەڵێم ڕاگرتنی ئەو درامایە بەو شێوەیە ئەنفالێکی مۆدێرنەو ئۆباڵەکەی بۆ ئەو ڕێکخراوانەو کەناڵی کوردساتیش دەگەڕێتەوە کە بەزوویی چووە ژێر کاریگەری نارەزایی ئەو ڕێکخراوانە.

# هەڵکۆڵین لە گردی کلک مشک دەستی پێکرد

**بە بەشداری کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی بواری هەڵکۆڵینی شوێنەوارناسی و بە بەشداری خوێندکارانی بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین ماوەی چەند ڕۆژێکە کۆمەڵێک کەسی شارەزاو پسپۆڕی فەڕەنسی لەگەڵ چەند کوردێک کار لە پرۆژەی هەڵکۆڵینی گردی کلک مشک دەکەن و دەیانەوێ پارچەی ئاسەواری لەو گردە بدۆزنەوەو بزانن شوێنەواری ئەو گردە بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە.**

**لەو دیدارەی بەدرخاندا "ئۆلیڤیە ڕۆو" سەرۆکی تیمەکە لە دیدارێکی بەدرخاندا باس لەو چۆنیەتی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆژەیە دەکا.**

**تیمە سەرەکییەکە و دەستەی بەڕێوەبەری ئەو پرۆژەیە برتین لە "ئۆلیڤیە ڕۆو، د. نەرمین عەلی، د. ماریە" جگە لەو سێ ئەندامە سەرەکییەکە ٥ خوێندکاری دکتۆرا کە شوێنەوارناسن و پڕۆفیشناڵن و لە فەڕەنسا دەخوێنن، هەریەکەو خیبرەی چەند ساڵ کارکردنیان هەیەولەو پرۆژەیە کاردەکەن، کە بریتین لە:"سابرینا سالمون، ئیلاریا، داریا، فدریکۆ، ڕۆما".**

**ئا: مەسعودی مەلا هەمزە**

*** چۆن بڕیارتاندا کاری هەڵکۆڵین لە گردی کلک مشک بکەن؟**

- پارساڵ ئێمە داوەت کراین بێینە ئێرەو بە تایبەتی سەرێک لە قەڵای هەولێر بدەین و بیبینین، هاوکارم "د. نەرمین عەلی" پێشنیازی کرد کە بێینە ئێرە بۆ ئەوەی بزانین کار لەسەر چ مەوقیعێکی شوێنەواری لە کوردستان بکەین، وەک چۆن قەڵای هەولێر تا ئێستا ئیشی لێدەکەن و لە قۆناغی ڕێکخستن و ئیشکردندایە بۆیە بڕیارماندا شوێنێک هەڵبژێرین لە دەوروپشتی قەڵا بێ، ئێرە نزیکترین شوێنە لە قەڵای هەولێر، ئێمە کە ئەو شوێنەمان بینی فوخاری سەردەمی ئاشووری نوێ و بەردین و برۆنزی ناوەڕاستمان بینی کە هی سەدەی ١٧و١٨ی پێش زایینە، هەندێکیشی دەگەڕێتەوە سەردەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، ئێمە نازانین ڕێک ناوە کۆنەکەی ئەو شوێنە چی بووە، لە تێکستی بزماری باسی ئەو شوێنانە دەکا، بەڵام کۆمەڵێک شوێنە لە دەوری قەڵا، بەڵام ئێمە نازانین ئەو شوێنە کامەیە لەوانەی لە نووسینە بزمارییەکان باسی کراوە، لەسەر ئێمەیە بزانین ئەو ناوچەیە کامەیە کە لە تێکستی بزماری باسی کراوە.

ئەو کار سوودمەندە بۆ ئێمە کە ئەو شوێنە زۆر دوور نییە لە شار، دەتوانین بەکاریبێنین و سوودی لێ وەربگرین بۆ خوێندکاران و ئامادەکردنیان بە تایبەتی خوێندکارانی بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین.

*** وەکو خۆی باسیکرد کە ئاسەواری ئەو هەموو سەردەمە لەو شوێنە هەیە، جیاکردنەوەیان کارێکی زەحمەت نییە؟**

- بەڵێ زەحمەتە، بۆیە تەنقیب کردنی بۆ زانینی شتەکان کە بزانین چەند قۆناغەو چەند شتەو چۆنە، بەنسبەت ئاسەوارەکان هەموویان بەسەر یەک پەستراونەتەوە ئەوەی سەرەوە تازەترین سەردەم و ئەوەی خوارەوە کۆنترین سەردەمە، بۆیە ئەو تەبەقانە هەمووی لەسەریەک پەستراونەتەوە، ئێمە کە پارچە پارچە شتە ئاسارییەکان دەبینین لێی تێدەگەین.

*** بە بڕوای تۆ ئەو پەسترانەوانەی باسی دەکەی زیان بە پارچە شوێنەوارییەکان ناگەیەنێ؟**

- بەڵێ، بەنسبەت ئەو شتانەی دەیبینین هەمووی شکاوەو پارچە پارچە بووە، یانی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ وەکو تەنەکەی کۆنە کە شتەکان کەڵەکە بوونەو پارچە پارچە فڕێدراون، ئێسکەکان و فوخارەکان ئێمە ئەوانە کۆدەکەینەوە، هەنێدکجار هەندێ کەرەستە بە باشی دەبینینەوە کە نەشکاوە، یانیش پاشماوەی بناغەی خانوو یان باڵەخانە لە دوو حاڵەت حاڵەتێک کارەساتی سروشتی وەکو بومەلەرزە، یانیش ئاگرکوژێنەوە کە شوێنێک ئاگری تێبەربێ بەجێی دێڵن و شتەکان وەکو خۆی دەمێنێ.

*** دوای چوار ڕۆژ کارکردن، ئێوە تەنها مانگێک کارکردنتان داناوە بۆ ئێرە، ئەگەر لەماوەی ئەو مانگە هیچ شتێکتان دەست نەکەوت چی دەکەن؟**

- ڕاستە مانگێک بەس نییە بۆ ئەوەی ئێمە هەموو ماوە شوێنەوارییەکانی ئەم گردە بزانین کە مرۆڤ لێی ژیاوە، شوێنێکی دیکە هەیە گردی قالینج ئاغا، ئەوە زۆر کۆنەو لێرەش زۆر دوور نییە لەوانەیە خەڵک لێی نیشتەجێ بووبوون، ڕەنگە ئەو تەبەقانەی کۆنن لەوانەیە هەمان تەبەقە یان هەمان ماوەی قالینج ئاغابێ کە لێرەیە، ئەو ماوەیەی ئێمە لێرەین هەوڵدەدەین ئەو ماوانەی لێرە نیشتەجێبوون هەبووەو شتومەکە شوێنەوارییەکانی لێیە لەم سەر بۆ ئەوسەر و بەدرێژی هەڵکۆڵین دەکەن لە باکوورەوە بۆ باشوور، سەبارەت بەو ماوانەی تازەشن زۆر جوان پارێزراون لە بەشەکەی سەرەوەی گردەکە، بەشەکانی دیکە هەمووی هاتوونەتە خوارەوە.

*** دوای تەواوکردنی کارەکە وەکو شوێنەوارناسێکی پرۆفیشناڵ پێشنیازی تۆ چییە بۆ ئەو گردە؟**

- ئەو ئیشەی ئێمە دەیکەین بەشێکی بچووکە لە کارەکە، دوای ئەوە ئێمە کۆمەڵێک ئیشی دیکەی گرنگمان هەیە، لەوانە دیراسەکردنی ئەو کەلوپەلانەی دەدۆزرێنەوە و بڵاوکردنەوەی وتار و لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی زانستی لەسەر ئەوانە، ئەمە ماوەیەکی زۆری هەیە، ئەوە پێی دەگوترێ ئیشی دوای هەڵکۆڵین، کە ئەوەش کارێکی زۆری دەوێ، وەکو دیراسەکردنی مادەکان و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی، بۆ ئەو پرسیارەش خۆ هێشتا کارکردن لەو پرۆژەیەدا تەواو نەبووە.

*** ئێوە بەشێکی کەمتان وەرگرتووە، ئەی بەشەکانی دیکە کێ تەواوی دەکا؟**

- نازانم، بەڵام ئەوە ڕاوەستاوەتە سەر کارکردنی ئەمساڵ، بۆ ساڵی داهاتووش نازانم چی دەکرێ، ئەگەر بناغەو شتێکی کۆنمان بینیەوە لە گردەکە، شوێنەکان پاک دەکەینەوە، واتا ئەساسەکان جیا دەکەینەوە، ئەگەر ئەوە نەبێ دەتوانین ئەو پارچە تەجرببیانە بکەین بۆ ئەوەی تێبگەین لە لایەکی دیکە چی هەیە، لەوکاتەی کە وامانکرد بەشداری دەکەین و ئەوانیش هاوکاریمان دەکەن لەو کارەدا.





هەڵکۆڵین و پشکنین لە شوێنەواری گردی کلک مشک - هەولێر



هەڵکۆڵین و پشکنین لە شوێنەواری گردی کلک مشک - هەولێر

BEDIRXAN

Hefitenameyekî Hunerîy
Rojnamewanîy Giştîy Azade.
Jimare (0)î le
22/10/2000 da Derçuwe

# Çalakvaneka Civakî ya Kurd Feryal Haco

**Mîrhac Mistefa**

Piştî ku Kurdistan azadî û aramiyek bi xwe ve dît, roj tûne ku ji hemû deverên cîhanê Kurd serdana Kurdistanê nekin.
Vê carê jî em rastî çalakvaneka civakiya Kurd Feryal Haco hatin ku ew jî yek ji wan 16 kesan bû ku bi şandeke Elmanî hatibûn herêma kurdistanê .

**Me jî li gel Haco di derbarê kar û barên wê û armanca serdana wê ya Kurdistanê de hevpeyvînek pêkanî.**

Haco bi kurtî komeleya xwe û kar û barên xwe wiha dide nasîn: Em bi navê Komeleya Evîn Efault hatine Kurdistanê û komeleya me li gel Hikûmeta Elman kar dike. Komeleya ji bo pirsgirêkên zarok û xortan kar dike. Helbet gelek zarokên Kurdan yên ku li Elmanya dijîn jî li gel me hene.

Ew li mala komeleyê de dimînin gelek hene hê 12 - 13 salîbûn li gel me bûn û niha temenê wan bûye 22 - 23 salî hê jî li gel komeleya me dimînin.Em wan xwedî dikin û didin xwendin. Navê komeleya me li Elmanya baş tê nas kirin û komeleyeke li Elmanya diyare.Her wiha Hikûmet me di warê aborî de piştgiriya me dike.

Li komeleya me de nêzîkî 100 kes kar dikin û karmendên me ji Elman, Kurd, Faris, Ereb û Tirkan pêktê. Em ji bo hemû zarokên ku malbata wan kêm derametin kar dikin di nav van zarokan de yên Elman û yên Kurd jî hene û her neteweyeke din jî heye.

Beşa me bi taybetî ji bo malbata Kurdaye. Ez jî wekî endamekim li nav vê komeleyê de, lê karê min bi taybet li ser zarokên Kurdaye. Em pirsgirêkên wan diyar dikin û paşê jî ji bo çareserkirina wan pirsgirêkan dixebitin.

Dîsa li Elmanya me li gel Hikûmetê fêrgeheke ziman vekiriye û li wir em zimanê Elmanî fêr dikin. Ji xwe bêhtirîn şagirtên me yên li wir jî dîsa Kurdin. Xwediyê dezgehê Zerdeşt Haco ye û li wir em alîkariya entegrasyona biyaniyan dikin.

Her wiha ez li organizasyona Komjin de jî kar dikim û li wir pêwendiya me li gel komeleya jinên Elmanan jî gelek başe û em dixwazin di demên pêş de li Ewrûpa Kongreya Navdewletiya jinên Kurd saz bikin. Birastî di vî warî de jî me dixwest em pêwendiyek li gel komeleyên jinên Kurdistanê re çêbikin lê mixabin heta niha ji ber sedemên hilbijartinê me tû pêwendiyek pêk neaniye.



**Em ji bo pêwendiyê hatin Kurdistanê**

Feryal Haco armanca serdana xwe wiha tîne ziman: Em hatin Kurdistanê da ku em xwe bidin nas kirin û her wiha pêwendiyek çêbikin û bizanîn ka gelo em dikarin li vir li gel hinek rêxistinên alîkariyê karên hevbeş bikin. An jî li vir jî destpê bikin komeleyek bi vî awayî vekin û têkevin li nav malbatan û pirsgirêkên wan yên li xwendingehan û her wiha li nav malbatê de çareser bikin. Wekî sîstem jî ka li vir kêmasî çibin bêne sererast kirin.

Her wiha em çûne zanîngeha Silêmaniyê û karê xwe bi wan da nasîn û pêwendiyeke me yê baş destpêkir. Herwiha me gelek deverên din jî geriyan û hem bi awayeke geştiyar û hem jî bi awayeke lêkolîner gelek deveran geriyan. Me xwest bizanibin gelo ka kêmasî çine û em çawa dikarin wekî rêxistin alîkarî bikin û çareseriyek peyda bikin. Li Silêmaniyê me pêwendiyeke baş pêkanî lê mixabin li Hewlêr me nekarî em tiştek bikin. Her wiha bi mixabinî piştî ku hinek ji koma me vegeriyan Elmanya, paşê derfetek çêbû û me li gel Wezîrê Rewşenbîrî ya herêma Kurdistanê hevdîtinek pêkanî. Ez bawerim dê pêwendiyên me berev pêşve biçin..

**Organizasyona me şaş bû...**

Her çende ev ne yekemîn serdana Feryal Haco ya Kurdistanê jî be, lê em ji axaftina wê têdigihin ku vê carê hesabê malê li gel hesabê bazarê pêknehatiye. Her wiha Haco şaşiyê di organizasyonê de dibîne û dibêje: Me gelek dixwest li gel Wezareta Rewşenbîrî pêwendiyeke baş çêbikin û pêkve vî karî bikin. Lê mixabin ji ber kêmasiyên amadekariya koma me ev yek pêknehat. Berî ku em werîn Kurdistanê me pêwendî bi nûnerên PDK û YNK yê Elmanya kiribû wan soz dabûn ku alîkarî bikin û hevdîtinên me yên li gel dezgehên Hikûmetê amade bikin. Lê mixabin ev yek pêknehat û êdî me jî nezanî em li gel kî dikarin bipeyvin ku alîkariya me bike. Paşê em çûne Konsolxaneya Elmanya ya Hewlêrê, lê mixabin konsol jî çûbû Elmanya.
Lê fermanberên konsolxaneyê gotin we şaşîtî kiriye diviya hê li Elmanya we pêwendî li gel Konsolxaneya me bikira û me jî di vî warî de alîkariya we bikira. Her wiha em vê carê 16 kes hatibûn eve jî şaşiyek bû lê dema ku em carekedin bên emê bi hejmara kêmtir û rêkûpêktir serdana Kurdistanê bikin.

**Ji Berlîn alîkariya Helepçe**

Haco berê jî wekî çalakvaneka civakiya Kurd beşdarî li helmetên alîkarî piştgirîkirinên Kurdên Ewrupa kiriye û li gel wan alîkariya Kurdistanê kiriye. Di vî derbarî de Haco wan salan wiha tîne bîra xwe: Li salên 96- 97 û 98 an de bi navê Evîn Efault û hinek rêxistinên din me alîkariya Kurdistanê kir. Di wan deman de me derman şandibûn ji bo nexweşên kêmderamet. Li Helepçeyê wê demê me sê dermanxane û navendên tendirustiyê vekirin. Niha jî ew cihên me dimînin û vê seferê de me seredana wan deveran jî kir.

Dîsa li wan deman de li gel rêxistina Ronahî ku ji jinên Elman û Kurdan pêkdihat, me ji Elmanya mekîneyên dirutinê şandibûn başûrê Kurdistanê. Da ku jinên vir bikaribin karê dirutinê bikin û bikaribin pê debara xwe dabîn bikin.

**2013 Kongreya Navdewletî ya Enfal û Kîmyabarankirina Helepçe**

Berî ku em werîn herêma Kurdistanê me li gel Serokê Bajarvaniya Foysbell û Fidrithaysa Elmanya jî axivîn. Ji ber ku van her dû bajarvaniyan pêşangehek wêneyî û dokumentî di derbarê kîmyabaran kirina bajarê Helepçe saz kiribûn. Li vê serdanê de em li gel bajarvaniya Helepçe jî axivîn di 25 saliya kîmyabarankirina bajarê (2013) Helepçe de em dixwazin kongreyeke navdewletî û li ser Enfal û kîmyabarankirina Helepçe de saz bikin.

**Ji bo çi navê wê Evîn e?**

Wekî ku destpêkê jî min got li komeleya me gelek ji neteweyên cuda cuda kar dikin. Her wiha malbat jî heman awayî ji gelek neteweyan pêktê. Lê di damezrandina komeleyê de ji ber ku lobiya me Kurda li Elmanya xurt bû me karî em navê wê bi Kurdî deynin û navê wê bikin Evîn. Li wî demî Tirk gelek nerazîbûnê ji bo navê wê nîşandan lê belê di dawiyê de navê Evîn Efault biserket. Serokê rêxistinê jî Riza Baran e û her wiha ew endamê Parlemena Berlîn û Parlemena Ewrupa ye û ew ji Kurdê Bakûre. Her wiha li şeş herêmên cuda cudayên Berlînê leq (şax) ên wê heye.



Feryal Haco li gel Wezîrê Rewşenbiriya Herêma Kurdistanê

ریکلام

# گەلی کوردستان TV
## کەناڵی هەولێر

زنجیرەی دۆبلاژکراوی
کوردی

# فورات

پێشکەش دەکات

بەم زوانە









**بۆ ریکلام کردن لە کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی**
**گەلی کوردستان پەیوەندی بکەن بە 0750 430 4006**

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: **حەمید ئەبوبەکر بەدرخان** (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین: **عەبدولڕەحمان مەعروف** (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا: **کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە.**
  نەخشەساز: **ئاسۆ حەسەن ئەحمەد** (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
- بەشی کۆمپیوتەر: **ئەیوب یوسف ئەبوبەکر**

- راوێژکاری زمانەوانیی: **د.وریا عومەر ئەمین**
- راوێژکاری رووناکبیریی: **د. ئازاد حەمە شەریف**
- راوێژکاری کلتووری: **د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی**
- راوێژکاری مێژوو: **د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور**
- راوێژکاری هونەری: **محەمەد زادە**
- راوێژکاری یاسایی: **پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری**

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +

بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

- سەرپەرشتیاری سایت: **فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا**